# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ســــاڵی سی و یــــەکەم (١٤١٥)- (٢٧)ی ئــایــاری ٢٠٢٤

# شۆڕشی گوڵان

## درێژەپێدان و زیندووکردنەوەی ئیرادەی شۆڕشی ئەیلوول

”

لە بەرەبەیانی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ یەکەم چالاکیی پێشمەرگە لە حاجی ئۆمەران ئەنجام درا، کە تێیدا سەید عەبدوڵڵا بوو بە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان

”

بۆ ڕەواندنەوەی تەمی ئەو نائومێدییە، لەگەڵ ئیدریسی برام چووینە خزمەتی جەنابی بارزانی بە موبارەکەی جەنابیان مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی شۆڕش و خەباتمان وەرگرت



# هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا




١١٦


بۆ گفتوگۆ لەسەر پرسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ڕۆژی ١١ی شوباتی ٢٠١٣، تارق نەجم و جەمال جەعفەر (ابو مهدي المهندس) و مستەفا کازمی سەردانیان کردم و بۆ نانی نیوەڕۆ میوانمان بوون. پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەمەڕ پرسەکان، ئەوان ئامانجی سەردانەکەیان باس کرد، کە پەیوەست بوو بە دەستپێشخەرییەکی ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ نەهێشتنی ئاڵۆزی و گرژییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا. دیار بوو بەر لە هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان چاویان بە محەمەد ڕەزای کوڕی سیستانی کەوتبوو. لە درێژەی قسەکانیاندا ئاماژەیان بەوە دا کە پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا باش بن و، ئەو باشبوونەیان بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و شیعە بگەڕێتەوە باری ئاسایی و بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێت؛ گوتیشیان، مالیکیش ئامادەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان.
منیش لە وەڵامدا پێم گوتن، ئێمە ڕێزێکی بێپایانمان بۆ مەرجەعیەت هەیە و بە گەرمی پێشوازی لە دەستپێشخەری و پێشنیارەکەیان دەکەین. سەبارەت بە مالیکییش هیوادارین ئەو بە کردەوە بیسەلمێنێت و تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا نەمێنێتەوە. ئەوەشم بە میوانەکان گوت کە ئەگەر ئێوە خوازیاری ئاساییبوونەوە و چاکبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و شیعەن، فەرموون حوسێن شەهرستانی لە دۆسیەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دوور بخەنەوە.
دوابەدوای تەواوبوونی کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی ناوبراو، لەگەڵ مستەفا یەعقووبی و ئەحمەد مستەفا سەدریش کۆبوومەوە، کە بە ناوی موقتەدا سەدرەوە هاتبوون. هەردووکیان داوایان کرد پەیوەندی و هەماهەنگییان لەگەڵ پارتی بەهێزتر بێت و بەرەوپێشەوە بچێت. دیار بوو وەک جاران هەڵوێستیان بەرانبەر مالیکی توند بوو.
هەر لە چوارچێوەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقدا بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ڕۆژی ٩ی ئازاری ٢٠١٣، کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لەگەڵ وەزیر و نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کرد، لە کۆبوونەوەکەدا بە وردی گفتوگۆ لەسەر هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ئیئتلافی نیشتمانی کرا، سەبارەت بە پرسی بودجەی هەرێمی کوردستان و هەوڵی تێپەڕاندنی لە پەرلەمان بەبێ کورد[1].
دوای ئەو هەوڵەیان، حزبە ئیسلامییەکانی شیعە بە دوای ڕێگە و دەرفەتێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بە تەواوی ببڕن، یان بە شێوەیەک کەمی بکەنەوە کە هیچ سوودێکی بۆ هەرێمی کوردستان نەبێت.


---

(١) ئەو هەوڵەی شیعەکان بۆ تێپەڕاندنی بودجە بەبێ کورد، بەهۆی ئامادەنەبوونی ڕێژەی یاسایی نوێنەرانەوە سەری نەگرت.

# چاپکراوی نوێ





ئەم هەفتەیە لە گۆشەی چاپکراوی نوێدا، باس لە ناوەڕۆکی دوو کتێبی وەرگێردراوی نووسەر شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی دەکەین، کتێبی یەکەم بە ناوی (هێزی زیرەکی ئاخاوتن) (تونی بوزان) دایناوە، (٢٧٢) لاپەڕەی لەخۆ گرتووە، نووسەر لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە کە زۆرترین فرۆشی هەبووە گەیشتۆتە ملیۆنان دانە، دەچێتە خانەی کۆمەڵناسییەوە، بەسەر(١٠) بەشدا دابەشکراوە، هەر یەکەیان وات لێ دەکات کە شێوازێکی نوێ بدۆزێتەوە تاکو توانستی ئاخاوتنت زیاتر و باشتر بکات، سەرەتا لەو بەشەدا ناوەڕۆکی گشتیی کتێبەکە دەخەینە ڕوو تا بتوانی وێنەیەك یان نەخشەیەکی ڕوونی ئەو شوێنە نوێیەی دەتەوێت بۆی بچیت ئاشکرای بکەیت و زیاتری فێری پێشکەوتن و مێژووی ئەنجامی زیرەکی دەبیت، دەتوانن زۆرێك لە مرۆڤەکان ئەو هۆکارە بدۆزنەوە کە کەمتر هەست بە زیرەکیی خۆیان دەکەن، بەڵام بەشەکانی دیکە تایبەتمەند کراون بە پێشکەشکردنی یەکەم ڕاهێنانی زارەکی کە بۆ دۆزینەوەی وشەی تازە و هەندێ یاریی زیرەکانە یارمەتیت دەدات، هەروەها یەکەم هاندەرت دەبێت.

کتێبی دووەم بە ناوی (هێزی متمانە بەخۆبوون) لە نووسینی ( ئیبراهیم فەقێ ) وەرگێڕانی شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی، ئەم کتێبە دەچێتە خانەی گەشەپێدانی مرۆیی و (٨٥) لاپەڕە و (٨) بەشە، لە پێشەکیدا وەرگێڕ نووسیویەتی لە جیهانێکی هەمیشە گۆڕدراودا کە پڕە لە ململانێ و بەدواداچوون و پێشبڕکێ و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەرەو لووتکە و هێنانەدی ئامانجەکان، سەبارەت بەوەی کۆمەڵگەکان لەگەڵ کاردانەوەی ململانێ و کارەساتی سروشتی و نایەکسانی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەجەنگن، پێویستە لە بابەتی گەشەپێدانی مرۆییشدا کە بەردەوام وەکو چرایەکی پڕ لە هیوا و ئیرادەیەکی بەهێز و پێشکەوتندا داگیرساو بن. فێرە گەشبینیت دەکات، بۆ ئەوەی تا لە ژیاندا ماون کۆڵنەدەن و خۆڕاگر و بە هیوا بن، نووسەر لەم کتێبەدا لەسەر پابەندبوونی بێوچانی تاکەکان و خۆڕاگری و هیوا بوون بە ژیان، هەروەها بەرامبەر بە کەمکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ و پەروەردەکردن و گەشەپێدان و بەردەوامبوون لە هێنانەدی ئاواتەکانیان، وەك بەڵگەیەك نیشانمان دەدات و، لە ڕێگەی چیرۆکی خۆڕاگری و داهێنان و بەسەرهاتەکان ئاشکرایان دەکات.



دەستخۆشی لە وەرگێڕی هەردوو کتێب، نووسەر شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی دەکەین بۆ ئەو دوو بەرهەمە کە کەلێنێکیان لە کتێبخانەی کوردی پڕکردووەتەوە، هیوای بەرهەمی زیاتر و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

ئایدن مەعروف :



سەرۆک بارزانی ڕەمزی پێکەوەژیانە لە عێراق و کوردستان و بەردەوام خەمخۆر و داکۆکیکاری پێکهاتەکان بووە

محەمەد وانی :



حزبایەتیی دوور لە هزری نەتەوەیی زیانی گەورەی بە شوناسی نەتەوەیی کورد گەیاندووە

مامۆستا سەعید عەبدولڕەحمان گولی:



هەموو لایەن و حزب و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان بۆ کورسیی دەسەڵات کار دەکەن، نەک بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە

دکتۆر زائیر فەیلی :



دوورخستنەوەی کوردانی فەیلی و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان تەنیا لەبەر کوردبوونیان بوو




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com


ڕۆژیار خاڵە حەسۆ:

**هونەرمەندە بە ئەزموونەکان لە درامای (هەشت دیوار زۆر هاوکاریی گەنجەکانیان دەکرد**



پرۆفیسۆر دکتۆر حوسێن تۆفیق :

**بەرەو پیشەسازیی خۆراکی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆ هەنگاوی گرنگ بوو**



**کۆمەڵناس و دەروونناسان هۆشداری لە هۆگربوونی منداڵان بە شاشە زیرەکەکان دەدەن**



**کامێرایەکی بچووک لەژێر ئاودا فیلم هەڵدەگرێتەوە**



**سڕبوونی دەستەکان لەکاتی خەودا**



ژیا ئومێد :

**ئەگەر گرنگی بەم یارییە بدرێت کوردستان لە ڕووی یاریزانەوە لە باشترین ئاستدا دەبێت**





# شۆڕشی گوڵان

## درێژەپێدان و زیندووکردنەوەی ئیرادەی شۆڕشی ئەیلوول



وەک کۆپەرنیکۆس، لە کتێبی «شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسماندا» ئاماژەی پێ کردووە، دەکرێت بڵێین: «شۆڕش ئەو ساتەوەختەیە کە زەوی و ئاسمان پێکەوە ئاشت دەبنەوە و هەردوولا بە یاساکانی ئاسمان هەڵدەسووڕێن». یان دەکرێت بڵێین: «شۆڕش خۆشەویستیی نیشتمان و ئاواتی بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەهێزە»، وەک مکیافیلی ئاماژەی پێ کردووە و وەک ڕوبسبیار جەختی لەسەر دەکاتەوە. پلانی شۆڕشی فەرەنسا زۆر بە ڕوونی لە کتێبەکانی مکیافیلیدا نووسراوە. ئەو دەیتوانی زۆر بە سادەیی بنووسێت «ئێمەی فەرەنسییەکانیش نیشتمانەکەمان زۆر لە سەلامەتیی گیانی خۆمان خۆشتر دەوێت»، بەڵام ڕوبیسبار نووسیویەتی «چۆن توانیتان خۆشەویستی شارەکەتان بگەیەننە ئەو ئاستەی زۆر لە سەرووی ئاستی گیانی خۆتانەوە دایبنێن، منیش شارەکەمم زۆر لە گیانی خۆم خۆشتر دەوێت. بەڵام وێڕای ئەم هەموو خاڵە هاوبەشانەی شۆڕش کە بڵێسەکەی بە توندوتیژی دەستپێدەکات، بەڵام توندوتیژی بۆ پێناسەی شۆڕش



بەس نیە، بەڵکو گۆڕانکاری پێناسەی شایستەی شۆڕشە، ئەمەش بەو مانایەی ناتوانین باس لە شۆڕش بکەین، هەتا گۆڕانکاری ڕوو دەدات و، دەبێتە واتەیەک بۆ سەرەتایەکی نوێ. وەک ئەوەی دوای شۆڕشی پیرۆزی بەریتانیا لە ساڵی ١٦٥١ ناویان لێنا «بە پشتیوانی خوا، ئازادیمان بۆ گەڕایەوە».

هانا ئارێنت . کتێبی «لە شۆڕشدا»

● شۆڕش

**دەستپێکردنەوەی لەناکاوی ڕەوتی تازەی مێژوو**

ئیسماعیل بێشکچی، لە کتێبی (٣٣ گوللە) دەڵێت: «ئەو گوللەیەی کە لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشدا دەتەقێنرێت، نەتەوەیەکی چەوساوە دەکوژێت و نەتەوەیەکی ئازاد لە دایك دەبێت». ئەم پەیڤەی بێشکچی لە بیرکردنەوەی هانا ئارینێت ئەو ساتە وەختەیە کە «لە ناکاو ڕەوتێکی تازەی مێژوو دەستپێدەکاتەوە». ئەم پێناسەکردنەوەیە بۆ دەستپێکردنەوەی لەناکاوی ڕەوتی تازەی مێژوو، دەمانباتەوە بۆ شەوی ١٤ی تەمموزی ١٧٨٩ و کاتێك (لویسی ١٦) لەلایەن (لیانکورت)ی پاسەوانیەوە ئاگادار کرایەوە: «قەڵای باستیل دەستی بەسەردا گیرا و بەشێك لە بەندییەکانیش هەڵاتوون، لەمەش زیاتر هێزەکانی پادشایەتی یاخیبوون پێش ئەوەی هێرشی جەماوەریان بگاتەسەر»، لە بەرانبەر ئەم هەواڵەدا لویسی ١٦ لە پاسەوانەکەی پرسیوە: «ئەوە یاخیبوونە؟»، لە وەڵامدا لیانکورت پێی گوتووە: «نەخێر، خاوەن شکۆ، ئەوە یاخیبوون نییە و شۆڕشە». هانا ئاڕێنت، ئەم گفتوگۆیە دەگێڕێتەوە بۆ مانا فەلەکییەکەی «شۆڕش»، هەروەها کۆپەرنیکۆس، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «شۆڕش دەستی پێکرد، هیچ هێزێك خۆی لە بەردەمیدا ڕاناگرێت».

لایەنێکی دیکە کە دەبێتە تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی چەمکی «شۆڕش»، ئەوەیە کە نازانرێت چ کاتێك بڵێسەی شۆڕش هەڵدەگیرسێت. ئەمە ئەگەر لە ڕەوتە مێژووییە جیهانییەکەیەوە سەیری بکەین، ئەو پرسیارە دەورووژێت، ئایا ڕۆژی ١٣ی تەموزی ١٧٨٩ لویسی ١٦ لەوە ئاگادار بووە کە ڕۆژی دواتر (١٤ی تەمموز)، شۆڕشگێرەکان قەڵای باستیل دەگرن؟ یان ئەگەر ئەم پرسیارە بگوازینەوە بۆ سەر ئاستی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ی کوردستان، ئایا ڕژێمی عێراقی لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلوول زانیویەتی ڕۆژی دواتر واتە ١١ی ئەیلوول شۆڕشی کوردستان هەڵدەگیرسێت؟ هەورەها دەکرێت، ئەم پرسیارە بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵانیش بە هەمان شێوە بێت، ئایا ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن ڕۆژی ٢٥ی ئایاری ١٩٧٦ دەیانزانی کە لە ڕۆژی دواتر واتە ٢٦ی ئایار یەکەم فیشەك و یەکەم چالاکیی پێشمەرگانە بە ناوی شۆڕشی گوڵان لەسەر خاکی کوردستان دەست پێدەکاتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جارێکی دیکە دەمانباتەوە بۆ تەفسیرە فەلەکییەکەی «کۆپەرنیکۆس»، کە هانا ئاڕێنت بەوجۆرە تەفسیری کردووە ساتی دەستپێکردنی شۆڕش «ساتی ئاشتبوونەوەی زەوی و ئاسمانە و لەو ساتەدا هەردوولا بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێن، کە ئەویش یاسای ئاسمانە».

ئەگەر ئەم جەمسەرە هزرییە فرە ڕەهەندانەی «شۆڕش»، دووبارە بیانخەینەوە ناو دێڕەکانی بەرگی چوارەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە بە ناونیشانی «شۆڕشی گوڵان»ـە و ئەو پرسیارە بکەین: «ئایا لەم کتێبەشدا چەمکی «شۆڕش» هەموو ئەو جەمسەرە فرە ڕەهەندانەی پێکەوە کۆکردووەتەوە؟ ئەوە لە وەڵامدا سەرۆك مسعود بارزانی کە خۆی نووسەری ئەو مێژووەیە، ئەوا لەسەر دوو ئاستی جیاواز وەڵاممان دەداتەوە:

یەکەمیان: پلان و ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکی شۆڕشی گوڵان. لەم بەشەدا پێمان دەڵێت: «لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نالەبار و مەترسیدارەی (مەبەستی دوای نسکۆی ١٩٧٥ـە) نائومێدی باڵی بەسەر زۆر لادا کێشابوو، بە باشی دەمزانی، ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت، ئیتر کۆتایی بە هەموو خەباتی بنەماڵەکەمان و پارتی دێت. زۆر بیرمان لەوە دەکردەوە، ئاخۆ بۆ ڕەواندنەوەی بێهیوایی دەبێت چی بکەین و چ ڕێگەیەك بگرینە بەر؟ بە ڕوونی بۆم دەرکەوت، کە یەکەم هەنگاو و بڕیار ئەوەیە لەگەڵ کادیران و هەڤاڵان و خەڵکی دڵسۆز هەوڵ بدەین، تەمی نائومێدی بڕەوێنینەوە، بۆیە لەگەڵ ئیدریسی برام بۆ ئەو مەبەستە کەوتینە ڕاوێژ و مشورخواردن، ئیتر هەردووکمان چووینە خزمەتی جەنابی بارزانی و بیر و تێڕوانینەکانمان بۆ شی کردەوە و، بە موبارەکەی جەنابیان مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی خەبات و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دەزگا و پێکهاتە حزبی و سەربازییەکانمان وەرگرت.

**سەرۆک بارزانی زۆر بە دیقەت پێمان دەڵێت: «دوای نائومێدی و بێهوایی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئاداری ١٩٧٥، جارێکی دیکە ئازایەتیی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان لەناکاو ڕەوتێکی تازەی مێژووییان دەستپێکردەوە، کە ئەویش دروستبوونەوەی هیوا و ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدی بوو»**

**دەزگای هەواڵگری سەردەمی شای ئێران (ساواک)، هیندەی دەزگای هەواڵگریی عێراق (موخابەرات) چاودێریی جموجووڵە سیاسییەکانی پارتی لەناو ئێران دەکرد**

**لە دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان و زیادبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، پیلانی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکانی کوردستانیان جێبەجێ کرد، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی بۆشاییەک لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هاووڵاتیان دروست بکەن**

**سەدام حسێن بۆیە ڕێککەوتنی جەزائیری ئیمزا کرد و وازی لە نیوەی شەتولعەرەب هێنا بۆ شای ئێران، ئامانجی ئەوە بوو «دار خورما لەسەر شاخەکانی کوردستان بڕوێت، بەڵام پێشمەرگە دروست نەبێتەوە»**

**نەبوونی تەبایی و یەکریزی لە نێوان حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە وای کرد، کە نەتوانرێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت و، نەتوانرێت سوود لەو هەموو گەنجەی کوردستان وەربگرێت، کە شەڕی عێراق- ئێرانیان ڕەت کردووە و پەنایان بۆ گوندەکانی کوردستان هێنا**

**ئەوەی کە ئاستەنگ بوو لەبەردەم ئەم کاری پێکەوەیی و بەرەییە، لایەنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، کە لەگەڵ تەواوی حزبەکانی ناو بەرەی دیموکراتی نیشتمانی (جود) و بەتایبەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ناکۆك بوو**

کەواتە سەرۆك بارزانی لەم بەشەدا زۆر ڕاستگۆیانە پێمان دەڵێت: «سەرەتای دەستپێك بۆ ئامادەکاری و پلاندانان بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، ساتی ڕاگەیاندنی شۆڕش نییە». دووەمیان: ساتی هەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕشی گوڵان.

لەم بەشەشدا پێمان دەڵێت: «دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و ناردنەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی هەڤاڵ و پێشمەرگە ئازاکان و ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو، بڕیار درا بە کردەیی، بەردەوامی و زیندوویەتی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ڕابگەیەنرێت و لە بەرەبەیانی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ یەکەم چالاکیی پێشمەرگە لە حاجی ئۆمەران ئەنجام درا، کە لەو چالاکییەدا سەید عەبدوڵڵا شەهید بوو . بوو بە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان».

ئەگەر لەم مێژووەی سەرۆك بارزانی سەبارەت بە دەستپێکردن و ساتی هەڵایسانی شۆڕشی گوڵان ئاماژەی پێ کردووە، هەڵوەستە بکەین و گرێی بدەینەوە بە ڕەهەندە هزرییەکانی چەمکی شۆڕشەوە، ئەوا سەرۆك بارزانی زۆر بە دیقەت پێمان دەڵێت: «دوای نائومێدی و بێهوایی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئاداری ١٩٧٥، جارێکی دیکە ئازایەتیی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان لەناکاو ڕەوتێکی تازەی مێژوویان دەستپێکردەوە، کە ئەویش دروستبوونەوەی هیوا و ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدی بوو».

### ● کاریزمای بارزانی
### پەنجەرەی ئومێدی لەناو شەوەزەنگی نەتەوەدا کردەوە

کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ چوونەتە خزمەتی جەنابی مستەفا بارزانی، بۆ ئەوەی مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی لێ وەربگرن، سەرۆك مسعود بارزانی تەمەنی تەنیا ٢٩ ساڵ بووە و ئیدریس بارزانییە هەمیشە لەیاد تەمەنی ٣١ ساڵ بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، دوو لاو لە ناو واقیعێکدا کە دەکرێت پێی بگوترێت «شەوەزەنگی نەتەوە» بیر لەوە دەکەنەوە کە «نابێت بێهیوایی باڵ بە سەر نەتەوەکەماندا بکێشێت و درێژەی هەبێت»، بۆیە دەیانەوێت پەنجەرەیەکی ئومێد لەناو ئەو شەوەزنگە بۆ نەتەوەکەیان بکەنەوە.

بۆ ئەوەی باشتر لە واقیعی «شەوەزەنگی نەتەوە»ی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول تێبگەین، ناچارین بە چەند خاڵێك ئاماژە پێ بکەین:

● دوای ڕێککەوتنە شوومەکەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥، غرووری ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن کە ئەو کات بەناو جێگر بوو، بەڵام لە واقیعدا هەر خۆی سەرۆکی کۆمار بوو، گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە زۆر بە ڕاشکاوانە دەیگوت: «ئەگەر دارخورما لەسەر شاخەکانی کوردستان بڕوێت، جارێکی دیکە لەو شاخانە پێشمەرگە دروست نابێتەوە».

● ڕێککەوتنەکەی نێوان ئێران و عێراق بەو جۆرە داڕێژرابوو، کە ڕژێمی شای ئێرانیش دەبێت پابەند بێت، بەوەی نابێت هیچ جموجوڵێکی سیاسیی لەناو ئەو خەڵکانەدا هەبێت، کە دوای نسکۆ لە ئێران ئاوارە بوون، تەنانەت لە ئامادەکارییەکان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی «سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان»، دەزگای هەواڵگری سەردەمی شای ئێران (ساواك)، هیندەی دەزگای هەواڵگریی عێراق (موخابەرات) چاودێریی جموجوڵە سیاسییەکانی پارتی لەناو ئێران دەکرد.

● ئەو پێشمەرگە و کادیر و سەرکردانەی گەڕابوونەوە بۆ عێراق بە ئومێدی ئەوەی بتوانن لەناو کوردستاندا دووبارە خۆیان ڕێك بخەنەوە، هەموویان بەبێ جیاوازی ڕاگوێزران بۆ پارێزگاکانی باشووری عێراق کە بەگشتی بریتی بوون لە (دیوانیە، ناسریە، سەماوە، بەسرا) و، وەك دەستبەسەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و ڕێگەیان پێ نەدەدرا لە سنووری ئەو شارەی لێی نیشتەجێ کراون، بترازن، یان سەردانی هیچ شارێکی دیکە بکەن، ئەمەش دابڕانێکی گەورەی لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و کادیرە پێشکەوتووەکانی ناوخۆ دروست کردبوو.

● لەسەر ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کە دوای نسکۆ پێی نابووە

قۆناغێکی زۆر جیاواز لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، هێندەی ئاراستەی بزووتنەوەکە بەرەو پەرتەوازەیی و دژایەتیکردنی یەکتری هەنگاوی هەڵگرت، هێندە بەرەو یەکگرتن و خەباتی بەرەیی لە نێوان ئەو لایەنە جیاوازانە هەنگاوی هەڵنەگرت، ئەمەش زەمینەیەکی ئەوتۆی دروست کرد، کە جۆرێك لە پاشاگەردانی و لێکتێنەگەیشتنی سیاسی هاتە ئاراوە و هەنگاوی بۆ شەڕی ناوخۆ هەڵگرت.

● لە دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان و زیادبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، پیلانی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکانی کوردستانیان جێبەجێ کرد، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی بۆشاییەك لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هاووڵاتیان دروست بکەن، کە ئەم بۆشاییەی ناو لێ نرابوو «زەوی قەدەغەکراو - الاراضي المحرمة» و هەر کەسێك لەو شوێنانە بگیرایە، ڕاستەوخۆ لە سێدارە دەدرا.

لەناو ئەم ژینگە سیاسییە پاشاگەردانی و پڕ پیلان و مەترسیدارەدا، سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانیی هەمیشە لە یاد، کارەکانیان لە نێو خۆیان دابەش کردبوو. ئیدریس بارزانی سەرپەرشتیی ئاوارەکانی دەکرد، بەوەی ئاگاداری بژێوییان بێت و کادیر و پێشمەرگەکان ئامادە بکات، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شۆڕش لەسەر خاکی کوردستان. سەرۆك مسعود بارزانی هەم سەرپەرشتیی پرۆسە سەربازییەکانی شۆڕشی لەسەر ئاستی ناوخۆ دەکرد و هەم لەسەر ئاستی دەرەوەش هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بوون، کە جارێکی دیکە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ شۆڕش پتەو بکاتەوە.

ئەم هەوڵانەی سەرۆك بارزانی، جارێکی دیکە ڕژێمی بەعس و سەدام حسێنی شێتگیرتر کرد. سەدام حوسێن بۆیە ڕێککەوتنی جەزائیری ئیمزا کرد و وازی لە نیوەی شەتولعەرەب هێنا بۆ شای ئێران، ئامانجی ئەوە بوو «دار خورما لەسەر شاخەکانی کوردستان بڕوێت، بەڵام پێشمەرگە دروست نەبێتەوە»، بەڵام دەیانبینی سەرۆك مسعود بارزانی هەر ڕۆژەو لە پایتەختێکی ئەورووپایە و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بۆ شۆڕش دروست دەکاتەوە، بۆیە دەزگای موخابەراتی عێراق بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەدام حوسێن پیلانی ئەوەیان دارشت کە لە ساڵی ١٩٧٩ سەرۆك بارزانی تیرۆر بکەن. ئەوەی لێرەدا جێگەی ئەوەیە کە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە ئایا بۆچی سەدام حوسێن بیری لە تیرۆرکردنی سەرۆك بارزانی کردەوە؟»، وەڵامی ئەم پرسیارە لە یادەوەریی بەشێك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەردەگرینەوە، بۆ نموونە عارف تەیفوور لە یادەوەرییەکانی نووسیویەتی: «دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئێمە وەك بەشێك لە کادیرە لاوەکانی ئەو سەردەمە باسمان لە دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕش دەکرد، بەڵام سەرکردە بەتەمەنەکانی ناو پارتی، ڕێنمایی ئەوەیان پێ دەداین، کە بە بێ کاك مسعود بارزانی و کاك ئیدریس بارزانی هیچتان پێ ناکرێت و، ئەگەر دەتانەوێت شتێك بکەن، دەبێت لە دەوری ئەوان کۆببنەوە و شۆڕش بەبێ کوڕی مەلا مستەفا ناکرێت». ئەوجا ئەگەر لەم یادەوەرییانەوە بێینەوە بۆ ناو تێگەیشتنی ئەو کاتی حزبی بەعس و سەدام حوسێن، حەتمەن دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە حزبی بەعس و سەدام حوسێن بە ڕێگەی دەزگای هەواڵگریی خۆیان ئەو زانیارییانەیان دەست کەوتووە کە شۆڕش واتە مستەفا بارزانی و دوای ئەویش واتە سەرۆك بارزانی و ئیدریس بارزانی، بۆیە بیریان لەوە کردووەتەوە کە بە پلانێکی موخابەراتی لەناو جەرگەی ئەورووپا (نەمسا) تیرۆری بکەن.

**● شەڕی عێراق – ئێران**
**دەستپێکی هەڵمەتەکانی ئەنفال و کیمیاباران**

ڕووخانی ڕژێمی شا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، وەرچەرخانێکی گەورەی لەسەر ئاستی ناوچەکە و تا ڕاددەیەك لە جیهانیش بە دوای خۆیدا هێنا، کە بۆ یەکەمین جار بوو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کۆمارێك بە ناوی کۆماری ئیسلامی دابمەزرێت، هەروەها بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش هەم کۆستکەوتن و هەم گۆڕانکاری گەورەی

**پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک لایەنی سەرەکی لەناو بەرەی «جود»، ئاراستەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی گۆڕی بۆ فراوانکردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دژی ڕژێمی بەعس**

**کە ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، هەستیان کرد، بەرەی چالاکییەکانی پێشمەرگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت، لەلایەک هەوڵیان دا، دەرگای وتووێژ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵیان دا، ئەو بارزانییە سڤیلانەی کە ڕاگوێزرابوون بۆ قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر، ئەنفال بکەن، کە ٨٠٠٠ پیاوی بارزانی برانە بیابانەکانی باشووری عێراق و بە زیندوویی خرانە ژێر خاکەوە**

**لە دوای گەڕانەوەی یەکێتی نیشتمانی بۆ شاخ، هەڵمەتەکانی ڕژێمی بەعس بۆ ڕاگواستنی گوندەکان و زەوی قەدەغەکراو «الاراضي المحرمة» زۆر فراوان کرا و تەنانەت لە دەرەوەی ناو شارەکانی کوردستان هەر کەسێک بگیرایە، وەک پێشمەرگە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد و لە سێدارە دەدرا**



**کاریزمای سەرۆک بارزانی توانی شێوازێکی تازەی کاری پێکەوەیی و بەرەیی بێنێتە ئاراوە و بەسەرکەوتوویی بەرەی کوردستانی ڕابگەیەنرێت**

بەسەردا هات، بەتایبەتی کە لە یەکی ئاداری ئەو ساڵە جەنابی مستەفا بارزانی کۆچی کرد.

لەناو ئەم گۆڕانکارییە گەورە چاوەڕوان نەکراوەدا، سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا، خۆی ڕێك بخاتەوە و کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان گرێ بدات، ئەمەش بۆ ئەوە بوو، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی ڕێك بخاتەوە، هەمیش میکانیزمێك بۆ کاری پێکەوەیی و بەرەیی لە نێوان حزبە کوردستانی و عێراقییەکان فەراهەم بکرێت، کە لەو کاتەدا حزبی شیوعی عێراقیش هاتبووە شاخ و لەگەڵ حزبی بەعس هاوپەیمانییەکەیان هەڵوەشاندبووەوە.

ئەم ئامادەکارییانە تەواو جێگەی خۆی نەگرتبوو، کە لە ئەیلوولی ١٩٨٠ بە فەرمی شەڕی عێراق- ئێران ڕاگەیەندرا، ئەم شەڕەش دیسان ڕووداو و وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەلام نەبوونی تەبایی و یەکڕیزی لە نێوان حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە وای کرد، کە نەتوانرێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت و، نەتوانرێت سوود لەو هەموو گەنجەی کوردستان وەربگرێت، کە شەڕی عێراق- ئێرانیان ڕەت کردەوە و پەنایان بۆ گوندەکانی کوردستان هێنا. بەلام وێڕای ئەو هەموو ئاستەنگە و نەبوونی تەبایی و لێکتێگەیشتن لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا، سەرۆك بارزانی بە هاریکاری ئیدریس بارزانی هەنگاوی زۆر گرنگ و بوێرانەیان بۆ کاری پێکەوەیی و بەرەیی هەڵگرت و، توانرا لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و ئاشتبوونەوە دروست بکرێت و تەناتەت بەرەی دیموکراتی نیشتمانی «جود»یش ڕاگەیەندرا، بەلام ئەوەی کە ئاستەنگ بوو لەبەردەم ئەم کاری پێکەوەیی و بەرەییە، لایەنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کە لەگەڵ تەواوی حزبەکانی ناو بەرەی



دیموکراتی نیشتمانی (جود) و بەتایبەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ناکۆک بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك لایەنی سەرەکی لەناو بەرەی «جود»، ئاراستەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی گۆڕی بۆ فراوانکردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دژی ڕژێمی بەعس، کە ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، هەستیان کرد، بەرەی چالاکییەکانی پێشمەرگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت، لەلایەك هەوڵیان دا، دەرگای وتووێژ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵیان دا، ئەو بارزانییە سڤڵیانەی کە ڕاگوێزرابوون بۆ قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر، ئەنفال بکەن، کە ٨٠٠٠ پیاوی بارزانی برانە بیابانەکانی باشووری عێراق و بە زیندوویی خرانە ژێر خاکەوە.

ماوەی ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٥، قۆناغێکی سەخت و مەترسیدار بوو بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، جارێکی دیکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکیان کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نوێنەرایەتی دەکرد، لە وتووێژدا بوون لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەدام، حزبەکانی دیکەی ناو بەرەی جودیش (پارتی، سۆشیالیست، پاسۆك، حزبی شیوعی) لە شاخ بوون و درێژەیان بە خەباتی چەکداری دەدا. ئەم کەرتبوونە لە لایەن ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێنەوە سوودێکی گەورەی لێ وەرگیرا، جیا لەوەی نائومێدی لەناو دڵی خەڵکی کوردستان دروست کردەوە، لە هەمان کاتدا داواکارییەکانی یەکێتیی نیشتمانیشی ڕەت کردەوە، بۆیە بە ناچاری و لە ژێر گوشاری جەماوەرەکەیدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ جارێکی دیکە شەڕی لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەستپێکردەوە.

لە دوای گەڕانەوەی یەکێتیی نیشتمانی

**(مێژووی بەرەی کوردستانی) وانەیەکی مەزنی بۆ ئەو کات و ئێستا و ئایندەش فێر کردین، بەوەی کە ڕۆژگارەکان چەند سەخت بن، بەڵام ئەگەر یەکگرتوو و تەبا بین، ئەو ئیرادەیە دروست دەبێتەوە کە هیچ کەسێک خۆی لەبەردا ناگرێت»**

**جەنابی مستەفا بارزانی کە هەموو کات تەحەددای زاڵمی کردووە و زوڵمی ڕەت کردووتەوە، یەک ڕاسپاردەی بۆ نەتەوەکەی هەبووە، کە ئەویش ئەوەیە «یەکڕیزی و تەبایی و یەکگرتوویی کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانمانە»**

بۆ شاخ، هەڵمەتەکانی ڕژێمی بەعس بۆ ڕاگواستنی گوندەکان و زەوی قەدەغەکراو «الاراضي المحرمة» زۆر فراوان کرا و تەنانەت لە دەرەوەی ناو شارەکانی کوردستان هەر کەسێك بگیرایە، وەك پێشمەرگە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد و لە سێدارە دەدرا. ئەم بارودۆخە قورس و سەختە پێویستی بەوە بوو، کە هەموو لایەنەکان لاپەڕەکانی ڕابردوو پشتگوێ بخەن و لاپەڕەیەکی تازەی کاری پێکەوەیی و بەرەیی هەڵبدەنەوە، ئەم هەوڵانە بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٨٦ دەستیان پێکرد و توانرا لە مانگەکانی کۆتایی ئەو ساڵەدا ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕابگەیەنرێت، بەڵام بەداخەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ ئیدریس بارزانی بە جەستەماڵئاوایی لێکردین و، ئەرکە قورسەکە هەر هەمووی کەوتە سەرشانی سەرۆك بارزانی، کە هێشتا بەرەی کوردستانی بە فەرمی ڕانەگەیەندرابوو، بەڵام ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی زەمینەی بۆ کاری پێکەوەیی و بەرەی فەراهەم کردبوو.

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ـەوە سەرەتاکانی ئەوە دەرکەوتبوو کە شەڕەکە بە بەرژەوەندی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن کۆتایی دێت، بەتایبەتی کە شەڕەکە گەیشتبووە قۆناغی شەڕی شارەکان و لێدانی خەڵکی سڤیل بە ڕۆکێت و تۆپ، لەم شەڕەشدا توانای ئاسمانی و ڕۆکێتی ڕژێمی بەعس و سەدام زۆر باڵادەست بوو، بەسەر توانای تۆپەکانی ئێراندا.

ئاراستەی لێکتێگەیشتن و هەیکەلەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی هەر لەساڵی ١٩٨٧ـەوە بەو شێوەیە سەرەتاکانی دەرکەوت، کە سەرۆك مسعود بارزانی لە ناوخۆی کوردستان سەرپەرشتیی بەرەی کوردستانی بکات و خوالێخۆشبوو مام جەلالیش لەسەر ئاستی دەرەوە نوێنەرایەتیی بەرەی کوردستانی بکات، لەناو ئەم بارودۆخە سەختەدا کە دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ کیمابارانکردنی هەڵەبجە و هەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفال لە گەرمیان تا بادینان دەستی پێکرد، کاریزمای سەرۆك بارزانی توانی شێوازێکی تازەی کاری پێکەوەیی و بەرەیی بێنێتە ئاراوە و بەسەرکەوتوویی بەرەی کوردستانی ڕابگەیەنرێت، دوای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی، سەرۆك بارزانی بۆ یەك ڕۆژ کوردستانی بەجێ نەهێشت و، توانرا بە هاوکاریی هەموو حزبەکان زەمینە بۆ ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ خۆش بکرێت و، بەرەی کوردستانییش سەرکردایەتیی ئەو ڕاپەرینە بکات، کە پاشان کۆڕەوی ملیۆنی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم مێژووەش (مێژووی بەرەی کوردستانی) وانەیەکی مەزنی بۆ ئەو کات و ئێستا و ئایندەش فێر کردین، بەوەی کە ڕۆژگارەکان چەند سەخت بن، بەڵام ئەگەر یەکگرتوو و تەبا بین، ئەو ئیرادەیە دروست دەبێتەوە کە هیچ کەسێك خۆی لەبەردا ناگرێت».

### ● پەند و وانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بۆ ئێستا و داهاتوومان

**بە گەیشتن بەم قەناعەتە کە دوژمنی بەرانبەرمان دوژمنی هەموومانە، نەتەوە یەک دەگرێت و پەرتەوازەیی کۆتایی دێت**

کەی دەتوانین وەك ماکسیملیان ڕۆبیسبار ئەو پرسیارە بکەین: «چۆن توانیتان خۆشەویستیی نیشتمانەکەتان بگەیەننە ئەو ئاستەی کە زۆر لە سەرووی گیانی خۆتانی دابنن، منیش نیشتمانەکەمم لە گیانی خۆم خۆشتر دەوێت». جان جاك ڕۆسۆ، ئەم پرسیارەمان بەو شێوەیە بۆ تەفسیر دەکات کە «دوژمنی ئەم نیشتمانە هەمووومان بە یەك چاو سەیر دەکات و جیاوازیمان ناکات، بۆیە ئێمەش بۆ ئەوەی ئەم نیشتمانە بپارێزین، دەبێت وەك دوژمنی هەمووومان بە یەك چاو سەیری بکەین و، بە گەیشتن بەم قەناعەتە کە دوژمنی بەرانبەرمان دوژمنی هەمووومانە، نەتەوە یەك دەگرێت و پەرتەوازەیی کۆتایی دێت.

**گەورەترین وانە کە بیرمەندانی دژی پەرتەوازەیی و ئاشقانی دەوڵەتی نەتەوەیی فێرمان دەکەن، ئەوەیە پەرتەوازەیی و پاشاگەردانی ئیرادەی نەتەوە لەبەر یەک هەڵدەوشێنێت و ئاستی نەتەوە لەچاو نەتەوەکانی دیکە دێنێتە خوارەوە**

گەورەترین وانە کە بیرمەندانی دژی پەرتەوازەیی و ئاشقانی دەوڵەتی نەتەوەیی فێرمان دەکەن، ئەوەیە پەرتەوازەیی و پاشاگەردانی ئیرادەی نەتەوە لەبەر یەك هەڵدەوشێنێت و ئاستی نەتەوە لەچاو نەتەوەکانی دیکە دێنێتە خوارەوە و، وەك نەتەوەیەکی لاواز و بێ ئیرادە دێتە بەرچاو، بۆیە لەم حاڵەتەدا کاتێك فردریك نیچە، پەرتەوازەیی و پاشاگەردانی لەناو گەلی ئەڵمانیا دەبینێت و هەست دەکات، گەلی ئەڵمانیا لاهوتیان لە نەتەوەکەیان خۆشتر دەوێت، لەگەڵ لاهوت دێتە شەڕ و کتێبی «دژی لاهوت»



دەنووسێت. هەروەها کاتێك مکیافیلی دەبینێت، گەلی فەرەنسا و بەریتانیا خاوەنی دەوڵەتی بەهێزن و گەلی ئیتالیا پەرتەوازە و خاوەنی دەوڵەتەشارن، هەست بە کەمی دەکات و هەست دەکات، ئەم بێ ئیرادەییە سووکایەتییە بۆ گەلی ئیتالیا، بۆیە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت بە چەمێکی تازە پێناسەی گەلی ئیتالیا بکرێت کە ئەویش «یاخیبوون - Rebellion»ـە لەو واقیعە و دەبێت ئەو واقیعە ڕەت بکرێتەوە و «شۆڕش - Revolt» جێگەی بگرێتەوە.

لە ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیشدا، جەنابی مستەفا بارزانی کە هەموو کات تەحەددای زاڵمی کردووە و زوڵمی ڕەت کردووتەوە، یەك ڕاسپاردەی بۆ نەتەوەکەی هەبووە، کە ئەویش ئەوەیە «یەکڕیزی و تەبایی و یەکگرتوویی کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانمانە» و لەسەر زاری خانی پێمان دەڵێت:

گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك
ڕۆم و عەرب و عەجم تەمامی
ڤێکرا ژ مەرا دکر خولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دکر مە علیم و حیکمەت



**ئایدن مەعروف**

**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# سەرۆک بارزانی ڕەمزی پێکەوەژیانە لە عێراق و کوردستان و بەردەوام خەمخۆر و داکۆکیکاری پێکهاتەکان بووە

**بەهۆی چەندین خاڵی ناکۆکی و ململانێی سیاسی لە ناو پەرلەمانی کوردستان، گەیشتە ئەو حاڵەتەی حزبێکی وەکو یەکێتی دەستتێوەردان لە کاروباری پێهکاتەکانی کوردستان بکات، ئەمەش لە ڕێگەی سکاڵا و بڕیاری دادگای فیدراڵییەوە کە کورسیی کۆتاکانی هەڵوەشاندەوە، بەڵام ئێستا بە هۆی تۆمارکردنی تانە و سکاڵایەکی ڕێزدار مسرور بارزانی لە دادگای فیدراڵی، بڕیار دراوە لە چوارچێوەی ١٠٠ کورسیی پەرلەمانی کوردستاندا پێنج کورسی بۆ پێکهاتەکان بێت و دابەشی سەر پارێزگاکانی هەرێم بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین پێکهاتەکان بەو پێنج کورسییە و دابەشکردنەکە ڕازین، یان نا، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** بۆچی کورسیی کۆتاکان بووە خاڵی ناکۆکی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، وەك کەسێکی تورکمان و سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە کوردستان، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ ئەو هۆکارانە چی بوون کە لایەنێکی سیاسیی کوردی دژی کورسیی کۆتاکان پرسەکەی بردە دادگای فیدراڵیی عێراق؟ ئایا ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی تا چەند مەترسی لەسەر پێکەوەژیان لە کوردستان دروست دەکات؟**

- هەر چەندە وەکو هەموو لایەك دەزانین کورسیی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بە یاسا ڕێك خراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو مێژووە دوور و درێژەی کە نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان لە کوردستان لەگەڵ یەکتر هەمانە، لەلایەکی دیکەوە کورسیی کۆتاکان بووە هۆکارێك لەو هۆکارانەی کە وای کرد، پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان بەو جۆرەی هەیە، بەرەوپێشەوە بچێت و ببێتە جوانییەکی درەوشاوە و جێگەی سەرنجی ناوچەکە و هەموو دنیاش، بەڵام بەداخەوە هەر لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە کورسیی کۆتا لەناو پەرلەماندا لە لایەن هەندێ حزبی کوردستانی کرایە ململانێ سیاسی، سەرەڕای ئەمەش لە لایەن ئەو حزبە سیاسییانەوە دەستتێوەردان لە کورسیی کۆتاکان کرا، بێگومان زیاتریش ئەو خاڵە بە مەبەستی ئەوەیان بوو کە هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت، ئەگینا لە ئێستادا بوونی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و بەشداری و هاوبەشییان لە دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان، لە ئاستێکی باش و نموونەییدایە، ئەمەش وای کردووە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە هەولێری پایتەختدا زۆر توندوتۆڵ و باش بێت، پاشان گەیشتە ئەو ئاستەی بە تانە و سکاڵاتۆمارکردن لەلایەن فراکسیۆنێکی پەرلەمانی کوردستان لە دادگای فیدراڵی، بگەینە ئەو ئاست و کێشە و گرفتە کە دادگای فیدراڵی بە بڕیارێك کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان نەهێڵێت، کە ئەم بڕیارەش بەپێی دەستووری عێراقی و بوونی پێکهاتەکان لە عێراق و لە کوردستانیش نائاسایی و نایاسایی بوو، لە لایەکی دیکەوە باوەڕ ناکەم نەمانی کورسیی کۆتا هیچ کاتێك لە قازانجی هیچ لایەن و حزبێکی کوردستانیدا بێت، بەڵکو نەمانی کورسیی کۆتا کاریگەریی خراپ و مەترسیدار دروست دەکات لەسەر ئەو پێکەوەژیانە جوان و سەرکەوتووەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەو کارەی لەلایەن ئەو حزبە سیاسییەی کوردستان دەربارەی کورسیی کۆتا کراوە، دەستتێوەردانێکی گەورەی سیاسی بوو، مەبەستەکەشی تەنیا سیاسییە و ئێمە لە دژی ئەو دەستتێوەردانە دەوەستینەوە و قبووڵیشی ناکەین، چونکە ئەو دەستتێوەردانە سیاسییە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە، لەبەر ئەوەش زیاتر لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمدا بە شەخسی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گرنگی و تایبەتمەندییەکی یەکجار گەورە و زۆری بە بەشداری و هاوبەشیی هەموو پێهکاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان داوە، لە هەموو دامەزراوە

**سکاڵاکەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەلماندی کە زۆر بەتەنگ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستانەوەیە**

**پێشتریش لەلایەن تورکیاوە قسە و گفتوگۆ لەسەر کورسیی کۆتا و بەشداریی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان کراوە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی بەو کار و پڕۆژانەی لەسەر دەستی جێبەجێ کراون، ڕەمزی پێکەوەژیانە لە عێراق و کوردستانیشدا، بەتایبەتی هەڵوێستەکانی لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵدا.**

**بەڕاستی سەرۆک مسعود بارزانی باوک و مەرجەعی هەموو گەلی کوردستانە و دەبێت ڕەوشت و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی جەنابیان بە زێڕ لە مێژوودا بنووسرێتەوە**

**هەڵویستی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەتیش هەڵویستی جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر مرۆڤانە و نیشتمانی و دڵسۆزانە بوو بۆ کوردستان و بۆ ئێمە وەکو پێهکاتەکان**

**ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئەوە بەپێی وجود و ڕێژە و ژمارەی پێهکاتەکانە لە هەرێمی کوردستان، نەک ئەو دابەشکردنە ناواقیعییەی ئێستا بۆ پێنج کورسی کراوە**

و جومگەکانی حکومەت و دەسەڵاتدا بەشداریی پێ کردوون، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکەوەژیانەوە بچێتە قۆناغێکی زیاتر بەرجەستەبوون و پێگەیشتوو، ئێستاکەش دەبینین کە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان لەو هەرێمەدا چەند بەهێز و باش بووە، کە ئەمەش لە هەوڵ و دڵسۆزیی ڕێزدار سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستانەوە دەیبینین.

*** دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، کورسیی کۆتاکان ڕەت کراونەتەوە، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم دواییانە سکاڵایەکی لە دادگای فیدراڵی بۆ گەڕانەوەی کورسیی کۆتاکان و دادپەروەری لە دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەسەر پارێزگاکانی کوردستاندا تۆمار کرد، لە وەڵامی ئەو سکاڵایە ڕۆژی ٢٠٢٤/٥/٢١ دادگای فیدراڵی بڕیاری دا لەو سەد کورسییەی بۆ پەرلەمانی کوردستان هەیە، پێنج لە کورسییەکان بۆ پێکهاتەکان بێت و پێنج کورسییەکەش دابەشی سەر پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك بکرێت، ئایا ئێوە وەك تورکمان و کلد و ئاشووری و سریان و ئەرمەن، تا چەند بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی ڕازین و هەوڵ و تانەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن و، لەمەودوا هەوڵەکانتان چی دەبێت، بۆ ئەوەی کورسیی کۆتاکان بە تەواوی بگەڕێنەوە؟**

- ئێمە وەکو پێکهاتەکان لەم بارەیەوە پێشەکی زۆر سوپاسی جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە هەموو کاتێك پشتیوانی ئێمە بووە، بەڵام ئەو پشتیوانییەی ئەم جارەی کە زۆر بە جددی و بە توندی لەسەر کورسیی کۆتای پێکهاتەکان هاتە وەڵام، لە دواجاردا دیتمان بە پراکتیکی لە دادگای فیدراڵی سکاڵایەکی تۆمار کرد، کە مەبەستی زیاتری بۆ گێڕانەوەی ئەو (١١) کورسییەی کۆتاکان بوو، لەگەڵ دابەشکردنی کورسیی پەرلەمانی لەسەر بنەمای جوگرافیا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمەش دەستپێشخەرییەکی زۆر گرنگ و دڵسۆزانە بوو، چ بۆ ئێمە وەکو پێکهاتەکان، چ بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ دەستنیشاکردن و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە وەکو پێکهاتەکان ئەو داواکاری و دەستپێشخەرییەی جەنابی مسرور بارزانی بە هەوڵێکی جددی و گەورە بۆ گێڕانەوەی سیستمی کۆتا بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەزانین. ئەگەرچی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەسەر ئەو سکاڵایەوە لە جێگەی خۆیدا نەبوو، بەوەی کە لە چوارچێوەی (١٠٠) کورسیی پەرلەماندا تەنیا (٥) کورسی بۆ کۆتاکان بگەڕێتەوە و دابەشی سەر سێ پارێزگایان کردووە، کە ئەمەش نادادپەروەرییەکی دیکەیە، چۆن دەبێت کە نفووسی پێکهاتەیەکی وەکو ئێمە کە نەتەوەی تورکمانین، بەشی هەرە زۆری لە هەولێرە یەك کورسیی بۆ دابنرێت و لە سلێمانیش ئەگەر (کفری)شی لەگەڵ بێت هەر یەك کورسی بێت؟ ئەمە زۆر نارەوا و دوور لە واقیع و دادپەروەرییە، بۆیە ئێمە بەو پێنج کورسییەی کۆتا ڕازی نین و ڕەتی دەکەینەوە و لەگەڵ ئەو دابەشکردنە جوگرافییایەشدا نین کە زۆر دوورە لە سرووشتی پێکهاتەکان، بەڵکو ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەر(١١) کورسییەکە وەکو سیستمی پێشوو بگەڕێتەوە بۆ کۆتاکانی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە ئێمە هەموو کات و لە ئێستاشدا داواکارین کە پێکهاتەکان و کورسیی کۆتاکان بە یەك بازنە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و دابەشی بازنەی جیاجیا و جوگرافیایی نەکرێن، چونکە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئەوە بەپێی وجود و ڕێژە و ژمارەی پێهکاتەکانە لە هەرێمی کوردستان، نەك ئەو دابەشکردنە ناواقیعییەی ئێستا بۆ پێنج کورسی کراوە. بۆیە تەئکید و دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە وەکو پێکهاتەکان دژین و قبووڵی ئەو پێنج کورسییە و دابەشکردنە ناکەین، کە ئێستا کراوە، چونکە کەمکردنەوەی ئەو پێنج کورسییە لە ژمارە و جوودی پێهکاتەکانی کوردستانە، لە لایەکی دیکەوە ئەو دابەشکردنەی کورسیی کۆتاکان بەو شێوە جوگرافیاییە نەك لە لای ئێمەوە، بەڵکو هەموو خەڵکی کوردستان و دنیاش دەزانێت هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، چونکە بەپێی واقیعی بوونی پێکهاتەکان لەو شوێنەی هەن و دەژین، دابەش نەکراوە .

*** لە ناو تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی توندیان لەسەر ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان وەرگرت و، ڕایانگەیاند ئەگەر کورسیی کۆتاکان نەمێنن، ئەوا پارتییش بەشداریی هەڵبژاردنەکان ناکات و بایکۆتی دەکات، ئایا ئێوە وەك تورکمان چۆن سەیری ئەم هەڵوێست و پشتگیرییەی سەرۆك بارزانی دەکەن؟**

- هەڵویستی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەتیش هەڵویستی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر مرۆڤانە و نیشتمانی و دڵسۆزانە بوو بۆ کوردستان و بۆ ئێمە وەکو پێهکاتەکان، دەبێت ئێمە شاهێدی بۆ ئەو ڕۆڵ و مێژووش بدەین، جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو کاریزمای خۆی و مەرجەعی گەلی کوردستان، نەك تەنیا لەو بارودۆخەدا، بەڵکو لە هەموو بابەت و کات و بارودۆخێکدا پشتگیر و داکۆکیکارێکی دڵسۆز و سەرسەختی ئێمەی پێکهاتەکان بووە و، لە خۆمان زیاتر خەمخۆری بەدیهێنانی ماف و بەرژەوەندییەکانمانە و، ئەوەی لەسەر کورسیی کۆتا لە لایەن جەنابیانەوە کراوە، لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی سەر ئەو زەوییەدا ڕووی نەداوە، کە هەڵبژاردنی قبووڵ نەکردبێت، بێ ئێمە، ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆست و کاریزمایە لە ڕووی هەموو دنیا ڕایگەیاند، هەڵبژاردن ناکرێت بەبێ بەشداریی کۆتاکان، هەروەها نموونەیەکی زۆر واقیعی و گرنگ هەیە و پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان و دنیا بزانن، ئەویش ئەوەیە کە، لەو کاتەی پرسەی خوشکی بەڕێزیان بوو (خودا لێی خۆش بێت) ئێمە چووینە پرسەکەی، جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر بە پەرۆشەوە بە کاتێکی باشی زانی لە پرسەکەدا هەستا هات لەگەڵ ئێمە وەکو پێهکاتەکان کۆبووەوە و، دڵنیایی و متمانەیەکی زۆر گەورەی بە ئێمە دا، کە هیچ شتێك لە هەرێمی کوردستان ناکرێت، بەبێ هاوبەشیی پێهکاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان، لەو کاتەدا زیاتر بۆمان دەرکەوت کە ئەو شەخسیەتە لە سەرتاپای دنیادا نموونەی کەم و بێ وێنەیە و پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان دوعای تەمەندرێژی و تەندروستی بۆ بکەین، بەڕاستی سەرۆك مسعود بارزانی باوك و مەرجەعی هەموو گەلی کوردستانە و دەبێت ڕەوشت و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی جەنابیان بە زێڕ لە مێژوودا بنووسرێتەوە. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە جەنابی سەرۆك بارزانی بەو کار و پڕۆژانەی لەسەر دەستی جێبەجێ کراون، ڕەمزی پێکەوەژیانە لە عێراق و کوردستانیشدا، بەتایبەتی هەڵوێستەکانی لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵدا.

*** لە دوای ١٣ ساڵ جارێکی دیکە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی بەغدا و هەولێری کرد، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە کە سەرۆك کۆماری تورکیا مەبەستی ئەوەیە کە پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەبێت. ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم سەردانەی سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەردانەکەی فەخامەتی بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ عێراق و بەتایبەتی بۆ هەولێری پایتەختی کوردستان زۆر گرنگ بوو، سەردانەکەی بۆ هەولێر تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، چونکە من لە مەراسیمەکەدا بەشدار بووم و بینیم پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان هەولێر و ئەنقەرەدا هەیە، ئەو پەیوەندییەش دۆستایەتی و برایەتییە، لەلایەکی دیکەوە ئەو سەردانە پاڵپشتییەکی گەورە بوو بۆ هەولێر لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە هەولێر بۆ تورکیا زۆر پێویست و گرنگە، هاوکات سەردانەکە ئەوەشی تێدا بوو کە ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ بەغدا کراون، هەرێمی کوردستان تێیدا بەشدارە و بەشی هەولێریشیان تێدایە.

*** ئایا پرسی نەمانی کۆتای تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان جێگەی بایەخی سەرۆك کۆماری تورکیا بوو؟ هێندەی ئاگادارن، ئایا ئەم پرسەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقی باس کردووە؟**

- بە تەئکید نەك تەنیا لەو سەردانەدا، بەڵکو پێشتریش لەلایەن تورکیاوە قسە و گفتوگۆ لەسەر کورسیی کۆتا و بەشداریی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان کراوە، لەم سەردانەشدا دووبارە چ لە بەغدا چ لە هەولێر، ئەو بابەتە لە ١٠٠٪ باس کراوە.

**ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گرنگی و تایبەتمەندییەکی یەکجار گەورە و زۆری بە بەشداری و هاوبەشیی هەموو پێهکاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان داوە**

**داواکارین کە پێکهاتەکان و کورسیی کۆتاکان بە یەک بازنە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و دابەشی بازنەی جیاجیا و جوگرافیایی نەکرێن**

**ئێمە بەو پێنج کورسییەی کۆتا ڕازی نین و ڕەتی دەکەینەوە و لەگەڵ ئەو دابەشکردنە جوگرافییایەشدا نین کە زۆر دوورە لە سرووشتی پێکهاتەکان**

**نەمانی کورسیی کۆتا کاریگەریی خراپ و مەترسیدار دروست دەکات لەسەر ئەو پێکەوەژیانە جوان و سەرکەوتووەی لە هەرێمی کوردستان هەیە**

**دکتۆر زائیر فەیلی**

کەسایەتیی ناسراوی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:

# دوورخستنەوەی کوردانی فەیلی و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان تەنیا لەبەر کوردبوونیان بوو



**هەڵکشانی دەمارگیری و شۆڤێنیزم دژی کورد لە دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە هەبووە، جینۆسایدی کوردانی فەیلی و کۆمەڵکوژیی گەنجەکانیان و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان، تاکو ئەمڕۆ بێ قەرەبووکردنەوە ماونەتەوە. لە زنجیرە چاوپێکەوتنەکانی گۆڤاری گوڵاندا لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو کوردی فەیلی، لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەدا دیدارێکمان لەگەڵ دکتۆر زائیر فەیلی ئەنجام دا، کە کەسایەتییەکی ناسراوی کوردی فەیلی و خاوەن بڕوانامەی بەڕێوەبردنی ئەندازیاریی پڕۆژەکانە و لە ناو خانەوادەکەی ٦٢ کەس بێسەروشوێن و کوژراون.**

*** ئەو کۆمەڵکوژییەی لە قۆناغە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقدا دەرهەق بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی وەك کوردی فەیلی کراوە و خانەوادەکەشت لە ناوجەرگەی ئەو تراژیدیایەدا بوون، تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی بووە، بەڵام تا چەند ئەم تاوانە چوارچێوەیەکی جینۆسایدی نێودەوڵەتی وەرگرتووە؟**

- کورد لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە کە بە زۆر لکێندراوە بەم دەوڵەتەوە، ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و تەعریب و تەرحیل بوونەتەوە. هەرچی ئەو کۆمەڵکوژی و ئازار و مەینەتییانەش کە دەرهەق بە پێکهاتە ڕەسەنەکانی کورد کراوە، هەمووی دەچێتە قاڵبی جینۆسایدی نێودەوڵەتییەوە، دەبووایە کورد لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگی و بایەخێکی زیاتریان بە نێودەوڵەتیکردنی ئەم جینۆسایدە بدایە، تاوەکو جارێکی دیکە ئەم تاوانە قێزەوەنە دەرهەق بە هیچ پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەکەمان ڕوو نەداتەوە. من لێرەدا لاپەڕەکانی مێژووی خوێناویی عێراق دژ بە کورد هەڵنادەمەوە، کە ئیرهابی حکومەت و حزبە قەومییەکانیان دەرهەق بە کورد کردوویانە، تەنیا باسی شاڵاوە گەورەکەی کۆکوژیی فەیلییەکان لە هەشتاکان دەکەم، کە ٦٢ کەس لە خانەوادەکەمان لە ناوبران و هەندێکیان تاکو ئێستا ڕوفاتیان بێسەروشوێن ماونەتەوە. باشە چ ڕژێم و دەسەڵاتێك وا دەکات، تەنیا لەبەر کوردبوون و بەشداریکردنی پێکهاتەیەك لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی، بەو شێوە دڕندەیە ماڵ و منداڵ و خێزانی کوردی فەیلی لەناو ببەن و خانوو و موڵکەکانیان دەستی بەسەردا بگیرێت و بەسەر پیاوانی ڕژێم و موخابەراتدا دابەش بکرێت؟ من تەحەددای حکومەتی عێراق دەکەم کە لە ناو تۆماری ڕەگەزنامەکانیاندا تەنیا تۆمەتێك ئاراستەی کوردانی فەیلی کرابێت، تەنیا لەسەریان نووسراوە، ئەمانە ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندراوەتەوە، لەبەر ئەوەی گوایە بە ڕەگەزنامە پاشەکەوتی ئێرانین، دوورخستنەوەی کوردە فەیلییەکان و بە زۆر ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان تەنیا لەبەر کوردبوونیان بووە، ئەمە بە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بە جینۆساید دادەنرێت. بەداخەوە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دادگاییکردنەکەی سەدام حوسێن گرنگییەکی ئەوتۆ بەم جینۆسایدە نەدرا، تەنیا بابەتەکە بچووك کرایەوە لەسەر قوربانییەکانی دوجەیل و شیعە لە کاتێکدا جینۆسایدی کوردانی فەیلی و کیمیاباران و ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان و گەرمیانییەکان و دواتر ئێزدییەکان هەمووی تاوانێکی زۆر گەورە و قێزەوەنە، بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ کەسانێك بێسەروشوێن کراون و بەزۆرە ملێ ڕاپێچی ئێران کراون کە هیچ تاوان و گوناهێکیان نەبووە و بەبێ دادگاییکردن کوژراون، تەنیا تاوانیان ئەوە بووە کورد بوون و داوای مافی گەلەکەیان کردووە.

**دەبووایە کورد لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگی و بایەخێکی زیاتریان بە نێودەوڵەتیکردنی ئەم جینۆسایدە بدایە**

**٦٢ کەس لە خانەوادەکەمان لە ناوبران و هەندێکیان تاکو ئێستا ڕوفاتیان بێسەروشوێن ماونەتەوە**

**فەیلییەکان کوردی ڕەسەن بوون و بەردەوام پاڵپشتیی خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان کردووە، بەتایبەتی پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیان کردووە**

**ڕژێمی بەعس ویستی ژمارەی کورد و شیعە کەم بکاتەوە و تۆپۆگرافیای بەغدا لە بەرژەوەندی سوننەی عەرەب بگۆڕن، کە لەو سەردەمەدا حوکمڕان بوون**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلیدا هاوشێوەی کیمیابارانی هەڵەبجە بێ هەڵوێست بوو**

**تاکو ئێستاش ئەگەر حکومەتی عێراق بزانێت کەسێک کوردی فەیلییە لە ناو وەزارەتەکانی دەرەوە و ناوخۆ و بەرگریدا دایاننامەزرێنن**

**لە ناو ڕەگەزنامەی عێراقیدا تا ئێستاش ئەو دەستەواژەیە ماوە کە ئەم بنەماڵەیە پاشکەوتەی ئێرانییە**

*** ئاماژەت بەوەدا کە لەبەر کوردبوونی فەیلییەکان، ڕژێمی بەعس ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردانی فەیلی ئەنجام داوە، بەڵام زیاتر بۆ چ مەبەست و مەرامێك جینۆسایدەکەی کوردانی فەیلی ئەنجام درا؟**

- ڕژێمی بەعس لەپێناو چەند ئامانجێکدا ئەو تاوانەی ئەنجام دا. ترس و دڵەڕاوکێی بەرانبەر کوردانی فەیلی لا دروست ببوو، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

١. فەیلییەکان کوردی ڕەسەن بوون و بەردەوام پاڵپشتیی خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان کردووە، بەتایبەتی پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیان و، لە ناو حزبەکانی دیکەی عێراقی و کوردستانیشدا چالاکییان هەبووە.

٢- لە ناو جەرگەی بەغدا ڕێژەیەکی زۆری کوردی فەیلی هەبوون، بۆیە ڕژێمی بەعس ویستی ژمارەی کورد و شیعە کەم بکاتەوە و تۆپۆگرافیای بەغدا لە بەرژەوەندی سوننەی عەرەب بگۆڕن، کە لەو سەردەمەدا حوکمڕان بوون.

٣- کوردانی فەیلی خاوەنی چین و توێژێکی فراوانی بازرگان و کاسبکار و فەرمانبەرانی ئەو دەمەی ناو بەغدا بوون، واتا پێگە و مەکانەتی خۆیان هەبووە، بۆیە ئامانج و مەبەستی ئابووریی بەهێزیش لە پشت جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەبووە.

٤- ڕژێمی بەعس لە سەرەتاکانی هەشتاکاندا بۆ بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتیان، کە هاوکات بوو لەگەڵ خۆئامادەکردن لە ترسی تەوژمی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و شیعە، بۆیە بە کوردانی فەیلی شەڕەکەی دەست پێکرد.

٥- ناوچەی کوردانی فەیلی لە بەدرە و زورباتییە و جەلەولا و خانەقین و تەواوی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، دەوڵەمەند بوون بە سامانی نەوت و کشتوکاڵ، بۆیە ڕژێمی بەعس دەیویست تەواوی ئەو ناوچانە تەعریب بکات.

*** هەڵوێستی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بەرانبەر ئەم جینۆسایدە چی بوو؟ ئایا بۆچی لە بەرانبەر کەیسی تاوانەکان دژ بە کورد وا خەمسارد بوون؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلیدا هاوشێوەی کیمیابارانی هەڵەبجە بێ هەڵوێست بوو. تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەڵوێستێکی بێدەنگ و لاوازی هەبوو، چونکە ئەوان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەکرد، لەو سەردەمەشدا بەرژەوەندییان لەگەڵ ڕژێمەکەی سەدامدا بوو لە دژی ئێران، تەنانەت لەو دەمەی جینۆسایدەکە ڕووی دا، لە نێوخۆی عێراقدا دەنگ و ڕاگەیاندنی ئازاد و سۆشیال میدیا و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندی نەبوو، ئەوەی هەبوو، ڕاگەیاندنێکی بەهێزی حزبی بەعس بوو کە لەسەر دەستی موخابەرات دەجوولایەوە.

*** دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی عێراقێکی نوێ و دادگاییکردنی سەدام حوسێن و سەرانی ڕژێم، بۆچی کوردی فەیلی جگە لەوەی دۆسێکەیان بە نێودەوڵەتی نەکرا، کەچی نەشیانتوانی مافە مەدەنی و مەعنەوی و ماددییەکانی خۆیان وەربگرنەوە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کوردانی فەیلی لە دوای ڕووخانی ڕژێم و پرۆسەی ئازادیی عێراق نەیانتوانی کاری جددی بۆ دۆسێکەیان بکەن، تەنانەت ڕێگەیان نەدا لە دادگاییەکەی سەدام و سەرانی ڕژێمدا کوردە فەیلییەکان بگەنە مافی تەواوەتی خۆیان، لەکاتێکدا هەموو حزبە کوردستانی و عێراقییەکان قەرزاری کوردانی فەیلین، بگرە کوردانی فەیلی دامەزرێنەری حزبە کوردستانی و نیشتمانییەکانی عێراقیش بوون لە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی، دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراقی بوون و لە پەنجاکانیشدا تێکەڵ بە حزبی دەعوەی عێراقی بوون، هەروەکو چۆن لە شۆڕشی ئەیلوولدا پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد. ئەوان ڕووبەڕووی چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانیان بوونەوە، بە ڕادەیەك ڕووبەڕووی تەعریب و تەرحیل بوونەتەوە لە ٧٥٪ی کوردی فەیلی بە زمانی پاراوی دایك قسە ناکەن، لەسەر خاکی باوك و باپیرانیان تەرحیل کراون و بەسەر ناوچەیەکی زۆر فراواندا دابەش کراون، تاکو ئێستاش ئەگەر حکومەتی عێراق بزانێت کەسێك

کوردی فەیلییە لە ناو وەزارەتەکانی دەرەوە و ناوخۆ و بەرگریدا دایاننامەزرێنن، منداڵەکانمان لە قوتابخانە عێراقییەکاندا ناتوانن بە کوردی قسە بکەن، سەرجەم بڕیارەکانی دادگاکانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیران و ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراون، یان بە نادادپەروەری جێبەجێ کراون.
لە ناو ڕەگەزنامەی عێراقیدا تا ئێستاش ئەو دەستەواژەیە ماوە کە ئەم بنەماڵەیە پاشکەوتەی ئێرانییە. ئەم سیاسەتەی کە دژی کوردانی فەیلییە و تاکو ئێستا لە عێراقدا جێبەجێ دەکرێت سیاسەتێکی پیس و دڕندانەیە دەرهەق بە کوردانی فەیلی پەیڕەو دەکرێت، لە عێراقدا ئیرهابێکی گەورە بەسەر کورددا سەپێندراوە، بە واتایەکی دیکە کوردی شیعە لەسەر ئێران حیساب دەکرێت و کوردی سوننە لەسەر تورکیا، ئەم جینۆسایدە تاکو ئێستا لەسەر کوردانی فەیلی شوێنەوارەکانی ماوە، تۆ بیهێنە پێش چاوی خۆت لە کاروکاسبیت دەر بکرێیت و ماڵ و حاڵت داگیر بکرێت و کوڕ و گەنجەکانت ڕاپێچی زیندانەکان بکرێت و بە زۆرەملێ دەربەدەری ئێران بکرێیت و لەوێش بە عێراقیت لە قەڵەم بدەن، ئەوەی دەربازیشی بوو لە نێوخۆدا کۆچێکی دیکەت پێ بکەن و ڕەز و باغ و گوندەکانت بەسەر عەرەبی هاوردەدا دابەش بکرێت، ئینجا تۆمەتی ناشیرینت ئاراستە بکرێت و بە عەمیل و ناپاك لە قەڵەم بدرێیت، هەر کەسێك هاوسەرەکەی کوردی فەیلی بێت، دەبێت لێی جیا ببیتەوە، گەنجەکانمان لە زانکۆ و خوێندن دەرکران، ئەمە چ بێ ویژدانی و ڕق و کینەیەکە دەرهەق بە کەسانێك لەسەر خاکی خۆیان پیادە کراوە؟ دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە و هاتنی کەسانێك بۆ سەر حوکم کە بە چاوی خۆیان ئەم تاوانەیان لە زەمەنی سەدام بینیوە و تێیدا ژیاون و لەسەر مەزهەبی خۆشیانین، کەچی لە بەر کوردبوونمان ئامادە نین ئەو زوڵمە هەڵبگرن و ماف بۆ خاوەنەکەی بگەڕێننەوە.
تا ئەمڕۆ کوردی فەیلی هەژار و بێ خاوەنن و تەنیا لە ڕۆژی شەهیدی کوردی فەیلی بە چەند بەیاننامەیەك ڕۆژەکە و دۆسییەکەیان بەڕێ دەکرێت. ڕەنگە حزبێکی شیعە، یان حکومەتی عێراق باس لە گەڕانەوەی هەندێك قەرەبوو بکەن، من لێرەوە پێیان دەڵێم، قەرەبووکردنەوەی هەندێك لە کوردانی فەیلی قەرەبوویەکی شەرمنانەیە و لە ئاست گەورەیی و دڕندەیی جینۆسایدەکەدا نییە و تەنیا لە ١٪ی مافەکانیان بۆ گەڕاوەتەوە.

*** سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، کە بانگهێشتی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی کوردانی فەیلی کرابوو، ئاماژەی بە ئازایەتی و دڵسۆزیی کوردانی فەیلی کرد، هاوکات داوای دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە کوردانی فەیلی کرد، ئێوە ئەو هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

-هەڵوێستی سەرۆك بارزانی جێگەی دەستخۆشی و ئومێدە، بەڵام ئێمە زیاترمان دەوێت، ڕاستە کۆنگرە و کۆنفرانسیان بۆ ڕێکخستین کە جێگەی سوپاس و پێزانینە، بەڵام ئومێدمان بە سەرۆك بارزانی هەیە کە پەیوەندیی گەورەی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی و ئیقلیمی هەیە، لە ناوخۆدا پێویستە توێژینەوە و پەرتووك و بەڵگەنامەکان لە مۆزەخانەیەکدا کۆ بکرێنەوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانە کە سەرۆك بارزانی شتێکی وت جێبەجێ بکرێت. من داواکارم لە پایتەختی هەرێمی کوردستان یان لە ناوجەرگەی بەغدا دیوارێکی گەورە دروست بکرێت و بەلانی کەمەوە ناوی بیست بۆ بیست ودوو شەهیدی کوردی فەیلی بنووسرێت و وەکو مۆنۆمێنتێکی لێ بکرێت و ساڵانە یادی بکرێتەوە. من ئومێدەوارم سەرۆك بارزانی هۆزە کوردە فەیلییەکان لە چوارچێوەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییدا کۆ بکاتەوە و پاڵپشتی و هاوکارییان بکات، چونکە ئەوان غوبنێکی گەورەیان لەسەرە و لە سەنگەری پێشەوەی تەعریب و تەرحیل و ترس و تۆقاندندان، ئەوان پێکهاتەیەکی ئاشتیخواز و بێ کێشە و گرفتن و بەشداریی هیچ تیرۆر و کوشتن و تاوان و پشێوی و بێسەروبەرییەك نەبوون، کەچی بە درێژایی زیاتر لە ٣٠ ساڵ ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆساید بوونەوە.

**لە عێراقدا ئیرهابێکی گەورە بەسەر کورددا سەپێندراوە، بە واتایەکی دیکە کوردی شیعە لەسەر ئێران حیساب دەکرێت و کوردی سوننە لەسەر تورکیا**

**لە ناوخۆدا پێویستە توێژینەوە و پەرتووك و بەڵگەنامەکان لە مۆزەخانەیەکدا کۆ بکرێنەوە**

**داواکارم لە پایتەختی هەرێمی کوردستان یان لە ناوجەرگەی بەغدا دیوارێکی گەورە دروست بکرێت و بەلانی کەمەوە ناوی بیست بۆ بیست ودوو شەهیدی کوردی فەیلی بنووسرێت و وەکو مۆنۆمێنتێکی لێ بکرێت و ساڵانە یادی بکرێتەوە**

**ئومێدەوارم سەرۆک بارزانی هۆزە کوردە فەیلییەکان لە چوارچێوەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییدا کۆ بکاتەوە و پاڵپشتی و هاوکارییان بکات**



پڕۆفیسۆر دکتۆر حوسێن تۆفیق بۆ گوڵان:

# بەرەو پیشەسازیی خۆراکی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆ هەنگاوی گرنگ بوو

# بە ئاراستەکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی بیناسازییەوە بەرەو کەرتەکانی بەرهەمهێنان پەیکەری ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕاستەڕێ دەبێت

## بەو پێیەی لە ڕووی یاسای وەبەرهێنانەوە ئیمتیازات بە وەبەرهێنان دراوە، بە هەمان شێوە پێویستە لە کاتی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان سزا هەبێت

**پرۆفیسۆر دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا، شارەزا و پسپۆڕ لە بواری یاسای بازرگانی کە لە ئێستادا ڕاگری کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی سەلاحەدین، وێڕای ئەوەی پسپۆڕایەتی و شارەزاییەکی یاسایی بەرزی لە بواری یاسای بازرگانی و بنەماکانی دەستووری عێراق لە یاساکانی تایبەت بە بازرگانی و وەبەرهێنان هەیە، ڕۆڵیشی هەبووە لە داڕشتنەوەی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٦، سەبارەت بەم پرسانە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەنجامدا.**

**سەرنج و تێبینیم لەو گەرەنتی و ئیمتیازاتانە هەیە کە لە هەرێمی کوردستان پێشکەشی وەبەرهێنەران دەکرێت**

* لەم دواییانەدا لە پەرتووکێکی ناوازەدا (پوختەی ڕاڤەی یاسای وەبەرهێنان- ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ لەهەرێمی کوردستان) کە لەگەڵ مامۆستا لوقمان حەسەن چاپتان کرد، بەرچاوڕوونییەکی زۆرتان بە خوێنەرانی بەخشی. با سەرەتای پرسیارەکەمان لە گرنگیی وەبەرهێنان بۆ بووژانەوەی ئابووری و بونیانانی ژێرخانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەست پێبکەین، ئایا تا چ ڕاددەیەك توانراوە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئاراستە بکرێت؟

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان بە پێویستی دەزانم، لەسەر وەبەرهێنان چەند سەرنج و تێبینیی کورتی خۆمتان بۆ باس بکەم. من وەکو یاساناس و شارەزا لە بواری یاسای بازرگانی و یاسای وەبەرهێنانی کوردستان و، زۆربەی ئابووریناسانیش لەگەڵ مندا هاوڕان، بەوەی وەبەرهێنان بە هەردوو جۆرەکەی (نێوخۆیی و بیانی) بۆ گەشەی ئابووری و بونیادنانی ژێرخانی ئابووری، پێداویستییەکی سەردەمەکەیە، بۆ پەرەپێدان و ئابووری و ژێرخانی وڵات و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان و بۆ هێنانی تەکنەلۆژیا و شارەزاییش گرنگیی خۆی هەیە. بە واتایەکی دیکە وەبەرهێنان یەکێکە لەو بابەتانەی فوقەهای بواری یاسا و ئابووری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و تەنانەت تێبینیی ئەوە دەکرێت، پسپۆڕان لەسەر پێناسەکردنی وەبەرهێنان جیاوازن، لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش، نەبوونی ژینگەیەکی پێویست، ڕێگر

**ئەگەر بازاڕی بۆرسە و پشکداریمان هەبووایە، زۆرێک لەو سەرمایە بچووکانەی کە لە کوردستاندا پاشەکەوتێکی «نائابووری» کراون و لە ماڵەکاندا ئاخنراون، ئەو کات بەشدار دەبوون لەگەڵ سەرمایەی وەبەرهێن**

**بە هۆی بارودۆخی ناهەموار و خراپیی ئیدارە و ململانێی حزبی، هەموو ئەو یاسایانەی کە بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە ساڵانی نەوەدەکاندا دەرچوون، نەیانتوانی هاندانێکی ڕاستەقینەی وەبەرهێنەران بکەن**

**بە هۆی باڵادەستیی هەندێک سەرکردە و بەرپرسی سیاسی و سەربازی و دەستخستنە ناو کایەی ئابووری و وەبەرهێنانەوە، جۆرێک لە ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم سزادان و لێسەندنەوەی مۆڵەتی وەبەرهێنەران دروست بووە**

بووە لە گەشەکردنی خێرای وەبەرهێنان. من لێرەدا نامەوێت لاپەڕەکانی مێژووی هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی بەریتانی و هۆڵەندی و فەرەنسی و هیندستانی و ئەڵمانیا لە هاتنیان و وەبەرهێنانیان لە کەرتی نەوتی عێراق و کۆنترۆڵکردنی بانکە بەریتانی و ئیتاڵییەکان و عوسمانییەکان و مێژووی خۆماڵیکردن لە ١٩٧٢ و ١٩٦٤ لە عێراق هەڵبدەمەوە، یان بخزێمە ناو دەیان یاسای پرۆژە پیشەسازییەکان - ١٩٥٥ و یاسای گەشەپێدانی پیشەسازی - ١٩٦١ و یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵە — ١٩٨٢ و دواتر هەڵوەشانەوەی لە ١٩٩١ و دەیان یاسای دیکەی عێراقی باس بکەم. هێندەی ئەوەی مەبەستمە لەوێوە دەست پێبکەم کە لە دوای دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە ٢٠٠٣وە ڕووی داوە، ئەویش گۆڕانکاری بوو لە ئابووریی مەرکەزییەوە بۆ سیستەمی ئابووریی بازاڕ و لە دەستووری عێراقیشدا دووپات کراوەتەوە. من هەر لەو سەردەمەدا ڕەخنە و بۆچوونم لەسەر فەرمانەکەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان و زۆر مادده و بڕگەی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە عێراق هەبوو، بەڵام یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٦ (یاسای نوێی وەبەرهێنانی عێراقی هەموارکراو) و (یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەر لە هەمان ساڵدا) بە وەرچەرخانێکی مێژوویی ئابووری دادەنێم، کە سەرمایەی ڕاستەقینەی بۆ کۆمەڵگە زیاد کرد، دوای ئەوەی سەرمایەی پاشەکەوتکراوی زیاتر خستە ناو کەرتی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەوە.

ئا لێرەدا دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنان زەروورەتێکی مێژوویی بوو، بەتایبەتی کارەکانی لەم چەند ساڵەی دواییدا کە لە ڕووی فرەچەشنکردنی ئابووری و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری) و دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکانمان لەم کەرتانە و دەیان سێکتەری وەکو پیشەسازیی خۆراکی هەنگاوی کەم نەبوون، لەمەش گرنگتر هەنگاونان بوو بەرەو پیشەسازیی خۆراکی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆ.

*** هەڵبەتە پرۆسەکە دوو لایەنەیە لە نێوان وەبەرهێن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، ئایا وەك پسپۆڕێکی ئابووری و یاسایی تا چەند لە ئەدای وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانیش لە هەرێمی کوردستان ڕازیت؟**

- وەبەرهێن گرنگترین توخمە لە پرۆسەی وەبەرهێناندا، لە یاسای وەبەرهێنانی کوردستاندا پێناسەی گرنگ بۆ وەبەرهێنی نیشتمانی، یان نێوخۆیی و بیانی کراوە، وەبەرهێنەریش کاتێك دەزانێت، یاسا و ڕێنماییەکان بە دادپەروەری و شەفافییەت لەم هەرێمەدا جێبەجێ دەکرێت، ئەو کات زیاتر ڕوو لە وەبەرهێنان و تەنانەت ئەو وەبەرهێنانەش دەکات کە حکومەت مەبەستیەتی، وەکو لە فرەچەشنکردنی ئابووری بەرەو وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتیاری بەدیار کەوت. تا ئێستا من سەرنج و تێبینیم لەو گەرەنتی و ئیمتیازاتانە هەیە کە لە هەرێمی کوردستان پێشکەشی وەبەرهێنەران دەکرێت، بەتایبەتی کە لە کوردستاندا وا دەزانین تەنیا سەرمایەی وەبەرهێنەر تایبەتە بە بیانی، لە کاتێکدا هەموو سەرمایەیەکی نێوخۆ گرنگە. خۆ ئەگەر بازاڕی بۆرسە و پشکداریمان هەبووایە، زۆرێك لەو سەرمایە بچووکانەی کە لە کوردستاندا پاشەکەوتێکی «نائابووری» کراون و لە ماڵەکاندا ئاخنراون، ئەو کات بەشدار دەبوون لەگەڵ سەرمایەی وەبەرهێن و کۆمپانیا نیشتمانی و گەورەکان و تەنانەت بیانییەکانیش. بە هۆی بارودۆخی ناهەموار و خراپیی ئیدارە و ململانێی حزبی، هەموو ئەو یاسایانەی کە بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە ساڵانی نەوەدەکاندا دەرچوون، نەیانتوانی هاندانێکی ڕاستەقینەی وەبەرهێنەران بکەن. تەرخانکردنی زەویی موساتەحە و بەردەوامیدان بەو پرۆژانەی وەبەرهێنان کە پێش دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان لە ٢٠٠٦ هەبوون، جۆرێك لە بارگرانی لەسەر وەبەرهێنانی نوێ دروست کردووە. بەو پێیەی ئەوان لە بواری لێخۆشبوون و ئیمتیاز، گەرەنتیی باشتریان هەبووە. لەلایەکی دیکەوە بە هۆی باڵادەستیی هەندێك سەرکردە و بەرپرسی سیاسی و سەربازی و دەستخستنە ناو کایەی ئابووری و وەبەرهێنانەوە، جۆرێك لە ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم سزادان و


لێسەندنەوەی مۆڵەتی وەبەرهێنەران دروست بووە، لە بەرانبەر ئەو کەسانەی کەمتەرخەم بوون، یان فرت و فێڵیان لە پڕۆژەکاندا کردووە. هەرچی وەبەرهێنانی کانزایی و نەوت و غاز هەیە، ئەوە بابەتێکی قووڵ و ئاڵۆزە ڕەنگە لێرەدا بوار نەبێت، بچمە ناو وردەکارییەکانی یاسایی و دەستووریی ئەو بابەتەوە کە خۆم چەندین توێژینەوە و بابەتم لەسەری نووسیوە، چونکە پەرەپێدانی سامانی نەوتی هەرێم بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین قازانج بۆ خەڵکی کوردستان و هاندانی وەبەرهێنان لەم بوارەدا بابەتێکی ئاڵۆزە و خوێندنەوە و قسە و باسی زۆری دەوێت. هاوکات تێکەڵ بە تەنیا دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان نەبووە، بەڵکو لە یاساکاندا دەسەڵاتی بە وەزیری سامانە سرووشتییەکان داوە، لە ڕووی گرێبەستەکانی گەڕان و پشکنین و دەرهێنانی نەوت و پاڵاوتن و کارەکانی بەبازاڕکردن، هەڵبەتە ئەمەش لە دوای دەرکردنی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق و دادگای ناوبژیوانانی پاریس مشتومڕ و ئیجتیهاداتێکی زۆر لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیی عێراق هەڵدەگرێت.

*** لە هەموو دنیادا ڕەنگە یاساکان بابەتی باش و سەرنجڕاکێشی تێدا بێت، بەڵام گرفت لە جێبەجێکردنیدا هەیە، وەکو شارەزایەکی بواری یاسایی بازرگانی و وەبەرهێنان تا چەند لە ئەدای دامەزراوەکانی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکان ڕازیت؟**

- پرسیارەکە دوو تەوەرە، سەبارەت بە دامەزراوەکانی وەبەرهێنان من باسی دامەزراوەی دەستەی وەبەرهێنان ناکەم لە قۆناغەکانی پێشوو، ڕەنگە لە دووتوێی ئەم دیدارەدا تەنیا بتوانم باسی ئەم کابینەیەی حکومەت بکەم، چونکە لە کابینەکانی پێشوو کەموکورتی و خراپی بەدواداچوون و چاودێری ئەدای وەبەرهێنان لە لایەنە پەیوەندارەکانەوە زۆر بوون، چ لە ڕووی مەودای بابەتی و کەسی و شوێن و کات و ئەو بوارانەی وەبەرهێنانی تێدا کراوە. بەڵام بەگشتی لەم کابینەیەدا توانرا ئەو کەموکورتییەی کە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و پەروەردە و تەندروستی و زۆر بواری دیکە هەبوون، کەم کرانەوە و بگرە وەبەرهێنان کرا و تا ڕاددەیەك هەنگاوی باش نراوە و کەمتر جەخت لەسەر وەبەرهێنانی خانووبەرە و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کراوە، بۆیە لەم سێ ساڵەی دواییدا دووبارە ئاراستەی وەبەرهێنان ڕاست کرایەوە و کەمتر جەخت لەسەر وەبەرهێنانی عەقارات کرا و لە ٢٠٠٣ دا بەپێی داتا و بەیاناتەکانی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان قەبارەی گشتی وەبەرهێنان لە هەرێمدا لە ٧٤ ملیار دۆلار تێپەڕی کردووە.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەش، کە پەیوەندی بە ئەدای وەبەرهێنەکان و گەورە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانەوە هەیە، لە بەرانبەر

**یاسای وەبەرهێنانی کوردستان نەرمێتی تێدایە بەرانبەر وەبەرهێنەری سەرپێچیکار و لەبری ئەمە دەرفەتێ دەداتێ بۆ ئەوەی هەڵەکە یان کەموکورتییەکە چاک بکاتەوە**



**لە کوردستان بەهۆی تێکەڵبوونی سیاسەت لە کایەی ئابووری و بوونی گەندەڵی و ناشەفافییەت، کەموکورتی و هەڵە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان ڕوو دەدەن**

**ناکرێت ئینکاری ئەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان بکەین کە لە ٢٠٠٥ەوە لە بوارەکانی ئابووری و ئاسایش و بازرگانی و گەشتیاری بەراورد بە پارێزگاکانی عێراق ڕوویان داوە**

**هاتنی بە لێشاوی سەدان هەزار عەرەبی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم، باشترین بەڵگەیە بۆ جیاوازیی بارودۆخەکەی هەرێم و پارێزگاکانی عێراق**

ئەو ماف و سوود و گەرەنتی و لێخۆشبوونانەی کە بە یاسا بە وەبەرهێنەری نێوخۆیی و بیانی دراون، هەر بە یاساش کۆمەڵێك پابەندبوونی بەسەر وەبەرهێنەر و پرۆژەکانی وەبەرهێنان سەپاندووە، خۆ ئەگەر پێشێلکاری کرا، ئەوا دەبێت تووشی ئەو سزایانە بێت کە لە یاساکاندا هاتووە، لێرەدا گرنگترینی ئەو مەرج و ڕێنماییانە باس دەکەم، کە دەبێت وەبەرهێنەر پابەندی بێت لە هەرێمی کوردستان:

١-مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکە.

٢- پابەندبوونی وەبەرهێنەر بە ناساندنی بواری وەبەرهێنانەکە و پێدانی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە لێهاتوویی دارایی و توانای وەبەرهێنانەکە.

٣- پابەندکردنی وەبەرهێنەر بۆ پێشکەشکردنی خشتەی کارەکانی پەیوەست بە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

٤- پێشکەشکردنی ئاسانکاریی پێویست بۆ کارمەندانی دەستەی وەبەرهێنان. هەڵگرتنی تۆماری تایبەت بۆ ئەو کەرەستە هاوردەکراوانەی پرۆژەکە کە لە ڕسوماتی گومرگی بەخشراون.

٥- پابەندبوون بە پاراستنی سەلامەتی ژینگە و ئاسایش و تەندروستیی گشتی و سیستەمی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری.

٦- پابەندبوونی وەبەرهێنەر بە ڕاهێنان و ئامادەکردنی کرێکارانی ناوخۆیی لە پرۆژەکەدا.

٧- گەرەنتی بۆ پاراستنی ئەموالی خاوەن پشکەکان لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی پشکدار. خۆ ئەگەر لە حاڵەتێکدا وەبەرهێنەر کەمتەرخەم بوو، ئەوا دەبێت بەپێی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا دەستەکە ڕابسپێردرێت بە سزادانی وەبەرهێنەکە، هەرچەندە تێبینی ئەوەم کردووە، یاسای وەبەرهێنانی کوردستان نەرمیێتی تێدایە بەرانبەر وەبەرهێنەری سەرپێچیکار و لەبری ئەمە دەرفەتی دەداتێ بۆ ئەوەی هەڵەکە یان کەموکورتییەکە چاك بکاتەوە، لە حاڵەتێکدا وەبەرهێن پێداگری بکات لە بەردەوامبوون لە سەرپێچی، یان ڕاست نەکردنەوەی کەموکورتی و هەڵەکە، لەو حاڵەتەدا زەوییەکەی لێ وەردەگیردرێتەوە. بە داخەوە لە کوردستان بەهۆی تێکەڵبوونی سیاسەت لە کایەی ئابووری و بوونی گەندەڵی و ناشەفافییەت، کەموکورتی و هەڵە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان ڕوو دەدەن، وەکو ئەوەی وەبەرهێنەر ئەو زەوییەی پێی دراوە، بە کرێ بیداتەوە، یان بۆ مەبەستێکی دیکە ئیستغلالی بکات، یان لە کاتی خۆیدا پرۆژەکە تەواو نەکات، یان لەو خاڵانەی پێشوو کە باسمان کرد، وەبەرهێنەر پابەند نەبێت.

*** بەو پێیەی لە بواری شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی مادده و برگەکانی دەستووری عێراق شارەزاییت هەیە، دەکرێت بپرسین، ئایا هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەستووری عێراقی فیدراڵەوە، چ دەسەڵاتێکی دەستووری لە بواری وەبەرهێنان هەیە؟**

- هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵی و دەسەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکار و دادوەری سەربەخۆی خۆی هەیە. دەستوور ئەو سەلاحییەتەی لە دەرکردنی یاساکان پێداوە، بە مەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی دەستوور و دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵی هاودژ نەبن. بێگومان ناکرێت ئینکاری ئەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان بکەین کە لە ٢٠٠٥ەوە لە بوارەکانی ئابووری و ئاسایش و بازرگانی و گەشتیاری بەراورد بە پارێزگاکانی عێراق ڕوویان داوە، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵی تەواوی دەسەڵاتەکانی بەسەر کێڵگە نەوتییەکان و بانکی ناوەندی و دامەزراوەکانی قەرزی دەرەکی و ڕێکخراوەکانی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و عەرەبی و نێودەوڵەتیدا هەیە. ئەگەر بەراوردی بکەین بەو بارودۆخە سنووردار و کەمەی هەرێم کە لە بواری دەستوور و یاساکاندا هەیەتی، هاتنی بە لێشاوی سەدان هەزار عەرەبی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم، باشترین بەڵگەیە بۆ جیاوازیی بارودۆخەکەی هەرێم و پارێزگاکانی عێراق، سەبارەت بە بارودۆخی وەبەرهێنانیش مومکین نییە بەراورد بکرێت لە کاتێکدا دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هەنگاوی بێ وێنە و گەورەی ناوە. خۆ ئەگەر هەندێك هەڵە و کەموکورتیی ئابووری و بازرگانی نەبوایە لە هەرێمی کوردستان کە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نازانستی و هەڵەی ئابووری و

بازرگانی، یان دەستتێوەردانی حزبی پیادە کراوە، ئەوا بارودۆخەکە زۆر جیاوازتر دەبوو. لەو هەڵانە بڕیاردانی سەربەخۆی ئابووری بوو، لە کاتێکدا توانای ماددی و مرۆیی ئامادە نەکرابوو، هەروەها پشتبەستن بە داهاتی هەناردەکردنی نەوت کە لە ئێستادا شوێنەوارەکانی بە ڕوونی دیارە، یان ئەو گەندەڵییانەی هەندێک بەرپرسی حزبی دەستیان تێیدا هەیە.

*** هەرێمی کوردستان هەنگاوی گرنگی بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری ناوە هەر وەکو لە سەرەتای قسەکاندا ئاماژەت پێکرد، بەڵام ئایا تا چەند لەم ستراتیژیەتە سەرکەوتوو بووین؟**

- فرەچەشنکردنی ئابووری و هەنگاونان لە ئابوورییەکی بەکارهێنەر و بەکارخستنەوە بۆ ئابوورییەکی بەرهەمهێن، کارێکی وا ئاسان نییە و بە شەو و ڕۆژێکیش ڕوو نادات. گرنگ ئەوەیە بکەوینە سەر ڕێگا ڕاست و دروستەکە، هەتاکو ئێستا ١،٢٠٠،٠٠٠ فەرمانبەر و مووچەخۆرمان هەیە، ئەگەر وای دابنێین، هەر مووچەخۆرێك دوو کەسی لە ئەستۆیە، ئەوا ٣،٦٠٠،٠٠٠ کەس پشتی بە مووچە بەستووە لە هەرێمی کوردستاندا. بە واتایەکی دیکە تەنیا دوو ملیۆن کەس لە بازاڕی کاردا لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و کەرتە ئابوورییەکانی دیکە ماونەتەوە. خۆ ئەگەر کەسانی بەتەمەن ومنداڵ و کابانی ماڵی لێ دەربهێنین، ئەوا ژمارەکە زۆر کەمتر دەبێت، ئەمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بنەماکانی ئابووریی بازاڕ یەك ناگرێتەوە و بە تەقینەوەیەکی مووچەخۆر لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت. واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ژمارەی مووچەخۆرەوە حکومەتێکی قەبە و بێ بەرهەمە، ئیتر چۆن پشت بە کەرتی تایبەت و سیستەمە هاوچەرخەکانی ئابووریی بازاڕ و کەرتی تایبەت ببەستین؟ هەرێمی کوردستان خاوەنی سامانی دەوڵەمەندی ژێر زەوی و سەر زەوی و کانزایی و نەوتی و غاز و کشتوکاڵ و ئاو و خاکی بەپیتی چوار وەرزە و سەدان ژینگە و بنەمای دیکەی بەهێزبوونی ئابوورییەکەی هەیە، کە دەبوایە بە یاسا و ڕێنمایی نوێ و هاوچەرخ و واقیعبینانە دوور لە موزایەدەی حزبایەتی و کێبڕکێی حزبایەتی بە جورئەتەوە بڕیار و ئاراستە بکرایە. خۆ ئێمە خاوەنی یاسایەکی وەبەرهێنانی پێشکەوتووین، ئەگەرچی ئەم یاسایە لە ٢٠٠٦ـەوە دەرچووە کە ڕێگا بە بیانییەك دەدات کۆمپانیایەکی هەبێت و لە عێراق دابمەزرێنێت و لەسەرووی ٤٩٪ی سەرمایەکەی خاوەندارێتی هەبێت و چەندین ئیمتیازاتیان پێشکەش دەکرێت. لە ئێستادا لەم سێ ساڵەی ڕابردوو هەنگاوەکانی وەبەرهێنان بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری چووە کە ڕاستکردنەوەی کەرتی وەبەرهێنانە کە پێشوو زیاتر پشتی بە پڕۆژەکانی عەقارات بەستبوو، کە پڕۆژەکانی عەقارات و بیناسازی بە هیچ شێوەیەك خزمەتی بە خەڵکی کەمدەرامەت و هەژاری نەکردووە، بەڵکو یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ کەسانێك دروست دەکرد، کە خۆشیان توانایان هەبوو ئەو خانوو و شوقە گرانبەهایانە دروست بکەن، بەڵام لە ئێستادا هەوڵەکان ئومێدبەخش و دڵخۆشکەرن بەتایبەتی لە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گەڕانەوە بۆ خۆبژێوی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵا و بەرهەمە نێوخۆییەکان، لەمەش دڵخۆشکەرتر ئاراستەکردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازییە لە قەزا و ناحیە و ئیدارە سەربەخۆکان، وابزانم لەم چەند ساڵەدا توانراوە زۆر لە ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم هاتنی وەبەرهێنەرانی بیانی هەڵبگیرێت، بەتایبەتی ئاستەنگەکانی ئیداری و دارایی و قۆرخکاری و کۆنترۆڵکردنی کەرتێك بەدەست چەند کۆمپانیا و خاوەن نفووزی سیاسییەوە، هەر بۆیە لێرە و لەوێ کەرتی پیشەسازیی خۆراکی و پیشەسازیی پەلەوەر و هێلکە و ئەلبان و زەیت و هەنگوین و ئارد و چەندین بواری دیکەی پیشەسازیی خۆراکی بووژایەوە. بەم شێوەیە ئەوەی بۆ من جێگای دەستخۆشییە، سەرەتا ڕاستکردنەوەی ئەو ئاراستە هەڵەیە بوو، کە وەبەرهێنان تێی کەوتبوو و زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی لەناوبرد، هەنگاوی دووەمیش پارێزگاریکردنە لە دەستکەوتەکان، بەتایبەتی ڕێگاگرتن لە نغرۆکردنی بازاڕەکانی ناوخۆ بەو بەرهەمانەی کە لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنرێت و توانای پڕکردنەوەی خواستی ناوخۆی هەیە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ژمارەی مووچەخۆرەوە حکومەتێکی قەبە و بێ بەرهەمە، ئیتر چۆن پشت بە کەرتی تایبەت و سیستەمە هاوچەرخەکانی ئابووریی بازاڕ و کەرتی تایبەت ببەستین؟**

**پڕۆژەکانی عەقارات و بیناسازی بە هیچ شێوەیەک خزمەتی بە خەڵکی کەمدەرامەت و هەژاری نەکردووە، بەڵکو یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ کەسانێک دروست دەکرد، کە خۆشیان توانایان هەبوو ئەو خانوو و شوقە گرانبەهایانە دروست بکەن**

**لە ئێستادا هەوڵەکان ئومێدبەخش و دڵخۆشکەرن بەتایبەتی لە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گەڕانەوە بۆ خۆبژێوی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵا و بەرهەمە نێوخۆییەکان**




## ماموٚستا سەعید عەبدولڕەحمان گولی

شارەزا لە زانست و شەریعەتی ئیسلام

بۆ گوڵان:

# هەموو لایەن و حزب و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان بۆ کورسیی دەسەڵات کار دەکەن، نەک بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە

# نابێت هیچ کەس و لایەنێک لای خۆیەوە فتوا بدات، چونکە فتوا کاری موفتی و لێژنەی تایبەتە بە فتوادان

**لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، لە میسر لەسەر دەستی سەید قوتب ئیخوان موسلیمین دامەزرا، پاشان چەندین بیر و هزری دیکە لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیدا دامەزران، کە هەر هەموویان لەگەڵ دابەشکردنی ئیسلامدا بوون بۆ عیبادات و ئیسلامی سیاسی، ئەو ئیسلامی سیاسییانە لە لای ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان، بیروباوەڕی توندوتیژیان هەیە و هەر یەکەی لەلای خۆیەوە بە ئارەزووی خۆیان فتوا دەدەن. بۆ ئەو پرسە و چەندین پرسیاری دیکە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ مامۆستا مەلا سەعید عەبدولڕەحمان گولی، وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی هیزل لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و شارەزا و پسپۆڕ و لە زانست و شەریعەتی ئیسلام ئەنجام دا .**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- خودای گەورە دینێکی بۆ ئێمە هێناوە کە دینی ئیسلامە (إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلامُ) و لەو دینەشدا خودا ئەمری بە هەموان کردووە، وەکو دەفەرموێت (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا)، واتە هەموومان بە یەکەوە دەست بەو دینەوە بگرین بە بێ دووبەرەکی و، نەبینە لایەن لایەن و حزب حزب، هەر بۆیە بۆ ئێمە دیاری کراوە کە ئیسلامی ڕاستەقینە هەیە و ئیسلامی حزبایەتیش هەیە، ئیسلامی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لای خودای گەورەوە هاتووە بۆ پێغەمبەر(د.خ) و ئومەتەکەی و مرۆڤایەتی، کە ئەو ئیسلامە یەك هزر و بیر و مەنهەج و دەستوورە و، هاوبەشە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، کە هەموو دەستوورەکەشی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرە (د.خ) بۆیە لەو دەستوورەی کە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرە دەربچێت، ئەوە دەبێتە هۆکاری دووبەرەکی و ململانێ لە نێوان خەڵك و لەو کاتەی ئەو قورئانە بۆ پێغەمبەر(د.خ) کە لە ماوەی **٢٣**ساڵدا دابەزیوە، ئەوەی هەیە لە لای ئیسلامی سیاسی قابیلی گۆڕانکارییە، هەر سەرکردە و لایەنێکی ئیسلامی سیاسی بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات کار دەکەن و تەفسیری ئایینەکە دەکەن، هەر بۆیە لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە دووبەرەکی و ململانێ لە نێوان خەڵك و کۆمەڵگەدا دروست دەکرێت و بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان، کە چۆن بگەنە کورسیی دەسەڵات، بەڵام لە لایەن ئیسلامی

**لەو دەستوورەی کە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرە دەربچێت، ئەوە دەبێتە هۆکاری دووبەرەکی و ململانێ لە نێوان خەڵک**

**هەر پێغەمبەرێک هاتبێت، وتوویەتی: (یاقومی یاقومی)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەموو پێغەمبەرەکان بەرژەوەندیی قەوم و نەتەوەی خۆیان لەبەرچاو گرتووە**

**پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت هەر کەسێک لەسەر بەرگریکردن لە خاک و کەرامەتی خۆی بکوژرێت، ئەوە شەهیدە**

**خۆشمان وەکو میللەت و نەتەوە لە ناوخۆدا کێشە و ململانێیەکانمان وای کردووە، بگەینە ئەو ڕۆژگارە و سەربەخۆ نەبین**

ڕاستەقینەوە ئەمە بە هیچ شێوەیەك نابینرێت.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسیی بایەخ بە پرسی خاک و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتیی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب ناگرن، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە ئایینی ئیسلامدا پێویستە هەموو شتێك لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) وەربگرین، بۆ ئەو بابەتەش تەماشای قورئان دەکەین کە خودای گەورە دەفەرموێت (خلق السماوات والارض واختلاف السنتكم والوانكم)، ئەگەر تەماشا بکەین ئەمە یەکێکە لە مەزنایەتیی خوای گەورە و هەر پێغەمبەرێکیش هاتبێت، وتوویەتی: (یاقومی یاقومی)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەموو پێغەمبەرەکان بەرژەوەندیی قەوم و نەتەوەی خۆیان لەبەرچاو گرتووە. خودای مەزن لە قورئاندا دەفەرموێت (شعوبا و قبائل) کە ئەو نەتەوە و هۆز و گەلانەی دروست کردووە بە جیا، کە هەر یەکەی ماف و بەرژەوەندیی پێداون و لەگەڵ یەکتریش هاوکار بن و یەکتر بناسن. بەپێی دەقی قورئان هەموو گەل و نەتەوەیەك هەقی خۆیان لەسەر ئەو گۆی زەوییە هەیە و لەلای پێغەمبەر(د.خ) بە هەمان شێوە، خاك و میللەتی خۆت دەبێت زۆر لە لا خۆشەویست بێت، تا ئەو ئاستەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت هەر کەسێك لەسەر بەرگریکردن لە خاك و کەرامەتی خۆی بکوژرێت، ئەوە شەهیدە، لە لایەکی دیکە لەو ناوچەیەدا کە دەبینین کورد بە درێژای مێژوو و دروستبوونی لەسەر خاکی خۆی ژیاوە، کەچی زوڵم و دژمنایەتی بەرانبەری کراوە و نەیانهێشتووە ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، هەر چەندە خۆشمان وەکو میللەت و نەتەوە لە ناوخۆدا کێشە و ململانێیەکانمان وای کردووە، بگەینە ئەو ڕۆژگارە و سەربەخۆ نەبین، لە لایەکی دیکە، زۆرجار لەبەر هزر و بیروباوەڕێکی دەرەکی و هاوردەکراو لەلایەن هەندێ گرووپ و لایەن، بەتایبەتی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان، وا کراوە ڕێز لە خاك و نەتەوە و نیشتمان نەگیرێت، ئەمەش تاوان و گوناهە بەرانبەر بە میللەتی خۆمان دەکرێت، چونکە بەپێی ئەمری خودا و فەرموودەی پێغەمبەریش (د.خ) پێویستە ڕێز لە خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان بگرین. میللەتی کورد لە کۆنەوە و بە زوویی بووەتە ئیسلام و ڕێزی لە ئایینەکانی دیکەش گرتووە، هەر ئەمەشە وای کردووە، لە کوردستاندا پێکەوەژیانێکی مێژوویی و جوانی تێدا هەیە، هاوکات هەر بیر و هزرێکی وەکو ئیخوان و وەهابی و جیهادی و هەر جۆرێك لەو کوردستانە هەیە، بەبێ کێشە مومارەسەی هزری خۆیان کردووە و لەسەر ئەوانیش پێویستە ڕێز لە خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکانی نەتەوەی کورد و کوردستان بگرن، نەك دژی بن و خەڵك وا ڕابێنن کە خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکان نەپارێزن و ڕێزی لێ نەگرن. سەرەڕای ئەوانەش پێویستە هەموومان ڕێز لە سەرکردە و نیشتمانپەروەر و قارەمانەکانمان بگرین، کە بە هەموو جۆرێك لە سەردەم و قۆناغی زۆر سەختدا بەرگری و داکۆکییان لەو کوردستان و خاك و نیشتمانە کردووە و گەیاندوویانەتە ئەو ڕۆژەی کە ئێستا بە ئازادییەکی زۆر و سەروەرییەوە بژین .

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات؟**

- میللەتی کورد لە سەرەتای هاتنی ئیسلام بە ئارەزوومەندانە و پرۆسەیەکی ئاشتی ئیسلامی وەرگرتووە، گەلی کورد خواپەرستییەکی جوان و نموونەیی پیادە دەکات و ئیسلامی لا پیرۆزە و خاوەنی چەندین زانا و کەسایەتی و پیاوی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە، سەلاحەدینی ئەیوبی کە یەکێکە لەو سەرکردە مەزنانەی ئیسلام، کوردە، ئێمە خاوەنی چەندین سەرکردەی سیاسی و شۆڕشگێڕین کە لە ئایینی پیرۆزی

ئیسلامەوە کار و ئیشەکانیان سەرچاوەی گرتووە، هەر لە شێخ مەحموودی حەفیدەوە تا دەگاتە شێخانی بارزان و مەلا مستەفای بارزانیی نەمر و شێخ سەعیدی پیران و چەندانی دیکەی دیار، جێگەی فەخر و شانازیی کورد و ئایینی ئیسلامیشن، بەڵام ئەوانەی دەیانەوێت کەلتوور و مێژووی عەرەب یان هەر جۆرێکی دیکە بەسەر ئێمەی ئیسلامدا بسەپێنن، ئەوە هەڵەیە و قبووڵمان نییە، ئێمە خاوەن مێژوو و ڕابردوویەکی پاکی ئیسلامین و بۆ ئیسلام زۆر دڵسۆزین، کورد خاوەنی چەندین مەدرسە و حوجرەی ئیسلامی بووە و چەندین زانای لەسەر ئاستی پایەبەرز لەو قوتابخانانەدا دەرچوون و لەسەر ئاستی دنیای ئیسلامیش ناسراون.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسوولیدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سڕی» دامەزراوە. ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئیسلام لە توندوتیژی دوورە، بەڵکو ئیسلام بۆ ئاشتی و دادپەروەری و پێکەوەژیان هاتووە، هاوکات دوورە لە هەموو ململانێیەك کە ببێتە هۆکاری دووبەرەکی لە ناو کۆمەڵگەیەکدا، یان لە نێوان وڵاتان و میللەتاندا، ئیسلام ئەوە نییە کە تۆ بڵێیت (لا الە الا اللە) و لەولاشەوە بەرانبەر دراوسێکەت خراپ بیت، یان بڵێیت (لا اله الا الله) و بڕیار لەسەر کوشتنی کەسێك بەبێ هۆکار بدەیت، کە ئیسلام بێت یان ئیسلام نەبێت. تاوانی گەورەیە، هەر بۆیە دەبێت هەموومان وەکو ئیسلامی ڕاستەقینە دژی توندوتیژی و ئەو هزرە خراپە بوستین، وەکو فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت (لن یشاد الدین أحد إلا غلبه) بۆیە دەبێت لە هەموو کاتێکدا ئاگادار بین لەوەی کە لە توندوتیژی دوور بین، چونکە وەکو بە چاوی خۆمان دیتمان ئەو گرووپ و هزرانەی لەسەر توندوتیژی دەڕۆن، کچی بچووکیان ڕفاند و لە وڵاتان فرۆشتیان، کە ئەم گرووپەش تیرۆریستانی داعش بوو کە لەژێر پەردە و بیری ئیسلامییەوە ئەو کاریان ئەنجامدا، کە ئایینی ئیسلامیشیان پێ ناشیرین کرد. بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو گرووپ و بیروباوەڕانەی بە ناوی ئیسلام هەر لە تەنزیمی سڕی کە لەسەر دەستی سەید قوتب دروست بوو، تا دەگاتە جیهادی و سەلەفی و هەموو ئەو لایەن و کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییانەی لە وڵاتی خۆماندا هەیە، بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بیروباوەڕی جۆراوجۆر و دوور لە ئیسلام سیاسەت بڵاو دەکەنەوە، کە ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگە و خەڵك لە ئیسلامی ڕاستەقینە بە جۆرێکی دیکە و بە هەڵە تێبگات.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسیدا مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی (فتوا)دانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیرولموئمینین فتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگەدا؟**

- فتوادان لە ئیسلامدا کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە و لە هەمان کاتیشدا زۆر قورسە، ئەمەش پێویستی بە موفتی هەیە و موفتیش مەرج و پێویستیی خۆی هەیە، لەوانە کە دەبێت لە هەموو زانست و شەریعەتی ئیسلامدا شارەزایی تەواو و زۆری هەبێت، ئێنجا دەبێتە موفتی و دەتوانێت فتوا بدات، بە دڵنیاییەوە نابێت هەر کەسێك، یان ئیمامێك یان بانگخواز و لایەن و حزبێکی ئیسلامی لە لای خۆیانەوە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان فتوا بدەن، چونکە دوور لە بنەماکانی ئیسلامی ڕاستەقینە بێسەروبەری لە فتوادا، ئاڵۆزی و بێسەروبەری لە ناو خەڵك و کۆمەڵگەدا دروست دەکات، لە هەرێمی کوردستانیشدا لیژنەیەکی باڵای فتوا دامەزراوە، کە ئەو کەسانەی تێدا ئەندامن، هەر هەموویان زانا و شارەزا و پسپۆڕی جۆراوجۆرن لە زانست و شەریعەتی ئیسلامدا و، هەر هەموویان گەیشتوونەتە ئەو پەڕی شارەزایی و پلەی موفتییان وەرگرتووە، ئەم لیژنەیە دەتوانێت لە کاتی پێویست و ئەو بارودۆخانەی دێتە پێش، کە پێویستیان بە فتوایە هەیە، پاش گفتوگۆ و چەندین دانیشتن و دیراسەکردنێکی زۆر و تێروتەسەل، ئینجا فتوا دەدەن .

**بەپێی ئەمری خودا و فەرموودەی پێغەمبەریش (د.خ) پێویستە ڕێز لە خاک و نیشتمان و پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان بگرین**

**ئەوانەی دەیانەوێت کەلتوور و مێژووی عەرەب یان هەر جۆرێکی دیکە بەسەر ئێمەی ئیسلامدا بسەپێنن، ئەوە هەڵەیە و قبووڵمان نییە**

**ئەو گرووپ و هزرانەی لەسەر توندوتیژی دەڕۆن، کچی بچووکیان ڕفاند و لە وڵاتان فرۆشتیان**

# ئێستا دەبێت کێشەکانمان چارەسەر بکەین، لە باتی ئەوەی گلەیی لە ڕابردوومان بکەین



«دوای ئەوەی کورد ڕۆڵی بنەڕەتیی هەبوو لە بنیادنانی دامەزراوەکانی عێراقی تازە، لەگەڵ ئەو هەژموونە سیاسی و دەسەڵاتە فراوانەی کە هەیبوو، چ لە بەغدا، یان لە هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەو هەماهەنگی و هاریکارییە دڵسۆزانەی نێوان هەردوو سەرکردە (بارزانی و تاڵەبانی) هەروەها ڕۆڵیان لە یەکخستنی ریزەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم و ڕشتبوونیان لەسەر پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، کورد پێگەی بەهێزی لە عێراق هەبوو، بەڵام دۆخەکە ئێستا جیاوازە، چونکە پەرتەوازەیی و ناکۆکی و ناڕوونی لە هەڵوێستی یەکگرتوو لەهەمبەر پرسە چارەنووسسازەکان، ئەمانە دەرفەتیان بۆ دەسەڵاتی بەغدا ڕەخساند، کە بجووڵێتەوە و ئەم هۆکارانە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە، وابکات ڕێگە لە هەرێم بگرێت سوود لە سامانی سرووشتیی خۆی ببینێت، کە بریتییە لە سەربەخۆیی دارایی، هەروەها پابەندنەبوونی بەغدا بە داواکاریی نەخشەکێشانی سنوور، لە ڕێی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری».



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەندێ دامودەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان، بە زانکۆکانیشەوە، ڕاهاتوون سیمینار ساز دەکەن بۆ باسکردنی هەندێ پرس و کێشە کە کاتی خۆی چارەسەرمان نەکردوون، ئەمەش بێ ئەوەی چارەسەرێکی پراکتیکی و واقیعی بخەنە ڕوو، بۆ نموونە بەر لە چەند ڕۆژێك لە هەولێر سیمینارێك لەبارەی فیدراڵی و ڕۆڵی لە دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی ئاشتی لە عێراق ساز کرا، لەم سیمینارەدا کۆمەڵێك لە دەستەبژێری ڕۆشنبیری ئامادە بوون، بەڵام زۆربەی گفتوگۆکان لەبارەی شێوەی سیستەمی فیدراڵی و کەموکوڕی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوون، یان بۆچی ئەمە، یان ئەوەمان نەکرد.

لە واقیعدا، زۆربەی هاووڵاتیان لە کوردستان چاك دەزانن سیستەمی فیدراڵی چییە، کە لەوەتەی ساڵی ١٩٩٢ لە هەرێمی کوردستان وەك دیفاکتۆ پەیڕەو دەکرێت، لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەم سیستەمە لە دیفاکتۆ گۆڕا بۆ سیستەمێکی دەستووری، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی لە سایەی هەمان دەستووری پەیڕەوکراو لەوەتەی ٢٠٠٥ هەرێم هەموو دەسەڵاتێکی سیستەمی فیدراڵی هەبوو، تا ئێستاش لە سایەی هەمان دامەزراوەکانی یاسادانان و دادوەرییەوە، کورد لە بەغدا ڕۆڵی ئەرێنی و دەسەڵاتی بەهێزی هەبوو، بەڵام شتەکان گۆڕان، یەکسەر بە چەندین بیانوو و پاساو کاربەدەستانی بەغدا ڕاشکاوانە دەستوەردەدەنە دەسەڵاتەکانی هەرێم و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن، کە مافە دەستوورییەکانی پیادە بکات، هۆی ڕاستەقینەش دیار و ئاشکرایە، چونکە کورد ساڵانی ڕابردوو هەڵوێستی ڕوون و یەکگرتووی هەبووە، بە هۆی ڕۆڵی هەر دوو سەرکردە مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هاوکاری و هەماهەنگیی تەواوی نێوانیان لە پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، لەپاڵ هەڵوێستی یەکگرتووی جەماوەر و حزبە کوردستانییەکان،

**هۆی ئەو هەمانگی و هاریکارییە دڵسۆزانەی نێوان هەردوو سەرکردە (بارزانی و تاڵەبانی) هەروەها ڕۆڵیان لە یەکخستنی ریزەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم و ڕشتبوونیان لەسەر پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، کورد پێگەی بەهێزی لە عێراق هەبوو، بەڵام دۆخەکە ئێستا جیاوازە**

بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ململانێی کورد-کورد و پەڕاگەندەیی و ناکۆکییەکان، هەروەها بە دەرکەوتنی ڕەوتی جیاجیا و هاتنەکایەی ڕاڕایی و ناجێگیری لە هەڵوێستەکانیاندا، کە هەندێکیان لایەنگریی دەسەڵاتی سیاسی بوون و، گلەیی و گازندەیان لە دامەزراوەکانی هەرێم هەبوو، بۆیە ڕۆژانی زێڕین بەسەرچوون، دەسەڵات و کاریگەریی کورد لە بەغدا کەم بووەوە، جگە لەوەی کە هیچ هەموارێك لە دەستووری عێراق نەکرا، بەڵام لێکدانەوەی ماددەکانی دەستوور، بە گوێرەی حەز و ئارەزووی دەسەڵاتدارانی بەغدا بوو، دواتر بەغدا هەنگاوێکی دیکەی هەڵێنا، ئەویش دەستوەردان بوو لە هەموو کاروبارێکی هەرێم، دەسەڵاتەکەیشی بە ویست و بەرژەوەندیی خۆی لێکدەدایەوە، کەواتە ئەوەی ئێمە لە هەرێم تووشی بووین وەك هەڕەشەی ڕاستەوخۆ، نەك بە هۆی بەندەکانی دەستوور، یان لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم بووە، بەڵکو لە ڕەفتاری بەغداوە سەرچاوەی گرتووە، لە سەپاندنی سیستەمی سەنتراڵییەت، ئەویش بە قۆستنەوەی ئەو پەڕاگەندەیی و ناکۆکییانەی نێوان خودی کورد و نەبوونی یەکهەڵوێستی ڕوون لەلایەن حزبە کوردستانییەکانەوە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی هەندێکیان هەوڵ دەدەن بە تەنیا گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکەن، لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان و وەدەستهێنانی دەستکەوتی تەسکی حزبی.

دوای ئەوەی کورد ڕۆڵی بنەڕەتیی هەبوو لە بنیادنانی دامەزراوەکانی عێراقی تازە، لەگەڵ ئەو هەژموونە سیاسی و دەسەڵاتە فراوانەی کە هەیبوو، چ لە بەغدا، یان لە هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەو هەمانگی و هاریکارییە دڵسۆزانەی نێوان هەردوو سەرکردە (بارزانی و تاڵەبانی) هەروەها ڕۆڵیان لە یەکخستنی ڕیزەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم و ڕشتبوونیان لەسەر پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، کورد پێگەی بەهێزی لە عێراق هەبوو، بەڵام دۆخەکە ئێستا جیاوازە، چونکە پەرتەوازەیی و ناکۆکی و ناڕوونی لە هەڵوێستی یەکگرتوو لەهەمبەر پرسە چارەنووسسازەکان، ئەمانە دەرفەتیان بۆ دەسەڵاتی بەغدا ڕەخساند، کە بجووڵێتەوە و ئەم هۆکارانە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە، وابکات ڕێگە لە هەرێم بگرێت سوود لە سامانی سرووشتیی خۆی ببینێت، کە بریتییە لە سەربەخۆیی دارایی، هەروەها پابەندنەبوونی بەغدا بە داواکاریی نەخشەکێشانی سنوور، لە ڕێی جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠ی دەستووری ٢٠٠٥، بۆیە ململانێی نێوان ئەو حزبانە بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی هەرێم هەوڵ بدات تەنیا گوزەران و هۆکارەکانی ژیان بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، ئەم کارەش بوو بە مایەی سازشکردن لەنێوان بەغدا و هەولێر، بەمەش بەغدا هەوڵ دەدات، هەرێم لاواز بکات و دەستوەربداتە هەموو کاروباری کوردستان.

**■ پەرتەوازەیی و ناکۆکی و ناڕوونی لە هەڵوێستی یەکگرتوو لەهەمبەر پرسە چارەنووسسازەکان، ئەمانە دەرفەتیان بۆ دەسەڵاتی بەغدا ڕەخساند، کە بجووڵێتەوە و ئەم هۆکارانە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە**

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گفتوگۆ و دانوستانی چارەسەرئاسا و چۆنێتی ڕزگاربوون لەم دۆخە نالەبارە بکرێت، ڕەوشی دارایی و یاسایی بۆ هەرێم بگەڕێندرێتەوە وەك جاران، لەجیاتی ئەوەی جەخت بکەینە سەر وتووێژ و دانوستانی لاواز، یان لۆمەکە بخەینە ئەستۆی خۆمان و گازاندە لە یەکدی بکەین، یان بە دوور و درێژی باس لەوە بکەین، بۆچی وامان نەکرد، یان بۆ وامان کرد؟ گرنگ ئەوەیە جەخت بکەینە سەر ئەو خاڵە، چی بکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟.

**■ بە چەندین بیانوو و پاساو کاربەدەستانی بەغدا ڕاشکاوانە دەستوەردەدەنە دەسەڵاتەکانی هەرێم و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن، کە مافە دەستوورییەکانی پیادە بکات**

من، یان ڕەنگە زۆری وەك منیش وای دەبینن، کە پێویستە هەڵسەنگاندنێك بۆ بارودۆخی ئێستا بکرێت، یان ئەو ئەلتەرناتیڤانەی بەردەستن چین، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، لەجیاتی ئەوەی مشتومڕ و گفتوگۆ لەنێوان خۆمان وەك کورد بکەین لەبارەی ڕابردوو، چاکتر وایە هەموو دامەزراوە کوردستانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بانگی هاوشێوەکانیان لە عێراق بکەن، بۆ باسکردنی گرفت و ئاستەنگ و تەگەرە ڕاستەقینەکان، لەگەڵیاندا باس لە پرسە چارەنووسسازەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بکەین، دواجار بگەینە ئەوەی بتوانین هێزێکی جەماوەری بێنینە کایەوە کە فشار بخاتە سەر بەغدا، تاکو بگەینە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشە هەڵواسراوەکان و وەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، پاشەکشەکردن لە ئەنجامدانی دانوستان لەنێوان خودی کورددا، سوودی نییە، مەگەر لە حاڵەتی ئەوەی کە

**■ دەکرێ سیمینار ساز بکرێت بە ئامادەبوونی سەرکردەکانی کورد و حزبە سیاسییەکانی عێراق و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەوێدا کێشە هەڵواسراوەکانیان بەرەوڕوو بکەینەوە**

حزبە کوردستانییەکان داوا بکەن و پرسیار بکەن لە بارەی هۆیەکانی تێکچوونی بارودۆخەکە، دواجار سەپاندنی بەرژەوەندیی گەلی کورد لەسەر بەرژەوەندیی حزبەکان، هەروەها دەکرێ سیمینار ساز بکرێت بە ئامادەبوونی سەرکردەکانی کورد و حزبە سیاسییەکانی عێراق و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەوێدا کێشە هەڵواسراوەکانیان بەرەوڕوو بکەینەوە، لە جیاتی کۆبوونەوەی تاکلایەنە و پشت پەردەی هەندێ لە سەرکردە سیاسییەکانی کورد کە لەگەڵ حزبە عێراقییەکان دەیکەن.

ئێستا کاتی هاتووە هۆکارەکان دەستنیشان بکەین وەڵامی ئەمە بدرێتەوە، بەوەی کە ئەمە کارێکی باش نییە. کەواتە بیری سیاسی لای هەندێك بەوەی پابەندن بە سەنتراڵییەتی کارگێڕی لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئێستا هەر ماوە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە کە چۆن چارەسەری ئەمە بکەین و بەرەوڕووی ببینەوە، لەجیاتی باسکردنی دۆخەکە، گرنگ ئەوەیە بەدوای هۆیەکان و ڕێگەکاندا بگەڕێین، کە بەمە دەتوانین قەوارەی هەرێم بپارێزین، کە من پێموایە دەبێت حزبە کوردستانییەکان بخەینە بەردەم بەرپرسیارێتی و لێپێچینەوە، هەروەها فشارێکی جەماوەرییش بێنینە کایەوە، بۆ ئەوەی

**ئێستا کاتی هاتووە هۆکارەکان دەستنیشان بکەین کە بوونەتە هۆی لاوازیی بەرەی کوردستانی، لە ڕووی داکۆکییەکی یەکگرتوو لە بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان**



کە بوونەتە هۆی لاوازیی بەرەی کوردستانی، لە ڕووی داکۆکییەکی یەکگرتوو لە بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، بۆچی حزبە کوردستانییەکان گلەیی لە خۆیان دەکەن؟ یان داوای دادگایی و یاسایی دژی یەکدی تۆمار دەکەن؟ لە جیاتی ئەوەی ڕیزەکانیان یەك بخەن بۆ داکۆکیکردن لە کێشە چارەنووسسازەکان.

ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە چارەنووس و ئایندەی هەرێم دەکەن، لە عەقڵ بەدەرن و بەردەوامیش لە زیادبووندان، تەنیا بێین و هەر بە قسە بڵێین کە هەندێ لە توندڕەوانی نێو ڕژێمی حوکمڕانی بەغدا حەزیان لەوەیە سەنتراڵییەت جێبەجێ بکرێت، ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی هەرێم پەك دەخات لە ڕووی پیادەکردنی مافە دەستوورییەکانی خۆی، دەکرێ ئەو حزبانە هان بدەین، جارێکی دیکە بە خۆیاندا بچنەوە و هەڵوێستەکانیان هەڵبسەنگێننەوە، هەروەها ڕیزەکانیان یەك بخەن، خۆیان لە بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی دوور بخەنەوە. گوێمان لێیە کە زەنگی مەترسییەکان بە ئاشکرا لێ دەدات، چارەنووسی هەرێم کەوتووەتە دۆخێکی ناسکەوە، لێرەدا ئەرکی هەموو دامەزراوە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە کوردستان کە ئەو پرسیارە بکەن: دەبێت چی بکەین بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان؟ لە جیاتی گفتوگۆ و قسەکردنی بێ سوود و بێ کاریگەر لەسەر ئەوەی بۆچی پێشتر و لە ڕابردوو ئەمەمان نەکردووە، یان ئەو هەنگاوەمان هەڵنەهێناوە.

**ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە چارەنووس و ئایندەی هەرێم دەکەن، لە عەقڵ بەدەرن و بەردەوامیش لە زیادبووندان**



**محەمەد وانی**
نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی بۆ گوڵان:

# حزبایەتیی دوور لە هزری نەتەوەیی زیانی گەورەی بە شوناسی نەتەوەیی کورد گەیاندووە

**تەشەنەکردنی هزری توندڕەوی و نامۆ بە نەتەوە و دژایەتیکردنی بیروباوەڕی کوردایەتی هەر وا لەخۆڕا نەهاتووە، زۆر حزبی سیاسی و کەسانی پۆپۆلیست لەژێر پەردەی ئایین و ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆر کار بۆ سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەن، لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ محەمەد وانی نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی سازدا.**

*** نەیارانی کورد هەردەم ویستوویانە بە لاوازکردنی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی، زیان بە ئایندەی کورد بگەیەنن، ئەمەش بە ڕێگا و لەژێر پەردەی ئایین و ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونی نامۆ بەم میللەتە درێژەی پێ دراوە. ئایا تاچەند ئەم واقیعە تاڵە زیان و مەرگەساتی لێدەکەوێتەوە؟**

- بەداخەوە سەرگەردانییەك لە هەڵوێستی تاکی کورد لەسەر شوناسی نەتەوەیی و هزری نەتەوەیی و نیشتمانی دەبینرێت، نەوەکانمان نامۆن بە هزری نەتەوەیی و ئەو تراژیدیا و مەرگەسات و جینۆسایدەی داگیرکەرانی کورد بەسەر ئەم میللەتەیان هێناوە. کە بە هەزارەها قوربانی و شەهید و ماڵوێرانی لێکەوتووەتەوە. هۆکاری هەموو نەخۆشییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوشندە هەڵقووڵاوی ناو هەناوی حزبە سیاسییەکانە، کە نەیانتوانیوە هەر لە ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ـەوە هەنگاوی پتەو و بوێر بەرەو هزری نەتەوەیی بنێن و کوردستان بە دامەزراوەیی بکەن، تەنانەت ڕێگامان بە فکری توندوتیژی و دەمارگیری و ئیسلامی سیاسی و کەسانێك داوە کە زیان بە هزری نەتەوەیی کورد دەگەیەنن، هانی نەوەکانمان دەدەن دژی زمان و ئەدەب و ئاڵا و سروودی نیشتمانی و پیرۆزییەکانی نیشتمان و نەتەوەکەمان ڕەفتار بکەن. گومان لەسەر شۆڕش و خەبات و سەرکردە مێژووییەکانمان دروست بکەن و، ئەو کارەی دوژمن و نەیارانمان بۆیان نەکراوە، ئەمان تەواوی بکەن. خۆ ئەگەر لەساڵی ١٩٩٢ کە پەرلەمان و حکومەت دامەزرا، کارمان بۆ دامەزراوەکان بکردایە و بە دەستوور و یاسا ئەوانەی دژی ئەم میللەتە و هەرێمەن سزا بدرانایە و خۆشمان کەمێك کارمان بۆ پاراستنی لایەنی نەتەوەیی و کوردایەتی بکردایە، ئەوا هەرگیز نەیارانی کورد نەیاندەتوانی لە ڕێگەی هەندێك حزب و گرووپی سیاسی و زۆرجاریش بەناو دەستەبژێری ناو کۆمەڵگەکەوە گاڵتە و سووکایەتی بە سیمبولەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن. لە قۆناغێکدا کە هێشتا دەوڵەتی کوردی دانەمەزراوە و دەوروبەرمان بە دوژمن و نەیاری سیاسی و میلیشیات و گرووپی قین لەدڵ ئاخنراوە. بە بڕوای من حزبایەتی دوور لە هزری نەتەوەیی، زیانی گەورەی بە شوناسی نەتەوەیی کورد گەیاندووە و نەوەیەکیان خوڵقاندووە، نامۆ بێت بە شوناسی نەتەوە و پیرۆزییەکانی خاك و نیشتمان.

*** کارکردن بۆ سڕینەوەی ئینتما و پیرۆزییەکانی نیشتمان و زیانگەیاندن بە ناو و ناونیشانی کورد لەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی هاوپەیمانان و ئەمریکا چۆن لێك دەدرێتەوە؟**

- بەو پێیەی من تەمەنێکی زۆرم لە وڵاتانی ئەورووپا بەسەر بردووە، باش ئەو ڕاستییە دەزانم کە دەوڵەتی کوردی دەبێت لە بونیادنانی هزری نەتەوەییەوە دابمەزرێت، دەبێت کۆمەڵگە و تاکی کورد بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکرێن، ئەم پرۆسەیەش هاوکاتە لەگەڵ هەوڵە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی سەرکردایەتیی کورد. دەوڵەتەکانی باشووری سوودان و بۆسنە و هەرسك و تەیموری ڕۆژهەڵات و چەندین وڵاتی دیکە کە بوون بە دەوڵەتیان ڕاگەیەنرا، دوای ئەوە بوو کە ماوەیەك نیمچە سەربەخۆییان هەبوو و ئەمریکاو هاوپەیمانەکان چاودێرییان دەکردن، بزانن ئەوان دەتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن، یان ناتوانن، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چاوەڕێیان کرد، کورد بە شێوەیەکی یاسایی و پوختە خۆی بەڕێوە ببات و یەکگرتووانە حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی

**نەوەکانمان نامۆن بە هزری نەتەوەیی و ئەو تراژیدیا و مەرگەسات و جینۆسایدەی داگیرکەرانی کورد بەسەر ئەم میللەتەیان هێناوە**

**ڕێگامان بە فکری توندوتیژی و دەمارگیری و ئیسلامی سیاسی و کەسانێک داوە کە زیان بە هزری نەتەوەیی کورد دەگەیەنن**

**ئەوە چ جۆرەتێکە میللەتێک بە زۆرینەی دەنگ داوای مافێکی ئاسایی خۆی بە بەڵێ بکات، کەچی سیاسەتمەدار و بەناو نوخبەی کوردی دژایەتی بکات و پاساو بۆ سەرنەکەوتنی بهێنێتەوە**

پارتـی و یەکێتـی یەکگرتـوو و تەبـا بوونایـە و هێزی پێشمەرگەو دامەزراوەکانیان لەسەر بنەمای نیشتمانی بەڕێوە ببردایە و دوو ئیدارە و سیاسەت و وەلائی ئینتمایان بۆ میحوەری ئێران نەبووایە، کەچی هاوپەیمانەکانـی کـورد ئەمەیـان نەبینـی، تەنانـەت لـە ڕیفراندۆمیشـدا یەکگرتـوو نەبوویـن و خەنجەرمـان لەپشـتی یەکتـر دا و پاڵپشـتیی سـەرۆک بارزانییـان نەکـرد. تـۆ بزانـە ئـەوە چ جورئەتێکە میللەتێک بە زۆرینەی دەنگ داوای مافێکی ئاسایی خۆی بە بەڵێ بکات، کەچی سیاسەتمەدار و بەناو نوخبەی کوردی دژایەتی بـکات و پاسـاو بـۆ سـەرنەکەوتنی بهێنێتـەوە. لەدوای ڕیفراندۆم دەرکەوت کە ئێمە خاوەنی چ حزب و بەناو سیاسەتمەدارێکین کە دژی خواستی میللەتەکەیان بۆ سەربەخۆیی وەستانەوە، ئەوان تەنیا لە قۆناغە مێژووییەکانیشدا گۆڕانکاری لە هـزر و بۆچـوون و دەوڵەمەندبوونـی زیاتـری هەسـتی نیشـتمانپەروەری و نەتەوەییـان نییـە، لـە پرۆسـەیەکی ئاڵـۆزی بەنـاو دیموکراتـی و هەڵبژاردنـدا درێژە بە وەلائی حزبایەتی و هزر و بیروبۆچوونی دوور لە نەتەوەیی و نیشتماپەروەری دەدەن.

*** ئایا بۆچی بیروباوەڕی دوور لە شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی زاڵە بەسەر هەندێك حزبدا؟ ئەمە پاڵنەرێکی دەرەکییە، یان دەرئەنجامێکی ئەو ململانێی قووڵەی حزبایەتییە کە ئاماژەت پێدا؟**

- کاتێك هەستی حزبایەتی لەبری هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی زاڵ دەبێت، ئەوا حزبی بەرانبەریش ئەو هەستە حزبایەتییەی زاڵ دەبێت بەسەر هزر و بیرکردنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، لەئێستادا زەمینە لەبارە بە بوونی سەرۆك بارزانی وەکو ڕابەرێکی نەتەوەیی بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد. لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی نامۆ بە کەلتوور و دابونەریت و مێژووی ئەم میللەتە نەهێڵدرێت، ئەمە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرگاوالاکردن و نزیکبوونەوەی پارتی لە خەڵك و جێبەجێکردنی خواست و داکارییەکانیان دێتە دی، چونکە لە نێوخۆی کوردستاندا تابوورێکی دژ بەکورد کە بە ئاوازی دوژمن و نەیارانی کورد دەخوێنن، بوونیان هەیە و، لەناو سیاسەتمەدار و سەرۆکی حزب و پەرلەمانتار و تا شۆڕدەبێتەوە بۆ تاکێکی ئاسایی، ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بە هاندان و پاڵپشتیی دەرەکی لە تەشەنەکردندایە. من تێناگەم، تۆ میللەتێکی (دوێنێ) کۆمەڵکوژ کراوی و جەلادەکانت داوای لێخۆشبوونیشیان نەکردووە، نەوەکو قەرەبووکردنەوە، کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان قەتلوعام دەکرێن، کەچی حزبی ئیسلامی سیاسی و کەسانی وا هەن کە دژی سیمبولەکانی نیشتمان و پیرۆزییەکانی نەتەوە لێدوان دەدەن، بانگەشە بۆ دوژمن و نەیارانی کورد دەکەن و بە شان و باڵی پایتەختەکانی بەغدا و ئەنقەرە و تاراندا هەڵدەدەن، ئەوەتا لە کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و کڕینەوەی ماڵ و خانوو و ڕەز و باخی کورد بەردەوامە، کەچی دێن و لە نێوخۆدا حکومەت و دەوڵەتیان سەرقاڵی شەڕ و ئاشووب و پشێوی کردووە، بگرە سەرۆك بارزانیان کە خاوەن ڕابردوویەکی پاك و نەتەوەییە و هەڵگری هزری بارزانییە سەرقاڵی ئەو ململانێیە کردووە.

*** قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدان و شۆڕش و خەباتی دوور و درێژی گەلی کوردستانە، ئایا هەوڵەکانی لاوازکردنی قەوارەی هەرێم لەم چوارچێوەیەدا دێت، کە زیان بە نەتەوەی کورد بگەیەنرێت و ئەم ئەزموونەش لە بەرچاوی کوردی بەشەکانی دیکە ناشیرین بکرێت؟**

- هەموو ئەوانەی کار بۆ ناشیرینکردنی هزری نەتەوەیی و لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی لەناو گەلی کورد دەکەن، لە نێوخۆ بێت، یان لە دەرەوەی هەرێم، لە ڕێگای ناشیرینکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لاوازکردنی قەوارەی هەرێمەوە دەکرێت. ڕاستە کەموکورتیی گەورە هەیە، بەڵام بەشێکی ئەو کەموکورتییانە دوژمن و نەیارەکانی گەلی کورد لە دەرەوە دروستیان کردووە و لەناوخۆشدا گوێگر و کەسانێك هەن کە دەهۆڵیان بۆ لێ دەدەن. هەروەکو چۆن زمان و سروود و ئاڵا و پیرۆزییەکانی نیشتمان موڵکی خەڵکە، بە هەمان شێوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و قەوارەی هەرێمیش موڵکی هیچ حزبێك نییە و موڵکی کوردستانییەکانە، تۆ سەیر بکە لەناو سەرکردە گەورەکانی کورد تەنیا ئومێد

**لەئێستادا زەمینە لەبارە بە بوونی سەرۆک بارزانی وەکو ڕابەرێکی نەتەوەیی بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد**

**کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان قەتلوعام دەکرێن، کەچی حزبی ئیسلامی سیاسی و کەسانی وا هەن کە دژی سیمبولەکانی نیشتمان و پیرۆزییەکانی نەتەوە لێدوان دەدەن**

**لە کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و کڕینەوەی ماڵ و خانوو و ڕەز و باخی کورد بەردەوامە**

**ڕاستە کەموکورتیی گەورە هەیە، بەڵام بەشێکی ئەو کەموکورتییانە دوژمن و نەیارەکانی گەلی کورد لە دەرەوە دروستیان کردووە**

و شانازییەك كە ماوە بارزانییە كە لەسەر هزر و عەقیدەی كوردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی پەروەردە كراوە و پیادەی هزری كوردایەتی دەكات، كەچی پەككە لەناو خاكی هەرێمی كوردستان و بە دووریی دەیان كیلۆمەتر لە خاكی خۆیەوە دژایەتیی ئەم هزرە نەتەوەییە و بارزانی دەكات، سەرۆك حزبی دیكەی كوردستانی هەیە كار لەسەر تۆخكردنەوەی دوو ئیدارەیی دەكات، تەنیا بۆ زامنكردنی دەسەڵاتەكانی خۆی و جێبەجێكردنی پیلان و مەرامەكانی موخابەراتیی وڵاتانی دەوروبەر، باشە هەڵبژاردن چی

و خەبات و شۆڕش و ئەو هەموو قوربانی و كۆمەڵكوژییەی دژ بەكورد ئەنجام دراوە، ئەو كات دەزانین چ هەڵەیەكی مێژووییە حزبەكان و كەسانێك لەژێر پەردەی ئایین و ئایدیۆلۆژیاوە دژ بە هەرێمی كوردستان و حكومەتەكەی ئەنجامی دەدەن، ڕاستە كەموكورتی هەیە و ئازادیش بۆ ڕەخنەگرتن هەیە، ئەم قەوارەیەی هەرێمی كوردستان تاكە ئومێدی دروستبوونی دەوڵەتی كوردییە، دوژمن كەم نییە و دەتوانێت لەكاتی پەرشوبڵاوی و پشێوی و كاڵكردنەوەی هزری نەتەوەیی زەفەرمان پێ ببات.

**پەككە لەناو خاكی هەرێمی كوردستان و بە دووریی دەیان كیلۆمەتر لە خاكی خۆیەوە دژایەتیی ئەم هزرە نەتەوەییە و بارزانی دەكات**



ڕەونەقێكی دەمێنێت، لەكاتێكدا تۆ ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەكەیت، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی گەل لەناو پەرلەمان دامەزرێنیت، كەچی لە ئێستادا بوونەتە نوێنەرایەتیی حزب و دەهۆڵ لێدەری موخابەراتی وڵاتانی دراوسێ.

*** ئایا ئەو هێرشەی ناو سۆشیال میدیا لەسەر هزر و شوناسی نەتەوایەتی هەر لەم پاشاگەردانی و پیلان و مەرامانەی نەیارانی كوردەوە هاتووە؟**

- ئەوەی لە سۆشیال میدیا دژی هەست و سۆزو بیری نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت، زوڵمێكی گەورەیە و ئێمە بەدەستی خۆمان ئەم هەرێمە لەناو دەبەین. خۆ ئەگەر كەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە لەسەر بیروباوەڕی پێشمەرگایەتی

دەزانیت نەتەوە بە كەرتی پەروەردە دەوڵەمەند دەبێت و بونیات دەنرێت. سەرۆك بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە، تاوەكو گرنگی بە پەروەردەی منداڵەكانمان بدەین، بەداخەوە ئێمە مامۆستامان برسی كرد و حزبەكانیش دۆخەكەیان قۆزتەوە و خستیانە سەر شەقام و منداڵەكانیشمان پەروەردەیەكی ڕاست و دروست نەكران. سەیری توركیا و ئێران بكەن، چۆن منداڵەكانیان فێر دەكرێن ڕێز لە ئاڵا و سروود و زمان و جلوبەرگیان بگرن. بۆیە بونیادنانی نەتەوە لە پەروەردە و فێركردنی منداڵەكانمانەوە لەدایك دەبێت و ئەوانیش بەرگریكار و پارێزەری خاك و نەتەوە و نیشتمانەكەیان دەبن.

**ئەوەی لە سۆشیال میدیا دژی هەست و سۆزو بیری نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت، زوڵمێكی گەورەیە و ئێمە بەدەستی خۆمان ئەم هەرێمە لەناو دەبەین**



سەیدی یوسف
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە باوەڕی بە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان نییە و بوونەتە گرووپێکی چەکدار بۆ نانەوەی پشێوی

**پەکەکە لەوەتـەی دامـەزراوە و بەتایبـەت لـەو کاتـەوە چیـای قەندیلـی لـە باشـووری کوردسـتان داگیـر کـردووە، بووەتـە مایـەی سەرئێشـە و ناسـەقامگیری لـە هەرێمـی کوردسـتان و، ماوەیەکیشـە بەتایبـەت لـە سـنووری سـلێمانی و گەرمیـان و ڕاپەڕیـن و چەندیـن شـوێنی دیکـە، جووڵـەی ئـەو گرووپـە چەکدارانـەی پەکەکـە زیـادی کـردووە، ئەمـەش وای کـردووە، درۆنەکانی تورکیـا بۆردومانـی ئـەو شـوێنانە بکـەن. گۆڤـاری گـوڵان لەسـەر ئـەم پرسـە دیدارێکـی لەگـەڵ سـەیدی یوسـف ئەندامـی پێشـووی پەکەکـە ئەنجـام دا .**

*** پەکەکـە ماوەیەکـە جموجووڵـی جیـاوازی دژی هەرێمـی کوردستانی زیاتـر کـردووە و لێرە و لـەوێ بـە شـێوەی گرووپـی چەکـدار دەردەکـەون. ئایـا ئـەو کارانەیـان بـە مەبەسـتی چییـە و کـێ دەسـتیان لەپشـت دەدات؟**

- ئەرکـی هەمـوو کوردپـەروەر و کوردستانییەکە بـەردەوام بـۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان هـەوڵ بـدات، بـەڵام چەکدارانـی پەکەکـە بـەو ئاراسـتەیە کار ناکـەن، بەڵکـو بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان و سـەرکردە هەلپەرسـتەکانیان کار دەکـەن. هـەر بۆیـە دوای ئـەوەی لـە پیـلان و کارەکانیـان تـا ڕادەیـەك سـەرکەوتوو نەبـوون لـە باکـووری کوردسـتان و متمانـەی خەڵـك و جەماوەریـان لەدەسـت دا، هاتـن پەلامـاری هەرێمـی کوردستانیان دا و، سـەرئەنجام قەندیـل و چەندیـن شـوێنی دیکـەی سـنوورییان لـە هەرێمـی کوردسـتان داگیرکـرد و، بوونـە هـۆی سەرئێشـە بـۆ گەلـی باشـووری کوردسـتان، بەمـەش دەسـتی سـوپای تورکیـان ڕاکێشـایە نـاو خاکـی باشـووری کوردسـتان. چەکدارانـی پەکەکـە لـە دامەزراندنیانـەوە بـاوەڕ و پەیڕەویـان نەتەوەیـی و نیشتمانی نەبـووە و نەیانویسـتووە کوردستان ئـازاد و سـەربەخۆ بێـت، هـاوکات مەبەسـت لـە هاتنیـان بۆ باشووری کوردستان بۆ دژایەتیی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـووە، چونکـە لـە غەیـری خۆیـان باوەڕیـان بـە هیـچ لایـەن و حزبێـك نییـە، وەك ئـەو حزبانـەی کـە چەندیـن سـاڵە شۆڕشـی ڕزگاریخـوازی بـۆ گەلـی کوردسـتانی باشـوور دەکـەن، بەتایبـەت پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. پەکەکـە سـتراتیژ و پیلانـی تازەیـان داڕشـتووە لـە دژی قـەوارە ئـازاد و سـەربەخۆی هەرێمـی کوردستان، ئەویش ئەوەیە کە خۆیان لـە چەندین گرووپـی چەکداریـدا دەبیننـەوە کـە هـەر گرووپێـك بـە پیلانـی سـەرکردەیەکیان بـۆ بەرژەوەندیـی شەخسـی و بۆ تێکدانی ئارامـی و سـەقامگیریی هەرێمـی کوردسـتان بـە کار و کـردەوەی قێـزەوەن و دوور لـە مرۆڤایەتـی هەڵدەسـتن، لـەو کار و پیلانانەیانـدا توانیویانـە بـە تـەواوی زەفـەر بەسـەر سـنوور و دەڤـەری ڕاپەڕیـن و گەرمیـان و سـلێمانیدا ببـەن و وایـان کـردووە کـە بۆردومانـی

**ئەرکی هەموو کوردپەروەر و کوردستانییەکە بەردەوام بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەوڵ بدات، بەڵام چەکدارانی پەکەکە بەو ئاراستەیە کار ناکەن**

**چەندانی وەک من بۆمان دەرکەوت، پەکەکە تەنیا بە ناو کار بۆ سۆشیالیستی و مارکسی دەکەن، ئەگینا کۆمەڵە خەڵکانێکی هەلپەرست و دژ بە نەتەوە و گەلی کوردستانن**

**هاتنی چەکدارانی پەکەکە بۆ باشووری کوردستان بە مەبەستی تێکدانی ئارامی و ئازادیی هەرێمەکەیە و هەوڵدانێکە بۆ نانەوەی کێشە لە بەردەم هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا**

**ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو کە توانی تەلیسمی تیرۆریستانی داعش تێک بشکێنێت و ببێتە بەشێک لە هێزی هاوپەیمانیی جیهانی**

درۆنەکانی تورکیا ڕاکێشنە ئەو شوێن و سنوورانە، بەمەش لە سنووری قەزای ماوەت و چەمچەماڵ و عەربەت و چەندین شوێنی دیکە ڕووبەڕووی بۆردومانی درۆنەکانی سوپای تورکیا ببنەوە، هەروەها لێرە و لەوێش کێشە بۆ ناوچەی مەخموور دروست دەکەن، هەموو ئەو کارانەی پەکەکە لە دژی باشووری کوردستان، بە هاوکاری و دەستلەپشتدانی حەشدی شەعبی و ئەو میلیشیانەیە کە دوژمن و داگیرکەری کوردستانن.

*** ئایا پەکەکە لایەنێکی نەتەوەیی کوردستانییە، یان لەو بەرنامە و پەیڕەوە دوورە، چونکە وەك دەبینین لە باکووری کوردستان کە شوێنی ڕاستەقینەی ئەوانە و چیاکانی باکوور لە چیاکانی هەرێمی کوردستان سەختترن، کەچی هاتوونەتە باشووری کوردستان و بەم هۆیەوە سوپای تورکیایان ڕاکێشاوەتە هەرێمی کوردستان؟**

- چەکدارانی پەکەکە بە هیچ شێوەیەك بیری نەتەوەیی و سەربەخۆییان بۆ کوردستان نییە، بەڵکو لەسەر بیر و پڕۆگرامی چەپ دروست بوون و ئەو لایەن و پارتە کوردستانییانەشیان خۆش ناوێت کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەوڵ دەدەن، هەر ئەمەشە وای کرد، پەلاماری هەرێمی کوردستان بدەن و قەندیل و چەند ناوچەیەکی سنووری داگیر بکەن، بەم هۆیەشەوە بوونەتە هۆکاری پەلکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە چەکدارانی پەکەکە زیاتر لە (١٠) ساڵ دەبێت بە فەرمانی هەڵە و ڕەفتاری خراپی سەرکردەکانیان دەجووڵێنەوە، ئەوەتا توانای شەڕی سوپای تورکیاشیان نییە، بەڵکو مەبەستیان تەنیا نانەوەی کێشە و گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان و بەو ڕەفتار و کارە خراپانەی دوور لە بیری نەتەوەیی و کوردستانی، سەلمێندراوە کە نایانەوێت هێمنی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان بەرقەرار بێت، چونکە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ کە لە ڕژێمی بەعس ڕزگاری بوو، بووەتە پەناگە وماڵێکی گەورە و ئاسوودە بۆ هەموو کوردێکی هەر چوار پارچەی کوردستان. پەکەکە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان کە باکووری کوردستانە، لەوێ شاخی زۆر سەختتر و بەهێزتر لە باشووری کوردستانی هەیە، بەڵام چەکدارانی پەکەکە بەتایبەت سەرکردەکانیان لەپێناو مانەوە و بەرژەوەندیی کەسێتیی خۆیاندا چەندین کەسی هەژار و نەتەوەییان هەڵخەڵەتاندووە و بە شێوەی گرووپ گرووپی چەکداری لێرە و لەوێ لە باشووری کوردستان لە چەند دەڤەر و شوێنێك جموجووڵی بێ مانا و بێ مەبەستیان پێ ئەنجام دەدەن و، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە سوپای تورکیا چۆن پەلکێش کراوە بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان و بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە (٦٠٠) گوند چۆڵ بکرێت، ئاواش تورکیا بە درۆن نائارامیی لەو شوێنانەش دروست بکات.

*** پەکەکە کاتێك خۆی ناساند، بووە هێزێکی چەکداری لە باکووری کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەم کارە تێکدەرانە و دوژمنکارییانەیان لە باشووری کوردستان، پێگەی خۆیان لەدەست داوە. بە جۆرێك، نەك تەنیا لە ناو خاکی کوردستانی باکوور، بگرە لە هەرێمی کوردستانیش توانای سەربازییان زۆر کەم بووەتەوە، لەو بارەیەوە ڕات چییە؟**

- پەکەکە بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامەی کە ڕایگەیاندبوو، دژ بوو، کە ئیدیعای نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ گەلی کوردستان دەکرد، چەندانی وەك من بۆمان دەرکەوت، پەکەکە تەنیا بە ناو کار بۆ سۆشیالیستی و مارکسی دەکەن، ئەگینا کۆمەڵە خەڵکانێکی هەلپەرست و دژ بە نەتەوە و گەلی کوردستانن و بۆ مەرام و بەرژەوەندیی شەخسی کار دەکەن، بەتایبەت لە ڕووی داراییەوە هەڵپە دەدەدن، لەلایەکی دیکەوە لە شەڕی خەندەق لە باکووری کوردستان بە شێوەیەك جووڵانەوە بوونە هۆکاری ماڵوێرانیی هەموو شار و ناوچە کوردستانییەکان، هەر ئەو وێرانکارییە بوو وای کرد، چیتر چەکدارانی پەکەکە نەتوانن لە باکووری کوردستان بمێننەوە. وەك پێشتر ئاماژەم پێدا چەکدارنی پەکەکە چاویان بە قەوارەی هەرێم و حکومەتی کوردستان هەڵنایەت و پیلانگێڕی دەکەن بۆ تێکدانی ئارامی و سەقامگیریی باشووری کوردستان، هاتنی چەکدارانی پەکەکە بۆ باشووری کوردستان

بە مەبەستی تێکدانی ئارامی و ئازادیی هەرێمەکەیە و هەوڵدانێکە بۆ نانەوەی کێشە لە بەردەم هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، چونکە وەك دەزانین ئەوە هێزی پێشمەرگە بوو کە توانی تەلیسمی تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنێت و ببێتە بەشێك لە هێزی هاوپەیمانیی جیهانی.

*** باشە چۆن دەبێت هێزێکی کوردی ببێتە داردەستی ئەو حەشدی شەعبییانەی دژی هەرێمی کوردستان و فیدراڵین؟ ئایا تاچەند ئەم کارە زیان بە مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەگەیەنێت؟**

- چەکدارانی پەکەکە سەر بە حەشدی شەعبین و مووچە و چەك و پێداویستییان لەلایەن حەشدەوە بۆ دابین دەکرێت، بەتایبەت ئەوانەی لە شنگال و قەندیلن، مانگانە بەشێکی زۆریان لەگەڵ میلیشیاکانی حەشد مووچەیان بۆ دێت. لەلایەکی دیکەوە چەکدارانی پەکەکە وەك گرووپێکی ئامادەکراو بۆ هەر لایەن و وڵاتێك، بەتایبەت داگیرکارانی کوردستان دەبنە بەکرێگیراو، بەتایبەت دژی قەوارەی هەرێم و حکومەتی گەلی کوردی باشووری کوردستان دەجووڵێنەوە، هاوکات زۆر پیلان و هەوڵیشیان هەیە، هەر لە چوارچێوەی دەستلەپشتدانی حەشدی شەعبی و وڵاتانی هەرێمییەوە بە مەستی کەمکردنەوەی ئارامی و سەقامگیری و سەروەریی یاسا لە باشووری کوردستاندا، بەتایبەت لە دژی لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان، کە ئەویش تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانە بە ڕابەرایەتی و کاریزمایی جەنابی سەرۆك بارزانی .

*** بەڵام قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتێکی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانیان ئەم ڕاستییە نازانن؟**

- چەکدارانی پەکەکە بە تەواوی لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا بۆیان ڕوون بووەتەوە کە هەرێمی کوردستان و حکومەت و دامەزراوەکانی بوونەتە چەتر و پەناگە و شوێنێکی ئارام و سەقامگیر بۆ هەر کوردێك لە جیهاندا، بەتایبەت بۆ کوردانی وەك ئێمەی باکوور، کە بووەتە هۆی ئەوەی بتوانین درێژە بە ژیانی خۆمان و منداڵ و کەسەکانمان بدەین، هەرێمی کوردستان جگە لەوەی خاکی کوردانە، حکومەت و دامەزراوەکانیشی لە خزمەتی ژیان و پاراستنی هەر هاووڵاتییەکی چوارپارچەکەدایە، بەتایبەت ئەوانەی لێیان دەقەومێت و ناتوانن لەگەڵ حکومەتی وڵاتەکانی داگیرکەریاندا بژین، ئەوە دەتوانن وەك هاووڵاتی ئاسایی گەلی کوردستان بێن بە ئارامیی لە هەرێمی کوردستان وەك وڵاتی خۆیان بژین و کار بکەن.

*** کاتێك حکومەتی هەریمی کوردستان دەیەوێت بە ڕێگەی ئاشتی کێشەی چەکدارانی پەکەکە چارەسەر بکات، چەکدارانی پەکەکە بۆسە بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێن و پێشمەرگە شەهید دەکەن. دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت، کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- پەکەکە هیچ کاتێك لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی و ئارامیدا نییە، چونکە لە ڕێگەی ئەو جۆرە پرۆسە مرۆڤایەتییانەوە بەرژەوەندی و مامەڵەکانیان کۆتایی پێ دێت، بۆیە دیتمان کە جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیادا، بەڵام لە دواقۆناغەکاندا پەکەکە ئەو هیوا و ئاواتەشیان لە گۆڕنا، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئاشتی و سەقامگیری لە باشووری کوردستانیش هەبێت، ماوەماوە لێرە و لەوێ ڕێگە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەگرن و لەسەر ڕێگەکانیان تەقینەوە دادەنێن و دەبنە هۆکاری شەهیدبوون و برینداربوونی برا پێشمەرگە قارەمانەکانمان، سەرەڕای هەموو ئەو کردەوە و ڕەفتارە ناڕەوایانەی چەکدارانی پەکەکە، کەچی جەنابی سەرۆك بارزانی لە بڕیار و پەیامێکدا فەرموویەتی شەڕی کورد و کورد حەرامە و نابێت قەت جارێکی دیکە ڕوو بداتەوە، لە ئێستاشدا کە تورکیا دەیەوێت لە ئۆپەراسیۆنێك بە ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە، بەتایبەتی لە چیای قەندیل و ناو سنووری باشووری کوردستان بکات، ئەوە جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر دڵتەنگ کردووە و بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو کارە خوێناوییە ڕوو نەدات.

**جەنابی سەرۆک بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیادا، بەڵام لە دواقۆناغەکاندا پەکەکە ئەو هیوا و ئاواتەشیان لە گۆڕنا**

**چەکدارانی پەکەکە سەر بە حەشدی شەعبین و مووچە و چەک و پێداویستییان لەلایەن حەشدەوە بۆ دابین دەکرێت، بەتایبەت ئەوانەی لە شنگال و قەندیلن**

**پەکەکە هیچ کاتێک لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی و ئارامیدا نییە، چونکە لە ڕێگەی ئەو جۆرە پرۆسە مرۆڤایەتییانەوە بەرژەوەندی و مامەڵەکانیان کۆتایی پێ دێت**

**سەرەڕای هەموو ئەو کردەوە و ڕەفتارە ناڕەوایانەی چەکدارانی پەکەکە، کەچی جەنابی سەرۆک بارزانی لە بڕیار و پەیامێکدا فەرموویەتی شەڕی کورد و کورد حەرامە و نابێت قەت جارێکی دیکە ڕوو بداتەوە**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر مورا گرۆسمان بۆ گوڵان:

# پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بە ڕەوتێکی هێندە خێرا دەبزوێت کە یاساکان لەگەڵ پەسەندکردن و بەرکاربوونیاندا بەسەر دەچن

**مورا گرۆسمان پرۆفیسۆر و توێژەرە لە سکووڵی زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی واتێرلۆ لە ئۆنتاریۆ لە وڵاتی کەنەدا، هەروەها پارێزەر و ڕاوێژکار بووە و بۆ ماوەی ١٧ ساڵ نوێنەری یاسایی و پارێزەری ١٠٠ کۆمپانیا و دامەزراوەی دارایی کردووە لە کەیسە مەدەنییەکاندا، لە چەندین پرسی یاسایی و تەکنیکی و ستراتیژیدا ڕاوێژکاریی بۆ چەندین کۆمپانیا کردووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکرد و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی ئەم بەرەوپێشچوونە و، چەندین بابەتی دیکەی پەیوەندیدار.**

* سەرەتا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، کە ئایا گرنگترین دەرئەنجامە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و وجوودییەکانی بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکرد چین و چۆن دەکرێت پێشکەوتنی ژیریی دەستکرد بگونجێندرێت لەگەڵ بەهاکانمان و، لەگەڵ برەودان بە خۆشگوزەرانیی مرۆڤ و کەمکردنەوەی مەترسییەکان لە ئایندەدا؟

- ڕەنگە گەورەترین مەترسی و هەڕەشەی سەرچاوەگرتوو لە بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکرد بریتی بێت لە بڵاوبوونەوەی ئەوەی پێی دەگوترێت دیپ فەیك-deepfake-، کە بریتییە لە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ و دەنگ و وێنە، هەروەها لەبەر ئەوەی ژیریی دەستکردی خوڵقێنەر بەرەوپێش چووە، ئەوا بە ڕەوتێکی خێرا نزیك دەبینەوە لە قۆناغێك کە ئەو ناوەڕۆکەی کۆمپیوتەر دروستی دەکات، نزیکە لەوەی هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەو ناوەڕۆکەی کە دەستکردی مرۆڤە. بە چاوپۆشین لەو زیانەی کە وێنە پەسەندنەکراوەکان (کە گەیشتوونەتە منداڵانی قۆناغی خوێندن و قوتابخانە) و شێوە هەرە پێشکەوتووەکانی ساختەکاری، کە ژیریی دەستکردی خوڵقێنەر دەتوانێت کارئاسانی بۆ بکات (کە بە زۆری بەساڵاچووەکانیان کردووەتە ئامانج، کە لە بارێکی لاوازدان لە بەرانبەر ئەم هەڕەشانەدا) ئەوا دیپ فەیك دەرئەنجامی قووڵی دەبێت لەسەر سیستمی دادپەروەری و پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕەنگە خودی دیموکراسییش. لە ئایندەیەکی نزیکدا دادوەران و دەنگدەران و ڕای گشتی لە بارێکدا دەبن کە ناتوانن پشت بە چاو و گوێیەکانیان ببەستن بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە خەیاڵ، جیهانێکی لەم شێوەیەش زۆر مەترسیدار دەبێت، لە ئێستادا من کەمتر نیگەرانم لەبارەی هەڕەشە وجوودییەکانەوە و دڵەڕاوکێکەم پتر پەیوەستە بەو کێشانەی لە ئێستادا بەدییان دەکەین، لە نێویاندا ژیریی دەستکردی لایەنگر، کە زیان بە گرووپە پەراوێزخراوەکان دەگەیەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپترکردنی حاڵەتی جیاکاری و زیادبوونی توانای چاودێری و پێشێلکردنی ژیانی تایبەت لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانی بواری تەکنەلۆژیا و هەندێ لە حکومەتە خۆسەپێنەکانەوە، ئەویش وەك دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی بڕێکی زۆری داتای کەسی لەبارەی هاووڵاتییانەوە. هەروەها باوەڕم وایە کە دەکرێت مەترسییەکانی ژیریی دەستکرد لە بواری ئابووری و کاردا مەترسیی جددی بن، بە هۆی ئەوەی ژیریی دەستکرد لە بازاڕی کاردا جێی مرۆڤ دەگرێتەوە، ڕێنماییە ئارەزومەندانە ئەخلاقییەکان بە گوێرەی پێویست نەبوون، بۆ جڵەوکردنی شتەکان، ئێمە پێویستمان بە ڕێنمایی هۆشیارانە و دامەزراوە حکوومییە شارەزاکان هەیە لە بواری ژیریی دەستکرددا، بۆ ئەوەی دەستتێوەردان بکەن و خەڵکی بپارێزن و ئایندەیەکی سەلامەت دەستەبەر بکەن.

**ڕەوتێکی خێرا نزیک دەبینەوە لە قۆناغێک کە ئەو ناوەڕۆکەی کۆمپیوتەر دروستی دەکات، نزیکە لەوەی هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەو ناوەڕۆکەی کە دەستکردی مرۆڤە**

**لە ئایندەیەکی نزیکدا دادوەران و دەنگدەران و ڕای گشتی لە بارێکدا دەبن کە ناتوانن پشت بە چاو و گوێیەکانیان ببەستن بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە خەیاڵ، جیهانێکی لەم شێوەیەش زۆر مەترسیدار دەبێت**

* چۆن دەکرێت هاوسەنگییەك بەدی بهێنین لە نێوان بەکارهێنانی هێزی ئاڵوگۆڕئامێزی ژیریی دەستکرد بۆ بەدیهێنانی نوێگەری و گەشەکردن و خۆپاراستن لە خراپ بەکارهێنانی و دەستڕاگەیشتنی یەکسان پێی، و پاراستنی سەربەخۆیی و شکۆی مرۆیی لە جیهانێکدا کە زیاتر و زیاتر ژیریی دەستکرد تێیدا تەشەنە دەکات؟

- ئەمە پەیوەستە بەوەی چۆن بە شێوەیەکی گونجاو ئەم بەرەوپێشچوونە ڕێك بخەین، کە بەدەستهێنانی ئەمەش کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە ڕەوتێکی هێندە خێرا دەبزوێت کە یاساکان لەگەڵ پەسەندکردن و بەرکاربوونیاندا بەسەر دەچن، لە ئێستادا کۆمپانیاکان بە ئامرازە پشتڕاستنەکراوەکانەوە و بە خێرایی ڕوو دەکەنە بازاڕەکان، بایەخێکی کەم دەدەن بەوەی کێ لێیان سوودمەند دەبێت و کێ لێیان زیانمەندە، یان ئایا دەرئەنجامە نەخوازراوەکانیان چی دەبێت. دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە ئایا یاسای یەکێتیی ئەوروپا بۆ ژیریی دەستکرد (یەکەم یاسای گشتگیر لەبارەی ژیریی دەستکردەوە، کە بەم نزیکانە بەرکار دەبێت) هاوکار دەبێت لە دانانی سنووربەندی لەسەر سیستەمە هەرە مەترسیدارەکانی ژیریی دەستکرد، یان دەبێتە هۆی بەرگرتن بە نوێگەری، هەروەك ئەوەی هەندێ لە شرۆڤەکاران ئاماژەی پێ دەکەن، بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو پرسەدا مایەی دژوارییە، بەڵام جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان لە پەیوەندی بە ژیریی دەستکردەوە، زەحمەتترە لە هەلومەرجێکدا کە هاوڕاییەك نییە لەسەر ئاستی جیهان لە بارەی ئاراستەی بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکردەوە. لە ڕێکخستنی پرۆسەی پێشکەوتنی ژیریی دەستکردا، هیچ وڵاتێك هەست بە سەلامەتی ناکات، لەبەر ئەوەی بۆی هەیە دوژمنەکانی یان ڕکابەرەکانی بەردەوام بن لە دروستکردنی مۆدێلێکی بەهێزتر، کە بیانخاتە بارێکی باشترەوە لە ڕووی ئابوورییەوە، بۆیە بە بێ هاوڕابوون لەسەر سنووربەندییەکان، ئەوا ئەمە وەك کێشەیەك دەردەکەوێت کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێت.




* چۆن دەکرێت سوود لە ژیریی دەستکرد وەربگرین بۆ بەرەودان بە ئاسایشی نەتەوەیی و باشترکردنی توانای بەرگری و، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە ئیدارەی مەترسییەکانی ئەو چەکانە بکەین کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکەن و، شەڕی ئەلیکترۆنی و، دەرئەنجامە ئەخلاقییەکانی ئەو بڕیارانەی تەوەربەندن لەسەر ژیریی دەستکرد و ناکۆکییەکانیان پێ یەکلا دەکرێنەوە؟

- لە ڕاستیدا پانتاییەکی خۆڵەمێشی هەیە لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی سەربازییانەی ژیریی دەستکردەوە، ئێمە دەزانین کە لە ئێستادا چەکە سەربەخۆکان و شەڕی ئەلیکترۆنی بەربڵاون و لە شەڕەکانی ئەم دواییەی جیهاندا بەکار هێنراون. ئێمە نازانین ئایا ژیریی دەستکرد دەبێتە هۆی زیادبوونی یان کەمبوونەوەی قوربانییە مەدەنییەکان، لەبەر ئەوەی هێشتا ئێمە ئەم توێژینەوەیەمان نەکردووە

**باوەڕم وایە کە دەکرێت مەترسییەکانی ژیریی دەستکرد لە بواری ئابووری و کاردا مەترسیی جددی بن، بە هۆی ئەوەی ژیریی دەستکرد لە بازاڕی کاردا جێی مرۆڤ دەگرێتەوە**

**ئێمە پێویستمان بە ڕێنمایی هۆشیارانە و دامەزراوە حکوومییە شارەزاکان هەیە لە بواری ژیریی دەستکرددا، بۆ ئەوەی دەستتێوەردان بکەن و خەڵکی بپارێزن و ئایندەیەکی سەلامەت دەستەبەر بکەن**

**لە ئێستادا کۆمپانیاکان بە ئامرازە پشتڕاستنەکراوەکانەوە و بە خێرایی ڕوو دەکەنە بازاڕەکان، بایەخێکی کەم دەدەن بەوەی کێ لێیان سوودمەند دەبێت و کێ لێیان زیانمەندە**




و کارێکی واقیعبینانە نییە کە ئەنجامی بدەیت. دووبارە هیچ کۆدەنگییەك نییە لەسەر ئاستی جیهان لەبارەی ئەوەی ئایا ئەو بڕیارانەی کوشتن کە ئامێرەکان دەیدەن، مایەی قبووڵکردنن و، بە بێ ڕێککەوتنێکی جیهانی لە بارەی سنووربەندییەکانی سەر بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە هەلومەرجی سەربازیدا، ئەوا ناتوانین ڕێگەیەك بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە دۆخی جەنگدا بدۆزینەوە.

*** لە بواری پزیشکیدا پرسیارێکی هەستیار دێتە ئاراوە، چۆن ژیریی دەستکرد شۆڕشێك بەرپا دەکات لە بواری دەستەبەرکردنی چاودێریی تەندروستی و دەستنیشانکردنی نەخۆشی و چارەسەردا، لە هەمان کاتدا زامنی پاراستنی ژیانی تایبەتی نەخۆش و دەسپێڕاگەیشتنی یەکسان و پاراستنی پەیوەندیی نێوان پزیشك و نەخۆش دەکات؟**

- من پێم وایە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بواری چاودێریی تەندروستیدا هەڵگری هەندێ مژدەیە لە پەیوەندی بە بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکردەوە، چونکە ئەم ژیرییە توانای دووبارە داڕشتنەوەی ئەم بوارەی هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتبەستوو بووە بە شێوازی کاردانەوە، بۆ بوارێك کە تەوەربەند بێت لەسەر بەرپێگرتن، مەبەستم ئەوەیە دەکرێت ژیریی دەستکرد لە بواری پزیشکیدا لەبری جەختکردنەوە لەسەر چارەسەری نەخۆشییەکان کار لەسەر بەرپێگرتنیان بکات، چونکە زانیاریمان زیاتر دەبێت لەبارەی ئەوەی چ شتێك دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی.

*** چۆن دەکرێت ڕەچاوی پرسی پەیوەست بە پێشێلکردنی ژیانی تایبەت بکەین، کە بۆی هەیە بەهۆی بەرهەمەکانی ژیریی دەستکردەوە ڕوو بدات، بەتایبەتی کە لەم دواییانەدا نموونەی خراپ بەکارهێنانمان بەدی کرد، بە**

**بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بواری چاودێریی تەندروستیدا هەڵگری هەندێ مژدەیە لە پەیوەندی بە بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکردەوە**

**ڕێکخستنی پرۆسەی پێشکەوتنی ژیریی دەستکردا، هیچ وڵاتێک هەست بە سەلامەتی ناکات، لەبەر ئەوەی بۆی هەیە دوژمنەکانی یان ڕکابەرەکانی بەردەوام بن لە دروستکردنی مۆدێلێکی بەهێزتر**

**لە ئێستادا چەکە سەربەخۆکان و شەڕی ئەلیکترۆنی بەربڵاون و لە شەڕەکانی ئەم دواییەی جیهاندا بەکار هێنراون**

**ناتوانین ڕێگەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە دۆخی جەنگدا بدۆزینەوە**

**ئێمە پێویستمان بەوەیە کە هاوسەنگییەک لە نێوان برەودان بە نوێگەری و داهێنانکاری و پەرەپێدانی ئامرازە بەسوودەکانی ژیریی دەستکردی خوڵقێنەر و پاراستنی مافی موڵکدارێتیی نووسەران و هونەرمەندان بپارێزین**

**واتایەکی دیکە ئایا پێویستە بەرپرسیارێتییەکە بکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە ژیریی دەستکرد بەکار دەهێنن، یان دەبێت سنووربەندیی پێویستی بخرێتەسەر؟ ئایا پێویستە چ سزایەك هەبێت لە بەرانبەر ئەم پێشێلکارییانەدا، و دەبێت زانایانی بواری کۆمپیوتەر چ ڕاهێنانێکیان پێ بکرێت، لەبارەی پرسی ئەخلاقیی پەیوەست بە بەکارهێنانی ژیریی دەستکردەوە؟**

- لە ڕاستیدا پێویستیی زیاتر و زیاترمان بە داتاکانی پەیوەست بە گونجاندنی سیستمەکانی ژیریی دەستکرد هەیە کە لەگەڵ پرسی پاراستنی ژیانی تایبەتماندا یەك ناگرێتەوە، هێشتا ئێمە وەك کۆمەڵگە ئەوەمان یەکلا نەکردووەتەوە کە ئایا پتر کار لەسەر پاراستنی ژیانی تایبەت دەکەین، یان زیاتر سوودەکانی ژیریی دەستکرد لەبەرچاو دەگرین؟ ئایا ئامادەین لە میانەی بانگەشە ئامانجدارەکانمان ئەو دەرئەنجامانە قبووڵ دەکەین کە پەیوەستن بە ژیانی تایبەتیمانەوە؟ کەلتورە جیاوازەکان و وڵاتە جیاوازەکان بە چەشنێکی جیاواز بایەخیان بەم پرسانە داوە، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە چۆن ئەم زانیارییانەی لە هاووڵاتیان کۆ دەکرێنەوە، بەکار دەهێنرێن. لە هەندێ شوێن چاودێریی زیاتر بووەتە هۆی زیادبوونی دەستەبەربوونی سەلامەتی و لە هەندێ شوێنی دیکەدا سەری کێشاوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان کۆنترۆڵێکی زیاتریان بکەوێتە ژێر دەست.

بە هەمان شێوە، ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە کۆدەنگییەك لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی پەیوەست بە مۆدێلە گەورەکانی زمان و ئامرازەکانی دیکەی ژیریی دەستکردی خوڵقێنەرەوە، لە پەیوەندی بە داتا زۆر و زەوەندەکان و دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئەو ناوەڕۆکانەی لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا هەن و مافی بەکارهێنانیان لە ڕووی یاساییەوە پارێزراون. ئێمە پێویستمان بەوەیە کە هاوسەنگییەك لە نێوان برەودان بە نوێگەری و داهێنانکاری و پەرەپێدانی ئامرازە بەسوودەکانی ژیریی دەستکردی خوڵقێنەر و پاراستنی مافی موڵکدارێتیی نووسەران و هونەرمەندان بپارێزین، هێشتا دادگاکان ئەوەیان یەکلا نەکردووەتەوە کە ئایا (بەکارهێنانی دادپەروەرانە) چین و دەوڵەتە جیاوازەکانیش دید و تێڕوانینی جیاوازیان لەبارەی ئەم پرسانەوە هەیە.

پرسێك کە لە ڕۆژگاری ئێستادا ڕوون بێت، ئەوەیە کە بەرپرسیارێتییەکی کەم هەیە لە بەرانبەر بەکارهێنانی نائیتیکی ژیریی دەستکردا، تەنانەت ئەوەی وەك پێبژاردنێکی گەورە دەردەکەوێت لە بەرانبەر پێشێلکارییەکاندا (کە لە ڕێسای گشتیی پاراستنی داتا لە یەکێتیی ئەورووپا هاتووە)، ئەوا کۆمپانیا گەورەکانی بواری تەکنەلۆژیا بە چەشنێك لێی دەڕوانن، کە ئەمە باجێکە و پێویستە لە بەرانبەر کارەکەیان بیدەن، مەبەستم ئەوەیە ئەم پێبژاردنە نەبووەتە هۆی ڕێگریکردن لە ڕەفتاری خراپی ئەم کۆمپانییانە، پرسی ئەوەی کێ ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەینەوە، دەرهاویشتە و دەرئەنجامی خۆی دەبێت لەسەر ئەوەی کێ دەتوانێت بچێتە نێو بازاڕێکی دیاریکراوی کارەوە. بۆ نموونە ئەگەر مەرجەکانی پاراستنی ژیانی تایبەت بارگرانییەکی زۆر لە خۆ بگرێت، ئەوا تەنیا کۆمپانیا گەورە و بەتواناکان دەتوانن بچنە نێو بازاڕەکەوە و ئەو کۆمپانییانەی ماوەیەکی زۆر نییە هاتوونەتە نێو بوارەکەوە و توانای ئەوەیان نییە مەرجەکانی پابەندبوون جێبەجێ بکەن، لە دەرەوەی بازنەکەدا دەمێننەوە. من باوەڕم وایە کە پێویستە سەرجەم زانایانی بواری کۆمپیوتەر و داتاکان ڕاهێنانی پەیوەست بە بواری ئیتیکی و ئەخلاقیی وەربگرن، من خۆم وانەی لەم چەشنە دەڵێمەوە لە زانکۆی واتێرلۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بە تەنیا بەس نییە، ئەگەر پاڵنەری گونجاو نەبێت بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی باش، ڕوونتر بڵێم، ئێمە چەندین کۆمپانیای گەورەی بواری تەکنەلۆژیامان بینی کە گرووپە ئیتیکییەکانیان دەرکرد، ئەویش یان لەبەر ئەوەی هاوڕا نەبوون لەگەڵ ڕاسپاردەکانیاندا، یان لەبەر ئەوەی باری ئابوورییان ناچاری کردن بڕیارێکی لەم چەشنە بدەن و هەنگاوێکی لەم چەشنە بنێن، تا ئەو کاتەی خەڵکی ئەو خزمەتگوزارییانە بەکار بهێنن کە ژیانی تایبەتی و پرسە ئیتیکییەکانی دیکە پێشێل دەکەن، ئەوا هیچ شتێك ناگۆڕێت.

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر شاون شافێر بۆ گوڵان:

# ژیریی دەستکرد دەبێتە بەشێک لە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری

شاون شافێر، پرۆفیسۆری بەشی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنە لە زانکۆی دەنڤەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پسپۆڕ و شارەزا و وانەبێژی چەند بوارێکی دیاریکراوە، وەك یاسای ڕاگەیاندن، ئەخلاقیاتی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەگەریی ئازاد، ژیریی دەستکرد لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بە دیاریکراوی ژیریی دەستکرد و سەرهەڵدانی چەشنە جیاوازەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر گەیاندنی هەواڵی دروست و زانیاریی ڕاستەقینە و زەحمەتی جیاکردنەوەیان لە هەواڵی ساختە و تێکەڵبوونی کاری ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی و سۆشیال میدیا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** وەك ئاشکرایە کە لە ئێستادا ڕۆژگارێك باڵی کێشاوە بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا کە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە سەردەم و سەروەختەکانی پێشوو، بەتایبەتی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی ئاسان و خێرا و بەربڵاوی هەواڵ و زانیارییەکان، بەڵام سەرباری ئەوەش کێشە و ئالنگارییەکەی ئەوەیە کە زانیارییەکان بە چەشنێك تێکەڵ بوون، کە ڕەنگە نەتوانرێت بە ئاسانی هەواڵی ڕاستەقینە لە زانیاریی ناڕاست و ساختە جیا بکرێتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە، واتە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە دژوارترین ئالنگاری لەم ڕووەوە بڵاوبوونەوەی ئەو بابەت و پرسانەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە وەك هەواڵ لێیان بڕوانرێت. بۆ نموونە من کوڕەکەم نەوجەوانە و خۆی و هاوڕێکانی زۆربەی هەواڵەکان لە ئینستیگرامەوە وەردەگرن و بەدەستی دەهێنن، کەواتە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئالنگارییەکی گەورەیە. مەسەلەیەکی دیکە پەیوەستە بەوەی کە چۆن زانیارییەکان بەدەست بهێنن لەسەر ئەدا و کاری کاربەدەستان و بڕیاربەدەستان، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانە بیانخەینە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانیان، کە ئەمە پێشتریش کارێکی سەخت بووە و لە ئێستاشدا و بە هۆی ئەو بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە، هێندەی دیکە سەخت بووە.

*** کەواتە ئەم هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدی تووشی ئاستەنگ ببنەوە. ئێوە ئەم ئاستەنگانە لە چیدا بەدی دەکەن؟ ئایا پێتان وایە ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی توانیویەتی خۆی لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا بگونجێنێت؟**

- من پێم وایە سەرباری ئەو دژوارییانە، ئەوا دەرفەتیش هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی خۆی بگونجێنێت، چونکە سەرهەڵدان و هاتنەئارای ژیریی دەستکرد بووەتە هۆی ئەوەی کە بتوانین خۆمان لە هەندێ کاری ڕۆتینی ڕزگار بکەین، و کاری کارامەییانە ئەنجام بدەن، هەروەها بتوانیت ڕاپۆرتی تێروتەسەل ئامادە بکەیت و بچیتە بنج و بنەوانی بابەتەکان، کە ئەمانەش پرسی گرنگن بەلای منەوە.

*** لە وەڵامی پرسیارەکاندا ئاماژەتان بەوە کرد، کە ئێستا هەندێ کەناڵ و ئامرازی دیکە بوونەتە سەرچاوەی هەواڵ، لەم ڕووەوە باستان لە ئیسنستیگرام کرد، کە بە هەمان شێوە فەیسبووك و تۆڕی ئێکس-یش هەن، کە بوونەتە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان، ئێوە چۆن لە ڕۆڵی ئەم ئامرازانە دەڕوانن و ئایا دەکرێت بڵێین جێی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی تەقلیدییان گرتووەتەوە، یان تەواوکاری کارەکانیانن؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێین بە دڵنیاییەوە جیاوازن لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی تەقلیدی، ئەویش لەم ڕووەوە کە ئەم ئامرازە نوێیانە بایەخ نادەن بەوەی بە شێوەیەکی بابەتییانە ڕووماڵی پرس و بابەتەکان بکەن، بەڵکو بوونەتە کەناڵێك کە هەموو کەسێك دەتوانێت ڕا و بۆچوونی خۆی لەسەر هەر پرسێك دەرببڕێت، کە قسەی لەبارەوە دەکات. واتە خەم و خولیای ئەم کەسانە ئەوەیە ببنە چالاکی ئەو بوارەی کە کاری تێدا دەکەن، ئەمەش کارێکە کە تەواو جیاوازە لە کاری ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی، هەروەها ئەوان پێیان وایە کاتێك بابەتێك بڵاو دەکەنەوە و ناوی خۆیان لەسەر بابەتەکە دەبێت، ئەوا ئەمە مایەی میسداقییەتە و بۆ ڕاستی و دروستیی ئەو بابەتە

**کوڕەکەم نەوجەوانە و خۆی و هاوڕێکانی زۆربەی هەواڵەکان لە ئینستیگرامەوە وەردەگرن و بەدەستی دەهێنن**

**سەرهەڵدان و هاتنەئارای ژیریی دەستکرد بووەتە هۆی ئەوەی کە بتوانین خۆمان لە هەندێ کاری ڕۆتینی ڕزگار بکەین، و کاری کارامەییانە ئەنجام بدەن**

**ئامرازەکانی سۆشیال میدیا ڕکابەری و ململانێی ڕاگەیاندنی تەقلیدی دەکەن لە ڕووی بەدەستهێنان، یان ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەری زانیاری و هەواڵەکان**

لە قەڵەمی دەدەن، ئەمە لەبری ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو زانیاری و هەواڵە بکەن، کە بڵاوی دەکەنەوە، چونکە ئەوەی لەم ڕووەوە گرنگە ئەوەیە کە ئایا سەرچاوەی بابەت و هەواڵەکانت چین، کەچی ئەوان پێت ناڵێن ئەم هەواڵ و زانیارییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

*** بەڵام ئەگەر پرسیارەکە دووبارە بکەینەوە لێرەدا، ئەوا ئێوە باوەڕتان وانییە کە ئەم شێوازانەی دیکەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری جێی ڕۆژنامەگەری تەقلیدییان گرتبێتەوە؟**

- نەخێر، بە هیچ شێوەیەک، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئامرازەکانی سۆشیال میدیا ڕکابەری و ململانێی ڕاگەیاندنی تەقلیدی دەکەن لە ڕووی بەدەستهێنان، یان ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەری زانیاری و هەواڵەکان، چونکە ئاشکرایە کە خەڵکی کاتێکی دیاریکراو و سنوورداریان هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ڕۆژانەیان، مەبەستم ئەوەیە کاتێک چەند کاتژمێرێک خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە سۆشیال میدیاوە، ئیدی کاتێکی ئەوتۆیان بۆ نامێنێتەوە کە تەرخانی بکەن بۆ بابەتێکی دیکە، چونکە خۆ ناکرێت بڵێین ڕۆژەکە درێژ دەبێتەوە و کاتەکە زیاد دەبێت، کەواتە ئەوەی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەوەیە کە تۆ چۆن ئەم کاتەی خۆت بەکار دەهێنێت، یان لە چیدا بەکاری دەهێنێت و بە چییەوە تێیدا سەرقاڵ دەبیت.

*** کەواتە ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کە ئامانجی سەرەکیی سۆشیال میدیا سەرنجراکێشانی خەڵک و سەرقاڵکردنیانە، بەڵام کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدی پەردەلادانە لەسەر هەندێ کەیس و کارکردنە بۆ خستنەڕووی بنج و بنەوانی پرسێک، واتە دەستەبەرکردنی زانیاری و هەواڵی ڕاست و دروست، مەبەستمان ئەوەیە دەکرێت بڵێین ئەمە جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە ڕاگەیاندنەیە؟**

- من پێم وایە دەکرێت سۆشیال میدیا پشتیوان و هاریکار بێت بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی، لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانیی گەورەی من ئەوەیە کە ئێمە کاتێکی زۆری خۆمان تەرخان دەکەین بۆ سۆشیال میدیا، ئەویش بە چێژوەرگرتن لە سەرنجدان لە ناونیشانی وروژێنەر و دانە بە دانەی ڤیدیۆکان سەرنج دەدەین و، دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە بابەت و پرسێکی ڕاستەقینە نەخراوەتەڕوو و نەخراوەتە بەردەست، کەواتە ئێمە کاتێکی زۆرمان بەسەر بردووە کە دەکرا بۆ بابەتی دیکەی تەرخان بکەین. هەروەها ئەوەی لەم ڕووەوە جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەندێ لەو کەسانەی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدییشدا سەرکەوتوو بوون، توانیویانە ئەم سەرکەوتنە بگوازنەوە بۆ ناو سۆشیال میدیا، کەواتە دەکرێت بە چەشنێکی جیاواز لە شێوازی ڕابردوو کار بکەیت بۆ زیادکردنی ئەو کەسانەی کە بەدواداچوون دەکەن بۆ کارەکانت لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا.

*** پێشتر ئاماژەتان بە ژیریی دەستکرد کرد، ئایا دەکرێت بڵێین کە سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی ژیریی دەستکرد گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بنەڕەتیی هێناوەتە ئاراوە، لە بونیاد و ژینگەی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا؟**

- ڕوونە کە هیچ کەس ناتوانێت بە تەواوەتی پێشبینیی ئەوە بکات کە لە ئایندەدا ڕەوتی بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنەکان بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕۆن، بەڵام ئەوەی لە بواری بەکارهێنانی ژیریی دەستکرددا ڕوو دەدات، جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بۆ نموونە ئەگەر لە سایتی بلوم بێرگ بڕوانیت، ئەوا لە سەدا ٣٠ بۆ ٤٠ی ئەوەی لە سایتی بلوم بێرگ بەدی دەکەیت بە تەواوەتی لەلایەن ژیریی دەستکردەوە ئەنجام دراون و ئامادە کراون، کەواتە دەکرێت بڵێین ژیریی دەستکرد چەندین گۆڕانکاری هێناوەتە ئاراوە، واتە گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردن و لە چۆنیەتی کارکردندا دروست کردووە و دەکرێت ببێتە مایەی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی هەندێ کار، بەڵام لە هەندێ کاتدا دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکەین، چونکە هەندێ جار ئەو کارەی کە ئەوەی پێی دەگوترێت (generative artificial intelligence) ئەنجامی دەدات، زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، لەبەر ئەوە بۆی هەیە ئامرازێکی مەترسیدار بێت، کە بەکار بهێنرێت لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، سەرباری هەمموو ئەوانەش ئەوەی من بەدی دەکەم، ئەوەیە کە لە ئایندەدا ژیریی دەستکرد دەبێتە بەشێک لەم ئامراز و کەرەستانەی بەردەست ڕۆژنامەگەر و ڕاگەیاندنکاران بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن، بەتایبەتی کە دەکرێت پشتبەستن بە ژیریی دەستکرد ببێتە هۆی ئەوەی بتوانیت کارەکان بە ڕەوتێکی زۆر خێراتر ئەنجام بدەیت، هەرچەندە دەبێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوەش بکەین، کە پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن دەکرێت بە شێوازێکی کارا و کاریگەر ئەم کارە ئەنجام بدرێت.

**ئەوەی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەوەیە کە تۆ چۆن ئەم کاتەی خۆت بەکار دەهێنێت، یان لە چیدا بەکاری دەهێنێت و بە چییەوە تێیدا سەرقاڵ دەبیت**

**هەندێ لەو کەسانەی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدییشدا سەرکەوتوو بوون، توانیویانە ئەم سەرکەوتنە بگوازنەوە بۆ ناو سۆشیال میدیا**

**هیچ کەس ناتوانێت بە تەواوەتی پێشبینیی ئەوە بکات کە لە ئایندەدا ڕەوتی بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنەکان بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕۆن**

**لە سەدا ٣٠ بۆ ٤٠ی ئەوەی لە سایتی بلوم بێرگ بەدی دەکەیت بە تەواوەتی لەلایەن ژیریی دەستکردەوە ئەنجام دراون و ئامادە کراون**

# لە گۆڕانی کەشوهەوادا، چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت پێویستن

چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت ناسراو بە «نەیچەر بەیسد سۆڵیوشن»، کە کورتکراوەکەی (ئێن. بی. ئێس)ـە، بریتییە لەو چارەسەرانەی کە هێزی سرووشت بەکار دەهێنن بۆ بەهێزکردنی سیستمی ژینگەیی و فرەچەشنیی زیندەوەران و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ لە چارەسەرکردنی دۆزە ژینگەییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا.

بە واتای دووەم: بریتییە لەو ڕێکارە سرووشتییانەی کە سیستمی ئیکۆلۆژی دەپارێزێت و، بە شێوەیەکی بەردەوامیش بەڕێوەیان دەبات و لە یەك کاتیشدا سوود بە مرۆڤ و ژینگەش دەگەیەنێت.

بەواتای سێیەم: بریتییە لە پەنابردنەبەر چارەسەرێکی سرووشتی کە لەبەر دەستدایە، ئەویش سرووشت خۆیەتی.

چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت، گرووپێکی فراوان لە ڕێکار لەخۆ دەگرن بۆ پاراستن، یان گێڕانەوە، یان بەڕێوەبردنی پێکهاتە سرووشتییەکان لە نێو ئاو و وشکانی و ناوچە شێدارەکان و نەمامگە و دارستانەکان و ناوچە شارستانییەکاندا، بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی خۆراك و ئاو و گۆڕانی کەشوهەوا و کارەساتە مەترسیدارەکان و تەندروستیی مرۆڤ.

چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت، هەمان ئەو ڕێگەچارانەن کە سەدان ساڵ لەمەوبەر گەلانی ڕەسەن و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان بەکاریان هێناوە و، ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەوڵی گەڕانەوەدایە بۆ بەکارهێنانی هەمان ڕێگەچارە، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی دانیشتووانی ناوچەکان و ڕێزگرتن لە خاك و سرووشتیان و، گوێگرتن لە ڕا و بۆچوونیان و سوودگەیاندن بە هەموویان بێ جیاوازی.

بۆیە لێرەدا چەند ڕێکارێك پێویستن کە بگیرێنە بەر بۆ چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگەچارەیەکی تەکنۆلۆژیی خێرا بۆ چارەسەری گۆڕانی کەشوهەوا، وەك چارەسەرە لەسەرخۆی سرووشتییەکان نییە، کە پشت بە خودی سرووشت دەبەستن. بۆیە پێویستە چەند هەنگاوێك بنرێن لە پێناوی کاراکردنی چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت وەك:

یەکەم: کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و خۆگونجاندن لەگەڵیدا، وەکو دروستکردنی ناوچە شێدارەکان و پاراستنی دارستانە کەنارییەکان بۆ ڕێگرتن لە کاریگەرییەکانی لافاو و شەپۆلە دەریاییەکان.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

دووەم: فرەچەشنیی زیندەوەران و سیستمی ژینگەیی بە پاراستنی دارستانەکان، وەك پەناگەی زۆرێك لە زیندەوەران، کانگای سەرەکیی هەوای پاك، ڕاگری خاك لە داماڵین، کۆکەرەوەی کاربۆن.

سێیەم: پاراستنی تەندروستیی مرۆڤ و ئاسایشی ئاو و خۆراك لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی مەترسیی کارەساتەکان.

چوارەم: نەخشەکێشانی شارستانی و گەشەپێدانی بەردەوام بە پێکەوەگرێدانی نەخشەکێشانی بەردەوام و ڕێکارە ئەندازیارییەکان و دیمەنە سرووشتییەکان لە شارەکاندا، وەك دروستکردنی پارك و بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی خاوێن و گەشتیاریی ژینگەیی.

پێنجەم: ڕوانین لە چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت، وەك هیوایەك بۆ بەدیهێنانی پێکەوەژیانێکی بەردەوام لەگەڵ هەسارەکەماندا لە ڕێگەی جێبەجێکردنێکی زانستییانە و بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگە، لە پێناوی ژینگەیەکی هاوسەنگ و پارێزراودا بۆ ئێستا و داهاتوو.

شەشەم: زیادکردنی دارایی بۆ ئەم مەبەستە، چونکە ئەوەی ئێستا بۆ ئەم ڕێگەچارەیە خەرج دەکرێت، ناگاتە (٣٪) سێ لە سەدی ئەو پارەیەی کە بۆ گۆڕانی کەشوهەوا خەرج دەکرێت.

حەوتەم: خستنەڕووی ئەنجامە ئابوورییە باشەکانی چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت.

هەشتەم: کۆمەککردن بە هەنگاوەکانی پرۆسەی کەمکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

نۆیەم: دابینکردنی هەلی کار و کەمکردنەوەی دیاردەی پەنابەری و کۆچی ژینگەیی بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە.

دەیەم: هاوکاریکردنی حکومەتەکان بە دانانی چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت، وەك بەشێك لە وەبەرهێنانی سەوز لە نێو سیاسەتی نیشتمانیدا.

یازدەیەم: وەرگرتنی ورە و وزە لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی زۆرێك لە وڵات و هەرێمەکانی جیهان لە بواری کارکردن بە ڕێکارەکانی چارەسەرە پشتبەستووەکان بە سرووشت.

دوازدەیەم: زانینی ئەو ڕاستییەی کە سرووشت لێبووردەیە و هەمیشە تۆڵە ناکاتەوە، بەڵکو زۆر جاریش خودچارەسەری پێشکەش بە مرۆڤ دەکات، بەتایبەت لەو کاتەی کە مرۆڤ لە ڕێگەچارەکانی خۆی نائومێد دەبێت.

# کۆمەڵناس و دەروونناسان هۆشداری لە هۆگربوونی منداڵان بە شاشە زیرەکەکان دەدەن

**یارییە ئەلیکترۆنییەکان و شاشەی زیرەك مێژوویەکی کۆنی نییە و لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی بەربڵاو هاتە کایەوە و لەوێشەوە خزایە نێو خێزانەکان. دەگوترێت هاتنی ئەم جۆرە یارییانە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەفتار و گوفتاری منداڵ دروست کردووە. بۆ ڕێگریکردن لە کاردانەوە خراپەکانی شاشەی زیرەك بەتایبەتی لەسەر منداڵان، کۆمەڵناس و دەروونناسان لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ڕوانگە و ڕێنماییەکانی خۆیان دەخەنەڕوو.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



عوبێد خدر گۆمەشینی، کۆمەڵناس و ڕۆژنامەنووسە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «زۆر پێویستە ڕەچاوی داهاتووی منداڵەکانمان بکەین، چونکە جگە لە کاریگەرییە تەندروستی و پەروەردەییەکانی، لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر داهاتووی منداڵ دەبێت، ئەوەش بەمجۆرە لە چەند خاڵدا دەستنیشان دەکات:

١. دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و دابڕان و گۆشەگیریی تاك لە خێزان و کۆمەڵگە.

٢. بەهەدەردانی کات و پابەندنەبوون بە کات و بە گرنگ نەزانینی، وا دەکات بەردەوام کاتەکان بە یاریکردن و سۆشیال میدیا خەریك بێت و پلانێکی دیار و ڕوونی لە ژیان نەبێت.

٣. پشتگوێخستنی خوێندن و کاری دیکەی ژیان، وا دەکات لە داهاتوو کەسێکی بێکەڵك و مشەخۆری لێ دەربچێت و لەسەر ئەرك و ماندووبوونی ئەوانی دیکە بژی.

٤. وادەکات لە داهاتوو پشت بەخۆی نەبەستێت و، نەتوانێت بەرپرسیاریەتی خۆی و خێزان لە ئەستۆ بگرێت.

٥. وادەکات کەسێکی دژە کۆمەڵایەتی بێت و بەشداری لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەوانی دیکە نەکات، بۆ نموونە لە پرسە و بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بەشداری نەکات.

٦. وا دەکات کەسێکی خۆپەرست بێت، تەنانەت نزیکترین کەسی بمرێت، یان نەخۆش بێت، وەك بیانییەك مامەڵەی لەگەڵدا بکات، تێکەڵی ئەندامانی خێزان نەبێت مۆبایل و ئایپاد و سۆشیال میدیای پێ لە خوشك و برا و باوك و دایکیشی گرنگتر بێت.

٦. کەسایەتییەکی دڕدۆنگ و تووڕە و مەزاجی لێ دەربچێ و بە بچووکترین شت، مەزاجی تێك بچێت و تووڕە بێت، لە هەموو شتێك خۆی دوورەپەرێز بگرێت.

٧. کەسایەتییەکی شەڕانگێز و عینادی لێ دەربچێت و گوێ بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاریی کەس ڕانەگرێت، تەنیا ئەوەی لە سۆشیال میدیا فێری بووە ئەو پەیڕەو بکات.

٨. فێری بەها کۆمەڵایەتییە جوانەکانی کۆمەڵگە نەبێت، وەك خۆشەویستی و سۆز و لێبوردەیی و ڕۆحی هاوکاری و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە و ئینتمای بۆ خێزان و کۆمەڵگە و شار و نیشتمان نەبێت.

٩. بێ ئیرادە و بێ هەڵوێست بێت لەبەرانبەر زۆر لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.

١٠. پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانی بەلاوە شتێکی ڕۆتینی و بێ بایەخ بێت و لە زۆر لە دابونەریتەکانی کۆمەڵگە پابەند نەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە و تاوان و کاری نارەوا».

ئیمان محەمەد شێرکاوەیی، قوتابی بەشی دەروونزانییە لە زانکۆی سۆران و سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «شاشەی زیرەك ئاسانکاریمان بۆ دەکات بۆ دەستگەیشتن بە زانیارییەکان کە دەبێتە چەکێك بۆ پەرەپێدان بە کارامەییەکانی تاك، ئەگەر بە دروستی بە کاری بێنن و ئەگەر بێت و ناوەڕۆکی پەروەردەیی کە لەگەڵ تەمەندا بگونجێت و هۆکارێك بێت بۆ گەشەکردنی مەعریفی بە شێوەیەکی مامناوەند، بە نموونە وەك ناوەڕۆکی پەروەردەیی یوتوب و بەرنامە تەلەفزیۆنیە پەروەردەییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە چالاکیی بەکارهێنانی شاشەی زیرەك، ئەگەری هەیە، مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەروونی منداڵان و هەرزەکاران دروست بکات، کە زۆرجار کاریگەریی هەیە لەسەر قۆناغەکانی تەمەنی». گوتیشی: «بەپێی دوایین توێژینەوەکانی زانکۆی هارڤارد ئەوە دەردەخەن کە منداڵان و نەوجەوانان بە ڕێژەی ٪٣٠ ڕۆژانە زیاتر لە ماوەی سێ کاتژمێر شاشەی زیرەك بەکاردەهێنن تووشی خەمۆکی بوون. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دیکە، زانایانی بواری دەروونزانی ئەوە دەرەخەن کە ئەو منداڵانەی لە تەمەنی ٢ -٥ ساڵی ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ ئەوەێ گەشەی تەندروستیی جەستەیان لاواز بێت و، متمانەبەخۆبوونیان کەم دەبێتەوە و لاواز دەبن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا.

واتە زۆر بەکارهێنانی شاشەی زیرەك و ئینتەرنێت، هۆکارە بۆ دروستبوونی چەندین گرفتی دەروونی و جەستەیی، وەك نەخۆشیی خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، کێشەی یادگا، گرفتی زمانەوانی، تەنانەت خۆکوژی، ترس، تۆقین، کێشەی خەو، گرفتی خواردن و تێکچونی کوالێتیی ژیانی منداڵ، هەروەها وادەکات، تاکێکی دوورەپەرێز و گۆشەگیر دروست بێت لە کۆمەڵگەدا، جگە لەمانەش چەندین گرفت و کێشەی جەستەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت وەکو گرفتی بینین، سەرئێشە، گرژبوونی چاو، ڕەفتاری شەڕانگێز، کەمیی جووڵە و لاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە هەموو ئەمانە گرفتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی منداڵ لە قۆناغەکانی داهاتووی تەمەنیدا دروست دەکەن».


ئەو دەروونناسە ئەوەشی دووپات کردەوە کە «لە ئێستادا پێویستییەکی حەتمییە کە دایك و باوك چاودێریی منداڵەکانیان بکەن، کاتێك تەکنەلۆژیا بەکار دەهێنن و کۆنترۆڵی بڕی ئەو کاتە بکەن کە بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی دوور بن لە تووشبوون بە نەخۆشی و شڵەژانی دەروونی و دەبێت تەندروستییەکی باش بۆ منداڵان و داهاتوویان مسۆگەر بکەن».

ڕەحمان عەلی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆر بەکارهێنانی شاشە زیرەکەکان کاریگەرییەکی خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی لەسەر منداڵ دروست دەکات، هاوکات بەرنامەی خەو و خواردنیان تێکدەچێت، تەنانەت لە ڕووی دەربڕین و قسەکردنیش کاردانەوەی خراپی دەبێت و منداڵ تووشی دواکەوتنی قسەکردن دەبێت، منداڵ بەهۆی هۆگربوونی بە شاشە زیرەکەکان زۆرجار گومانی ئەوەی لێ دەکرێت کە ئۆتیزم یان دواکەوتنی ژیریی هەبێت، بەڵام لە واقعدا ڕەنگە وا نەبێت و تەنیا کاریگەریی شاشەکان وای کردبێت، چونکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دایدەبڕێت و لە جیهانێکی تایبەت بە خۆی دەژی و بە ئارەزووی خۆی دەیگۆڕێت و دەیجووڵێنێت، زۆرجاریش بەهۆی بینینی گرتە ڤیدیۆی ترسناك، تووشی شڵەژانی دەروونی دەبن و ترس و دڵەڕاوکێیان بۆ دروست دەبێت، هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی توندوتیژ و شەڕانگێز بن و لە کەسەکان دوور بکەونەوە و گۆشەگیر بن.




عوبێد خدر گۆمەشینی:

**هۆگربوون بە شاشەی زیرەک دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و دابڕان و گۆشەگیریی تاک لە خێزان و کۆمەڵگە**



ئیمان محەمەد شێرکاوەیی:

**زۆر بەکارهێنانی شاشەی زیرەک و ئینتەرنێت، هۆکارە بۆ دروستبوونی چەندین گرفتی دەروونی و جەستەیی**



ڕەحمان عەلی:

**منداڵ بەهۆی هۆگربوونی بە شاشە زیرەکەکان زۆرجار گومانی ئەوەی لێ دەکرێت کە ئۆتیزم یان دواکەوتنی ژیریی هەبێت**



د.حسێن ئیسماعیل خانی دەڵــــۆ بۆ گوڵان:

# پێویستە توێژینەوە ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستامان ئاشنای ئەو مێژووە بن، کە ئافرەتانی کورد خاوەنی چ پێگە و هێزێک بوون

**د.حسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ، مامۆستای زانکۆیە و بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ هەیە. لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە مێژووی پڕ سەروەریی ئافرەتانی کورد دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** لەگەڵ ئەوەی ئافرەت لە هەموو قۆناغەکانی مێژوویی نەتەوە بەشێکی تەواوکاری پیاو بووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین، لە سیاقە نەتەوەیی و ناشناڵییەکەیدا تەنیا باسی قارەمانیەتی پیاو دەکرێت و ژن وەك بەشێك لە مێژووی نەتەوە سەیر ناکرێت، ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕایت، یان سەرنجێکی دیکەت هەیە؟**

- لە سەرەتادا ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری بووین، ڕەنگە ڕۆژهەڵات و تەواوی جیهانیش هاوشێوەی کۆمەڵگەی کوردی پیاوسالار بووبێت، بەڵام ئەوە کاریگەری و حوکمی مێژوو و زەمەن و کاتە، وردە وردە ژیان گۆڕاوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئافرەت بەشێك بووە لە هاوشان و هاوبەشی پیاو و هێدی هێدی وزە و تواناکانیان دەرکەوتووە، مێژوو ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە، کە زۆر باسی پیاو دەکرێت لە قارەمانەتی و لە ئازایەتی و لە سەنگەرگرتن و لە شەڕ و شۆڕ و لە ڕاپەڕین و لە شۆڕشەکاندا، بەڵام هاوکات ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت، لە مێژووی بزاڤ و جووڵانەوە و ڕاپەڕینەکانی کورددا چەندین ئافرەتی هەڵکەوتوو و دەرکەوتوو هەبوون و لاپەڕەکانی مێژووی کوردیان بە جوانی نەخشاندووە، بۆ نموونە:(خانزادی سۆران. زێڕینای ئامێدی لە میرنشینی بادینان و مەستوورەی ئەردەڵان و حەپسەخانی نەقیب لە سلێمانی و عادیلە خانم لە هەڵەبجە و لەیلا قاسم لە خانەقین) و... هتد.

ڕاستە ئەگەر بەراورد بەوەی کە پیاو زۆرترین ناوی هاتووە و وەکو هێمای چەلەنگی و عەگیدی و قارەمانیەتی، بەڵام ژنیش دەرکەوتون وەکو فەرمانڕەوا و هەم وەکو خەباتگێڕ و تێکۆشەر لە هەموو کایە و بوارەکانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشەکاندا بوونی خۆیان سەلماندووە، ڕەنگە ئەوەش ڕاستییەکی حاشا لێنەکراو بێت، کە مێژوو زیاتر بە شان و باڵی پیاواندا هەڵدەدات و دەبنە قارەمان و پاڵەوانی داستانەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرەتا پیاوان مێژوویان نووسیوەتەوە و هاوکات کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارین و ئەرك و ئیشەکانی ئافرەت لە سەردەمەکانی پێشوودا کابانی ماڵ بووە و بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام دواتر وەك دەبینین ژنان لە زۆربەی زۆری جووڵانەوە و شۆڕشەکاندا بۆ بەشداری و هاوبەشیکردنی پیاو هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێش مل دەنێن، ژن لەم چاخ و سەردەمە ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و کارای هەیە، بەردەوام لە پاڵپشت و پشتیوانی پیاو و شۆڕش و بزاڤەکاندا ئامادەیی هەبووە، وێڕای ئەرکی ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ و هاوبەشی لەکاری هەرەوەزی شان بە شانی پیاوان لە ئەرکی میوانداریی پێشمەرگە بێ دریغ بوون و، زۆر جاریش ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە مەتەرێز و سەنگەرەکاندا هەبووە، بۆ نموونە لە سەردەمی شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ لە ساڵی ١٩٢٠ ئافرەتێك بەناوی نەعیمە مستەفا ناوبانگی بە نەعە نێر دەرکردبوو، هاوشانی شۆڕشگێڕان چەکی کردووەتە شان و چووەتە مەتەرێز و هاوشانی جەنگاوەران بەرگری و

شەڕی کردووە، تەنانەت ئیبراهیم خان بە کاکە نەعیم بانگی کردووە، دواتر ئیشی پیاوانەی کردووە و دووکانی چەخماخسازی هەبووە، واتە: (دوکانی چاککردنی چەك دانـاوە).

*** لەگەڵ ئەوەی چالاکانی ئافرەتان داکۆکی لەوە دەکەن، ئەگەر ژن خاوەنی ئابووریی خۆی بێت، دەتوانێت باشتر خێزان بەڕێوە ببات، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، ئەوەیە کە خەریکە ڕێژەی جیابوونەوە هێندەی ڕێژەی هاوسەرگیری لێ دێت، بەشی زۆری حاڵەتەکان لەنێوان ئەو هاوسەرانەیە کە ژنەکان خاوەنی سەرچاوەیەکی داهاتی خۆیانن، هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران بۆچی دەگێڕیتەوە و تا چەند ئەم دیاردەیە هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکات؟**

- خێزان یەکەم پایەی کۆمەڵگەیە و دیارە دروستکردنی خێزان بەردەوامیدانە بە کۆمەڵگە، لە دێرزەمانیشەوە ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان مردووە، شانیان داوەتە بەر بەخێوکردنی منداڵەکانیان و کورد واتەنی بێوەژن کۆشیان کردووە، ئافرەتان کاری کشتوکاڵ و مەڕداری و دووکانداریيان کردووە بۆ بژێوی منداڵەکانیان، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئافرەتان هەوڵ دەدەن تا ڕاددەیەك لەبواری بزنێس و ئابووریدا وەکو بازرگان و سەرمایەدار دەرکەون، ڕەنگە بەو پێوەدانگەی کە من تێزی دکتۆراکەم لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییە، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بزانم کە گۆڕانی کۆمەڵگە بە شێوەیەك دەبێت لە قۆناغی یەکەم لە دەستپێکی گۆڕانکارییەکاندا هەندێك جەنجاڵی و پشێوی پێوە دیارە و خاڵی نەرێنی دەردەکەون، ئەو پشێوییەش وای کردووە کە هەرسکردنی لەلایەن بەرانبەرەوە نامۆ و قورس بێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئافرەت زۆر هاتووەتە ناو کایەی ئابووری و کایەی کارکردنەوە. بێگومان کاردانەوەی بوونی ئافرەت کە دەبێتە خاوەن دارایی و پارەی خۆی، کاریگەری لەسەر پیاوان هەیە، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین، کاتی خۆی کە توانا و ئیمکانیەتی خۆبژێوی نەبووە لای ماڵی باوکی، یان لای ماڵی براکەی، نەیتوانیوە لە ژیانێکی ئاسوودە و باش بەسەر بەرێت، بۆیە شانی دواتە بەر خۆگونجاندن، یان هەندێك لە ژنان لە سۆشیاڵ میدیاکاندا دەردەکەون، دەڵێن من کە خاوەن پارە و ڤێلا و سەیارە و خاوەن مووچەی خۆمم، لە بری ئەوەی من شوو بکەم، ژن دێنم، یانی ئافرەتەکە دەڵێت من شوو ناکەم ژن دێنم، ئەمە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگە دروست کردووە و وای کردووە وەك ئاماژەم پێکرد، ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاق لە مارەبڕین و هاوسەرگیری زیاتر بێت، ئەمیش دوای ئەوە هەڵچوونی ئەو دۆخە هێواش هێواش بنیشێتەوە و ئاسایی دەبێتەوە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بڕوانین کاریگەرییەکە تەنیا لەوە نییە کە ئافرەت خاوەن داهاتی سەربەخۆی خۆی بێت، چەند فاکتەر و هۆکاری دیکەش لە پشتی زۆربوونی تەڵاقەوە هەیە. کاتی خۆی تەڵاق عەیبەیەکی گەورە بووە و ئێستا نۆڕماڵە، ئافرەت هاتووەتە ناو دنیای سۆشیال میدیا و فەیسبووك و ئینستاگرام و تویتەر و ئەوانی دیکەوە، ئەمانە کاردانەوەیان هەیە، ئەمە وای کردووە ئافرەت ئاگای لە ژیانی خەڵکی دیکە بێت کە خۆشتر و باشتر دەژێت. ئێستا وەکو جاران نییە کە ئافرەت هەر لەماڵ قەتیس بێت و هیچ نەچێتە دەرەوە، ئەمە و چەند فاکتەرێکی دیکە کاریگەریی زۆریان هەیە لەوەی کە تا ڕاددەیەك ئافرەتان ئارەزووی سەربەخۆیی زیاتر دەکەن و خوێندەوارن و ڕێگای دادگا شارەزان و مافەکانی خۆیان ناسیوە. واتە ئافرەتان ئێستا چاوکراوەترن و دەیانەوێت لە بڕیاردانەکان هاوبەشی پیاو بن، بوونی خۆیان لەو بڕیاردانە هەبێت، لەلایەکی دیکەوە نەك هەڕەشە بێت لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بگرە ئەگەر دۆخەکە ئاوا بەردەوامی هەبێت، هەڕەشەیە لەسەر هەڵوەشانەوە و هەڵتەکانەوەی کۆمەڵگە، چونکە خێزان یەکەم پایە و کۆڵەگەی گرنگی کۆمەڵگەیە و ئەگەر خێزان هەڵبووەشێتەوە، ئیتر کۆمەڵگەش هەڵدەوەشێتەوە.

*** ئەگەر سەیری ڕێژەی قوتابیانی کچ بکەین، دەبینین لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە خوێندنی باڵاشەوە، ژمارەی قوتابیانی کچ لە کوڕان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەڵام لە بواری کاری حکومی و سیاسی و بازاڕدا، دەبینین ئەو دەرفەتەی بۆ کوڕان و پیاوان فەراهەم دەبن، بۆ کچان و ژنان فەراهەم نابن، هەروەها لەسەر ئاستی کاری ئەکادیمی و زانکۆکانیشدا**

**ئافرەت بەشێک بووە لە هاوشان و هاوبەشی پیاو و هێدی هێدی وزە و تواناکانیان دەرکەوتووە**

**لە مێژووی بزاڤ و جووڵانەوە و ڕاپەڕینەکانی کوردا چەندین ئافرەتی هەڵکەوتوو و دەرکەوتوو هەبوون و لاپەڕەکانی مێژووی کوردیان بە جوانی نەخشاندووە**

**لە سەردەمی ئێستادا ئافرەتان هەوڵ دەدەن تا ڕاددەیەک لەبواری بزنێس و ئابووریدا وەکو بازرگان و سەرمایەدار دەرکەون**

**ئافرەتان ئارەزووی سەربەخۆیی زیاتر دەکەن و خوێندەوارن و ڕێگای دادگا شارەزان و مافەکانی خۆیان ناسیوە**

**هێندەی پۆستەکان بەر پیاوان دەکەون، هێندە بەر ژنان ناکەون، ئایا وەك ئەکادیمییەك چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟**

- سەرەتا قۆرخکارییەکی تێدا بووە، پیاوان هەستاون بە کاری سیاسەت و بازرگانی و ئەوانەی کە لە بازاڕان، زیاتر ئەوان کاریان کردووە، ئێستا وردە وردە ژنان هاتوونەتە ناو پرۆسەی دەرکەوتنەوە، ئەمەش کاتێکی زۆرتری دەوێت، تاکو یەکسانییەك ئەنجام بدرێت، یانی ئەو پڕۆسەیە پڕۆسەیەکی ئاسان نییە، کە ئەوان بێنە ناو تەواوی کایەکانەوە، ئێستا وەك دەبینین ئافرەتان کاری بازرگانی دەکەن، کاری سیاسەت دەکەن، پەرلەمانتار و وەزیرن، ئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکانن، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر لە پیاو، بەڵام ئافرەتی واش هەیە سەرۆکی زانکۆیە و سەرۆکی پەرلەمانە و ڕەنگە کارەکان ئەوان جوانتر و باشتر لە پیاوان ڕاپیەڕێنن.

*** کاتێك باسی بیری نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك دەکرێت، باس لە زمانی دایك، پەروەردەی دایك دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە قوتابخانەی یەکەم بۆ بیری نەتەوەیی ئەو دایکەیە کە ڕۆڵەکەی چۆن پەروەردە دەکات، کە ئەمە گرنگیی ئافرەت بێت بۆ بیری نەتەوەیی، ئایا لەناو بیری نەتەوەیی کوردستانیدا پڕۆژە بۆ ئازادیی ئافرەت دەبێت چۆن بیت؟**

- دایك ڕۆڵی یەکەم مامۆستا و یەکەم پەروەردەکار و ڕاهێنەر دەبینێت لە ژیانی مرۆڤەکاندا، تەنانەت بیتهۆڤن کە مۆسیقاژەنێکی بەناوبانگە لە جیهاندا دەڵێت: دایکم فێری کردم)، لە کاتێکدا پیشەی دایکی مۆسیقا نەبووە. ئەدیسۆن نامەیەك دەبینێت کە نامەی بەڕێوبەری قوتابخانەکەیان بوو، کە باس لەوە دەکات کە ئەدیسۆن شایەنی ئەوە نییە لەو قوتابخانەیە بخوێنێت، بەڵام دایکی ئەو نامەیەی لە ئەدیسۆن شاردبووەوە، دواتر ئەدیسۆن بەناوبانگ دەبێت و ئەو زانا گەورەیەی لێ دەردەچێت، لە دوای مردنی دایکی، نامەکە دەبینێتەوە و سوپاسگوزاری دایکی بووە کە ڕۆڵی هەبووە لە پێگەیاندنی ئەو زانا بلیمەت و بەناوبانگە. لە تەواوی جیهان دەوترێت زمانی دایك، کەواتە دایك ڕۆڵی هەیە لەسەر منداڵ، زمانی دایك بۆ هاندان نەخشێکی تەواوی لە گەشەکردنی هزر و بیری نەتەوایەتی هەیە. بێگومان لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ئافرەتێکی باش هەیە. کاتێك دایك ڕۆشنبیرە تەواوی خێزان ڕۆشنفکرە.

*** کاتێك سەیری مێژووی نەتەوەکەی خۆمان دەکەین، دەبینین بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەرمان، ئافرەتی کورد ئازادییەکی زۆر زیاتری هەبووە، دەکرا لەو مێژووەوە ئازادی ژنی کوردستان زیاتر پێناسە بکرایە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین، ئەوەیە کە ئەو مێژووە فەرامۆش کراوە. چی بکەین بۆ ئەوەی جارێکی دی مێژووی کوردستان ئازادیی ژنان پێناسە بکاتەوە؟**

- ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکان و گەشتیاران ئەوانەی کتێبیان چاپ کردووە و بەم کوردستانە تێپەڕیون، باسیان لە ئازادی و سەربەستیی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، تەنانەت بابەتیان لەسەری نوسیووە کە ئازادی و سەربەستییان هەبووە و زۆر جاران خانمانی کورد لە دیوەخانەکان دانیشتوون و تێکەڵی قسەوباسەکانی پیاوان بوون و ڕاوێژیان پێ کراوە، جگە لەوەی کە هاوبەشیی کاری پیاوانیان کردووە لە بەروبوومی کشتوکاڵ و لە مەڕ دۆشین و کاری زەبارە و هەرەوەزیدا...هتد،

پێویستە نووسەران و ناوەندە ئەکادیمییەکان و قەڵەم بەدەستان و ئەوانەی کار لەسەر ناساندنی ڕۆڵی ئافرەت لە مێژووی کوردیدا دەکەن، توێژینەوە لەو بوارەدا ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستامان ئاشنای ئەو مێژووە بن، کە ئافرەتانی کورد خاوەنی چ پێگە و هێزێك بوون بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی و بۆ گەشە پێکردنی مافی یەکسانی و هاوسەنگیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ.

ئێستا هیچ دامەزراوە و فەرمانگەیەکی حکوومی و هیچ ئۆرگانێك و کەناڵکی حزبی نییە ئافرەتی تێدا نەبێت، ئێستا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومیەکان هەموویان ژنی تێدایە، تەنانەت لە دامودەزگا سەربازی و ئەمنییەکانیش ئافرەتی تێدایە، بەڵام لە ئاستی پیاواندا ژمارەیان کەمترە، ڕەنگە لە ساڵانی ئایندە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوەو هاوسەنگی ڕاگرن.

**ئافرەتان ئێستا چاوکراوەترن و دەیانەوێت لە بڕیاردانەکان هاوبەشی پیاو بن**

**دایک ڕۆڵی یەکەم مامۆستا و یەکەم پەروەردەکار و ڕاهێنەر دەبینێت لە ژیانی مرۆڤەکاندا**

**ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکان و گەشتیاران ئەوانەی کتێبیان چاپ کردووە و بەم کوردستانە تێپەڕیون، باسیان لە ئازادی و سەربەستیی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە**

**ئێستا هیچ دامەزراوە و فەرمانگەیەکی حکوومی و هیچ ئۆرگانێک و کەناڵکی حزبی نییە ئافرەتی تێدا نەبێت**



رۆژیار خاڵە حەسۆ بۆ گوڵان:

# هونەرمەندە بە ئەزموونەکان لە درامای (هەشت دیوار) زۆر هاوکاریی گەنجەکانیان دەکرد



**رۆژیار خاڵە حەسۆ دەرچووی بەشی شیکاریی نەخۆشییەکانە، چەند ساڵێك وەك ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی کاری کردووە، بۆ یەکەم لە زنجیرە درامای (هەشت دیوار) بەشداریی کرد، و لە ئێستادا بە نیازی بەشداریکردنە لە چەند کارێکی دیکەدا، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**



*** بەشداریکردنت لە درامای هەشت دیوار ڕێکەت بوو، یان لە ئەنجامی تێست و بینینی شێوازی نواندنت بوو؟**

- ڕێکەوت بوو، ژیانی هەموومان بە شێوەیەك ڕێکەوتە، کە کۆمەڵێك دەرفەر دێنە ژیانمانەوە پێویستە ئەو دەرفەتانە لە دەست نەدەین، من درامای (هەشت دیوار) بە یەکێك لە دەرفەتە جوانەکانی ژیانی خۆم دادەنێم.

*** پێش ئەوەی بەشداریی هەشت دیوار بکەیت لە هیچ کارێکی هونەریدا بەشدار بوویت؟**

- نەخێر، پێشتر لە هیچ کارێکی هونەریدا بەشداریم نەکردووە، پێشتر ئەو خولیایەم هەبووە، درامای هەشت دیوار یەکەم کاری هونەری و یەکەم هەنگاوی من بوو بۆ هاتنە ناو بواری نواندن، هەمیشە کاری هونەری و بە تایبەتیش شانۆ و سینەما جێی سەرنجی من بووە، بەڵام دەرفەتێکی وام نەبووە تێیدا کار بکەم، بۆیە درامای هەشت دیوار دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی پەرە بەو خولیایەم بدەم.

*** لە بواری نواندندا لە زانکۆ یان پەیمانگا خوێندووتە؟**

- من چەند ساڵێکە لە کاری نوسین و ڕۆژنامە نوسی بەردەوامم و بەردەوامیش دەبم، چونکە نوسین بەشێکە لە کار و ژیانی من، بەڵام بۆ کاری نواندن من زانکۆ و پەیمانگام نەخوێندووە .

*** کە یەکەم جار لەبەر کامێرا ڕاوەستایت هەستت چۆن بوو؟**

- کاتێك یەکەم جار دەچیتە بەر کامێرا هەست بە سترێسێکی زۆر دەکەیت منیش هەروا بووم، لای من هۆکارەکەی ئەوەبوو کە هەستم بە بەرپرسیاریەتییەکی زۆر دەکرد لە نواندن، چونکە کارێکی ئاسان نییە و کۆمەڵێك شت هەیە پێویستە لەبەر چاوی بگریت، یەکێك لەوانە خراپبوون لە نواندندا هۆکار دەبێت بۆ خراپبوونی بەرهەمەکە، ئەمەش وای کرد زیاتر فۆکس بخەمە سەر وردەکارییەکانی نواندن، بەڵام پاش تەواوبوونی چەند دیمەنێك سترێسیەکەم زۆر کەمتر بووەوە، ئەویش بەهۆی دیسپلینی سەر ستەیجی درامای (هەشت دیوار) بوو.

*** لەم کارەدا ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەی خاوەن ئەزموون لەسەر ئاستی کوردستان بەشدار بوون، هەستت چۆن بوو کاتێك لەبەرامبەر ئەو ئەکتەرە گەورانەدا نواندنت دەکرد؟**

- کار کردن لەگەڵ ئەستێرە بەناوبانگەکانی کوردستان سترێست کەم دەکاتەوە و دەتوانیت بەشێوەیەکی باشتر نواندن بکەیت، وەك لەوەی لەگەڵ کەسێکی بێ ئەزموندا بیت، چونکە بە تەواوی هاوکارت دەبن لە شێوازی نواندندا و لە کاتی لە بیرچونەوەی دیالۆگێك چەند جارێك بە شێوازێکی زۆر لێزانانە وات لێ دەکەن بە بیرت بێتەوە. بە گشتی هەستێکی خۆشە کە وات لێدەکەن بتوانی لەگەڵ ئەواندا نواندن بکەی و بەردەوام بیت .

*** بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ خاوەن ئەزمونەکان و لاوەکان کارت کردووە، ئایا لە زنجیرەدرامای هەشت دیوار هەستت بەوە کرد کە جیاوازییەك یان دوورە پەرێزیەك یانیش پەراوێزخستنێکی هونەرمەندە گەنجەکان لەلایەن هونەرمەندە بە ئەزمونەکان، یان گوێنەدانی هونەرمەندە لاوەکان بە ئامۆژگاریی هونەرمەندە بەئەزموونەکان هەیە؟**

- ئەوەی من بینیم ڕێك پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بوو، واتا هاوکارییەکی زۆری هونەرمەندە بەتەمەنەکانم دەبینی بۆ هونەرمەندە گەنجەکان، چونکە هونەرمەندە بە ئەزمون و بە تەمەنەکان وەکو جێگرەوەی خۆیان لە کاری هونەریدا سەیری هونەرمەندە لاوەکانیان دەکرد و گوێڕایەڵی ئێمەش بۆ ئەوان نواندنی لا ئاسانتر دەکردین، واتا باشتر دەمانتوانی ڕۆڵەکە بەرجەستە بکەین، بۆیە لە درامای (هەشت دیوار) هاوکاری و تەبایی ناو ئەکتەران و ستاف باشترکارەکەی پێش خست.

*** ڕۆڵی دەرهێنەر کارۆخ ئیبراهیم حەکیم لە هاندانی ئیوە چۆن بوو ؟**

- بە گشتی ڕۆڵی مامۆستا کارۆخ لە هاندانی ئێمەی گەنجدا بینینی تواناکانی ئێمە و تاقیکردنەوەی توانای ئێمە لە ناو دراما، واتا هێنانی توانای جیاواز بۆ ناو دراما ڕێگەیەك بوو بۆ ئەوەی ئێمە ئەو توانا و خولیایەی کە هەمان بوو بۆ ئەکتەری، بەرجەستەی بکەین و بەردەوامیی پێ بدەین، مامۆستا کارۆخ کرۆکی هاوکارییەکە بوو لە سەرکەوتنی ئێمەدا.

*** بە هیزترین خاڵی کاك کارۆخ کە بەلای تۆوە گرینگ بێت و سەرنجی ڕاکێشابیت چی بوو؟**

- دیسپلینکردنی سەر ستەج، واتا بە ڕێکخراوکردنی کارەکان و نەبوونی کێشە، دووەم باوەڕبوونی بە ئەکتەر، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئەکتەر دادەنا کە نواندنێکی باشتر لەوە بکات کە دەیویست، بە گشتی وەکو مامۆستایەك بوو بۆ ئەکتەرە گەنجەکان.

*** ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووت بونەوە چی بوون و چۆن توانیت زاڵ بیت بەسەریاندا؟**

- نواندن بۆ من کارێکی نوێ و جیاواز بوو، بۆیە سەرەتا تووشی هەندێك گرفت بووم، یەکێك لەوانە لە بیرچونەوەی دیالۆگەکان بوو، بەڵام بە هاوکاری ئەوانیتر توانیم بەسەریدا زاڵبم.







# دەزگای ڕۆشبنیریی زانکۆی جیهان ئەکتەر و ستافی (ئادیابین)ی خەڵات کرد

دراماکە لە دەرهێنانی (حەسەن عەلی) و بەرهەمی کەناڵی ئاسمانیی کوردستان TV و بە بەشداریی فراوانی هونەرمەندانی کورد و چەردەیەك لە ئارەزوومەندانی هونەر پێشکەش کرا.

**وتارێك لە بارەی مێژووی ئەدیابینەوە پێشکەش کرا**

لە دەسپێکی ڕێوڕەسمەکەدا دەرهێنەر (حەسەن عەلی) وتارێکی لە بارەی چۆنیەتی گەڵاڵەکردنی ئەو پرۆژە هونەرییە درامییەوە پێشکەش کرد، کە تیایدا باسی لە مێژووی هەولێر و گەڕانێك بە نێو سەدەی ڕابردوودا و، دابونەریت و هاتنە ناوەوەی سوپای ئینگلیز و ژیانی جووەکان لەم شارەدا کراوە، تەنانەت شۆڕشەکانی کورد بە پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس و پێگەی سەرکردە و سیمبولی کورد (مەلا مستەفا بارزانی) و (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) لە مێژووی ڕزگاریخوازی کورد نیشانی بینەر درا و، دەیان ڕووداوی مێژوویی و بەسەرهاتەکانی نێو ئەو سەردەمە وەك خۆی خرایە ڕوو.

**تارا ڕەسوڵ گۆرانیی بۆ هونەرمەندە بەشداربووەکانی ئەدیابین چڕی**

تارا ڕەسوڵ وەك گۆرایبێژێکی ناسراوی کورد و ئامادەی ڕێوڕەسمە هونەرییەکە، چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری و تایبەت بەخۆیی پێشکەش بە هونەرمەندە بەشداربووەکانی نێو درامای ئەدیابین کرد و، ڕا و سەرنجی خۆی لە بارەی کوالێتی







**دوای پێشکەشکردنی ٣٠ ئەڵقە لە درامای مێژوویی (ئەدیابین) و سەرکەوتنێکی گەورە لە ڕووی کوالیتی و بەرهەمهێنان لە مێژووی درامای کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان، لە مەراسیمێکی شایستەدا پۆلێك لە هونەرمەندە بەشداربووەکانی دراماکەی بە ئامادەبوونی چین و توێژە جیاوازەکان و پێشکەشکردنی چەند پارچە میوزیکێك خەڵات کرد.**

کارکردنی دراماکە خستەڕوو و، گوتی: « ئەدیابین ئەو کۆت و بەندانەی شکاند، کە ڕێگر بوون لە بەردەم هونەر و کارکردن لە درامای کوردیدا، ئەوەی من لەو چەند ئەڵقەیەی ئەدیابیندا بینم، وەچەرخانێکی نوێ بوو لە مێژووی هونەری درامیدا و، دەرهێنەر و هونەرمەندانی کورد ئاسۆیەکی نوێیان لە هونەری درامادا نیشانی بینەر دا، وایان لێکردین کە پشتیوانییان بکەین».

**دەزگای ڕۆشنبیریی جیهان ڕێزی لە پۆلێك لە هونەرمەندانی ئەدیابین گرت**

بەرامبەر بەو کارە ناوازەیەی لە هونەری درامیدا نیشانی بینەری کورد درا و جارێکی دی هونەر بە گەورەیی خۆی لە شاشەییەکی کوردیدا خۆی نواندن، دەزگای ڕۆشنبیریی جیهان بە سەرپەرشتیی ئەندازیار (بورهان سابیر) خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە پۆلێك لەو هونەرمەندانەی کە بەشدارییان لەو دراما مێژووییەدا کرد، لەلایەن خۆیەوە گوتی: «هونەرمەندە بەشداربووەکانی نێو ئەدیابین توانییان ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو وەك خۆی لە هزری بینەری کورددا تۆمار بکەن و بە نەوەی داهاتووش بڵێن ئەوەیە مێژووی هەولێر، کە وەك کۆنترین پایتەخت و شار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مێژوویەکی پڕ لە شکۆوە ماوەتەوە، بۆیە ئێستاش وەك لانکەی هەژار و لێقەوماوان و کۆکەرەوەی پێکهاتە جیاوازەکان ماوەتەوە و تا دێت پێگەکەی بەرزتر و شکۆدارتر دەبێت».



ژیا ئومێد

یاریزانی هێزی لەش و بەرزکردنەوەی قورسایی:

# ئەگەر گرنگی بەم یارییە بدرێت کوردستان لە ڕووی یاریزانەوە لە باشترین ئاستدا دەبێت

لە ئێستدا لە بەشێك لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان یارییەکانی هێزی لەش و بەرزکردنەوەی قورسایی بووەتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی باش ڕووی تێدەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك، جگە لەوەی یاریی هێزی لەش کە یارییەکی زیاتر بەرزکردنەوەی قورساییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بە شێوە یەکی زیاتر لە جاران ڕوو لەم وەرزشەکە دەکەن، لە هەولێری پایتەختیش کۆمەڵێك کچە یاریزان بە شێوەیەکی زۆر باش خولیای ئەوەن وەرزشی هێزی لەش و وەرزشەکانی دیکە ئەنجام دەدەن، چەندین یاریزانی بەتواناش ڕکابەریی ئەنجامی گەورە دەکەن، یەکێك لەو یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق (ژیا ئومێد)ـە، کە وەکو یاریزان یاریی بۆ یانەکانی هەندرێن و زانکۆی سەلاحەدین کردووە، ژیا لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ـە و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بواری وەرزشدا، بەڵام ئێستا بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکات، بەڵکو تەنیا وەکو یاریزان و لە گرووپ و هۆڵدا بەشداریی پاڵەوانێتییەکان دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



***چۆن بوو بڕیارت دا بێتە نێو دونیای هێزی لەش و هەڵگرتنی قورسایی؟**

- دەستپێکم لە یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی، دەتوانم بڵێم بە ڕێکەوت بوو، لە ساڵی یەکەمی خوێندنم لە زانکۆ بوو کە بۆ یەکەم جار ویستم تەنیا تاقی بکەمەوە، ڕاهێنەرەکەم لە شێوازی تەکنیکم وەکو یاریزانێکی باش لە منی ڕوانی ئەگەر لێی بەردەوام بم، دواتر بڕیارم دا و دەستم بەم یارییە کرد وەکو یاریزان.

***هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- لەبەر خۆشەویستیم بۆ ئەم یارییە هەست بە قورسایی یارییەکە ناکەم، کە لەوانەیە لەلایەن زۆر کەسەوە ئەم یارییە قورس بێ، بەڵام من چێژ لە قورسایی ئاسنەکان دەبینم.

***بۆچی یاریی هێزی لەش لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- بەهۆی نەبوونی چالاکیی پێویستەوە ئەم یارییە ڕووی لە سستی کردووە و کەمتر ناسراوە لە ناو خەڵکدا.

***هەست ناکەیت ئەم یارییە بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێ نەکراوە، بەتایبەت بۆ ئێوەی کچان؟**

- ئێستا لە هەموو شارەکانی کوردستان تا ڕاددەیەکی باش کچان بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی ئەم یارییەیان دەکەن و لە ئاستی زۆر باشدان، بێگومان ئەگەر بە بەردەوامی گرنگی بە یاریزانانەکان بدرێت ئەوا ئەم وەرزشەش جێگەی خۆی دەکاتەوە.

***ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی تەواو گرنگی بەم یارییە بدرێت کوردستان لە ڕووی توانای یاریزانەوە لە باشترین ئاستدا دەبێت.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- بەرچاوڕوونی بدرێتە خەڵك کە ئەم یارییە بۆ هەردوو ڕەگەز هیچ کێشەیەکی نییە، کچانیش دەتوانن ئەم یارییە ئەنجام بدەن بێ ئەوەی زیانی تەندروستیی هەبێ، لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ئەم یارییە زیاتر بناسرێتەوە.

***بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- بەهۆی ئەوەی بەپێی پێویست گرنگی بە یاریزان نادرێت، دەتوانم بڵێم من لە خۆمەوە ناتوانم پلان دابنێم و دڵنیاشم یاریزانانی زیاتریش بە هەمان شێوەن.

***بۆچی بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەیت؟**

-یانەکان یارمەتیدەری یاریزانان نین تاوەکو بڕیار بدەم بە جێگیری لە یانەیەکدا بم.

***گرفتی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونی بودجەی یاریزان بە پێی پێویست تا ببێتە پاڵنەرێك بۆیان.



***خەونی وەرزشیت چییە؟**

-گەیشتنم بە ئاستێك خزمەت بە خەڵك بگەینم.

***یانەکان گرێبەستیان پێشکەش نەکردووی؟**

- بەڵێ پێشکەشیان کردووم.

***بڕیارت نەداوە بەشداریی پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بکەی؟**

- ئەگەر گرنگیمان پێ بدرێت بۆ نا زۆر بە متمانەوە دەتوانم بڵێم پێی دەگەم.

***هەوڵی گەیشتنت بە هەڵبژاردەی عێراق نەداوە؟**

-بە پێی ئەوەی بۆم ڕەخساوە هەوڵم داوە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- ئەوەی من لە کوردستان دەیبینم لە بارەی وەرزش و یاریزانان ئەوەیە کە گرنگیان پێ نادرێت و بودجەیان بۆ ناڕەخسێنن، لە کاتێکدا یاریزانی زۆر بتوانامان هەیە لە گشت یارییەکاندا، بەڵام پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە بۆ ئەوەی دەرفەتێکیان پێ بدرێ تا بگەن بە خەونی بوون بە باشترین یاریزان، سوپاس بۆ گوڵان بۆ خەمخۆریی بەردەوامیان.

# یاریزانێکی کورد نازناوی جامی باسکەی عێراقی بەرز کردەوە

یاریی باسکە یەکێکە لەو یارییانەی کە لە ئاستی کوڕان لە شارەکانی کوردستان گرنگیی پێویستی پێ نەدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین یاریزانی ئاست بەرز لە شارەکانی کوردستان هەن و بە ناچاری ڕوویان لە یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی کردووە، محەمەد عەبدولخالق یەکێکە لەو یاریزانە کوردانەی شاری هەولێر کە ئەمساڵ لەگەڵ یانەی دیفاع جەویی شاری بەغدا توانی نازناوی خولی یانەکانی عێراقی بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە محەمەد عەبدولخالق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەستێکی یەکجار خۆش بوو بۆ من کە وەکو یاریزانێکی کوردی شاری هەولێر توانیم نازناوی جامی یانەکانی عێراقی لەگەڵ یانەی دیفاع جەوی بەدەست بهێنم، ئێمە تەنیا دوو یاریزانی کورد بووین توانیمان ڕۆڵی گرنگ بگێڕین لەگەڵ یانەکەدا»، لەبارەی چارەنووسی خۆشی بۆ وەرزی تازەی خولەکە محەمەد عەبدولخالق گوتی: «باوەڕ ناکەم گرێبەستەکەم تازە بکەمەوە، هەر چەندە ژمارەیەکی زۆری یانەکانی عێراقی داوای گرێبەستیان لێ کردووم، بۆمنیش وەکو یاریزان پاڵەوانبوون شانازیکردنە، لەبارەی بەرپرسانی وەرزشی کوردستانیش گوتی: «هیوادارم یانەکان بتوانن بە شێوەیەکی جوان و پێویست خزمەتی شارەکانی کوردستان بکەن و بتوانین بە هەموومان ئەو گەنجە باشانەمان بگەڕێنینەوە ناو ژیانی وەرزشی، پەنا بەخودا سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنین».




## زاخۆ بەرەوو لووتکە



لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی یانەی وەرزشیی زاخۆ ئەم وەرزە جیاواز لە سەرجەم یانە کو ر د ستا نییە کا نی بەشدار لە خولی پیشەگەرانی عێراقیدایە، چونکە ئاست و ئەنجامی بەرچاوە و قۆناغی باشی بڕیوە لە خولەکە، کارگێڕیی یانەی زاخۆ ئەم وەرزە لەگەڵ بڕیاری باشتربوونی ئاستی تیپەکەی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری قەتەری تەلال بلوشی ئەنجام دا، بۆ ئەوەی بتوانێ تیپێکی تەواو جیاواز دروست بکات، جگە لەوەش تیپەکە چەندین گرێبەستی باشی لەگەڵ یاریزانانی ئەستێرە ئەنجام دا،



## ـــــــــکه هەنگاو دەنێ

بۆ ئەوەی لە خولی عێراقی ڕکابەر لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات، یانەی زاخۆ لە کۆی ئەنجامدانی ٢٨ یاری لە خولەکەدا خاوەنی ٤٩خاڵە و پلەی چوارەمی ریزبەندی یانەکانی گرتووە، ١٢ یاری براوە بووە و ١٣ یارییش یەکسان بووە و تەنیا لە سێ یاری تووشی شکست هاتووە، یانەی زاخۆ بەرنامەی دوورمەودای هەیە بۆ ئەوەی تیپەکە بباتە ڕیزبەندی یەکەمی یانەکان و هەنگاو بە هەنگاو کار لە سەر باشتر بوونی تیپەکە دەکات، یانەکە ئێستا خاوەنی زۆرترین هاندەرانی وەرزشییە و خاوەن یاریگەیەکی نێودەوڵەتی و چەندین یاریزانی ئەستێرەی بیانییە، کارگێڕیی یانەکەش دەیەوێت ساڵ بە ساڵ تیپێکی بەهێزتر دروست بکات، بۆ ئەوەی ململانێی سەرجەم یانەکانی عێراقی پێ بکات.

## نیاز محەمەد یانەی هەولێر تایبەتە لە دڵی مندا

یانەی تەڵبەی شاری بەغدا ئەم وەرزە توانی نیاز محەمەدی یاریزانی پێشووی یانەی وەرزشی هەولێر بباتە ڕیزی یانەکەی بۆ بەهێزکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەی لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، نیاز محەمەد لەگەڵ یانەکەی شاری بەغدا تا ئێستا توانیویەتی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە خولی پیشەگەرانی عێراقیدا و بووەتە جێگەی متمانەی یانەکەی، لە دوایین یاری تیپەکەدا بە باشترینی یارییەکە دەستنیشان کرا، لەم بارەشەوە نیاز محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە بارودۆخم زۆر باشە لەگەڵ یانەی تەڵبە و هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەم، یاریزانان و دەستەی کارگێڕی و دەستەی ڕاهێنەران زۆر ڕێزم دەگرن، لەگەڵ یانەکە بەیەکەوە دەتوانین کاری باش ئەنجام بدەین ئامانجی منیش وەکو یاریزان ئەوەیە ئەمساڵ بتوانین لە چوار یانەکەی پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان بین، لە ساڵانی داهاتووش ڕکابەری لەسەر نازناوەکان بکەین»، لەبارەی باردۆخی یانەی هەولێر نیاز محەمەد گوتی: «یانەی هەولێر یانەیەکی تایبەتە لە دڵی مندا جیاوازە لەگەڵ هەموو ئەو یانانەی یاریم بۆ کردوون، چونکە یانەی دایکە، هەرکاتێك یانەکە ئەنجامی خراپ بێت پێی دڵ گران دەبم، هەولێر یانەیەکی گەورەیە پێویستە لە سەر ئێمە و هاندەران و حکومەتی هەرێم پشتگیریی یانەکە بکەین و کەسانی شایستە لە بەڕێوەبردنی ئەو یانەیەدا دابنێین».






# هۆکارەکانی کەمیی وزە لە پیاودا



گەلێك هۆكاری تایبەت بە ستایلی ژیان و حاڵەتی پزیشكی دەبنە هۆی كەمیی وزە Low energy كە هەندێكیان تایبەتن بە پیاوان. لەگەڵ ئەم ژیانە قەرەباڵغەی سەردەمدا، زۆرێك لە پیاوان ڕۆژانە هەست بە ماندووبوون و هیلاكی دەكەن. جگە لە هەستكردنی بەردەوام بە ماندووبوون نیشانەكانی دیكەی كەمیی وزە بریتین لە: بۆرژان لە كاتەكانی ڕۆژدا، گرفت لە تەركیزكردندا، نەبوونی پاڵنەر بۆ تەواوكردن یان ئەنجامدانی كارەكان. هۆكارەكان: كەمیی ماددە خۆراكییە گرنگەكان یان بەدخۆراكی Malnutrition، ئەنجام نەدان یان كەمیی مەشقی وەرزشی، كەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن، وەستانی كاتیی هەناسە لە كاتی خەودا Sleep apnea كە بریتییە لە وەستانی هەناسە بۆ ماوەی نزیكەی ١٠ چركە لە كاتی خەودا، كە زیاتر لە پیاودا بەدی دەكرێت، بەتایبەتی پیاوانی خاوەن كێشی زیادی لەش، خەوزڕان، خەمۆكی، كەمخوێنی، سستبوونی گلاندی دەرەقی، نەخۆشی بەتایبەتی شەكرە و نەخۆشیی دڵ، هەروەها زیانی لابەلای بەكارهێنانی هەندێك دەرمان.

# بەهای خۆراکیی زەیتی خورما



زەیتی خورما Palm oil بۆنێكی تایبەت و ڕەنگێكی سووری تاریكی هەیە، بەڵام دەتوانرێت بە پرۆسێسكردن بۆن و ڕەنگەكەی لا ببرێت، كە بە زەیتی سافكراوی خورما Refined ناوزەد دەكرێت و زیاتر لە بازاڕەكاندا بەردەستە و بۆ ئامادەكردنی خۆراك بەكار دێت. زەیتی خورما ١٠٠٪ لە چەوری پێك دێت، كە نیوەی لە چەورییە تێرەكانە و نیوەكەی دیكەی لە چەورییە نا تێرەكانە، بۆیە زەیتەكە لە پلەی گەرمیی ژووردا پەیت دەبێت. یەك كەوچكی گەورە زەیتی خورما ١٢٠ كالۆری بە لەش دەدات، ڕێژەیەكی بەرزی ماددە دژەئۆكسانەكان لە جۆری كارۆتینۆیدەكان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ڕێژەیەكی باشی ڤیتامین E و ڤیتامین A. سوودە تەندروستییەكان: بەهێزكردنی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی تەندروستیی چاو و ڕێگرتن لە گۆڕانی پەیوەست بە تەمەن، كە لە سەنتەری تۆڕەی چاودا ڕوو دەدات AMD، باشتركردنی تەندروستیی مێشك، باشتركردنی تەندروستیی دڵ بەهۆی ڕێژە بەرزەكەی ڤیتامین E لە زەیتی خورمادا، كە ڕۆڵی هەیە لە خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەكان، كەمكردنەوەی ئەگەری ڕوودانی ئالۆزییەكان لەكاتی دووگیانیدا، هاندانی توانای كۆئەندامی هەرس بۆ

# چۆن تەمەن کاریگەری دەکاتە سەر پێیەکان؟

تەمەن کاریگەری دەکاتە سەر نزیکەی هەموو بەشەکانی لەش، کە پێیەکانیش دەگرێتەوە. لەگەڵ تەمەندا، چەند گۆڕانێکی فسیۆلۆژی لە ئێسك، جومگەکان، لەگەڵ ژێیەکاندا ڕوو دەدەن، کە کاریگەری دەکەنە سەر فرمانی ئەم پێکهاتانە. باوترین گرفتەکانی پێ کە پەیوەستن بە تەمەنەوە، بریتین لە: وشکبوونی پێست، بەتایبەتی لە پێستی ژێرەوەی پێیەکاندا، کە لەوانەیە پێویست بە چەورکردنی ڕۆژانە بکات بۆ ڕێگرتن لە قڵیشان و هەوکردن، تەختبوونی پێیەکان Flat feet لەبەر کشانی بەستەرەکان و کەمبوونەوەی بەرزیی کەوانەی پێ، کە دەبێتە هۆی ئازار لە ناوەڕاستی پێیەکاندا، کە زۆر جار هاوکات دەبێت لەگەڵ ئاوسانی لای ژوورەوەی گۆزرینگ و کەوانەی پێ، کورتبوونی ژێی پاشنەی پێ Achil-les tendon کە ماسوولکەی قاچ بە ئێسکی پاشنەی پێ دەبەستێتەوە لەبەر کەمبوونەوەی ئاو لە شانەکانیدا، کە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی توانای چەماندنەوەی پێیەکان، چەمانەوەی نا ئاسایی جومگەی پەنجەیەك یان زیاتر، کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوا دەبێتە گۆڕانێکی هەمیشەیی، گۆڕان لە نینۆکی پەنجەکانی پێ بە شێوەی ئەستووربوون و ناسکبوون لەگەڵ گۆڕانی ڕەنگ لەبەر سستبوونی گەشەکردنیان لە ئەنجامی کەمیی هۆرمۆنەکان، کە پەیوەستە بە تەمەنەوە، هەوکردنی جومگەی گۆزرینك و جومگەی ژێر گۆزرینگ و یەکەم جومگەی پەنجەی گەورەی پێ، هەروەها گرفتەکانی پەیوەست بە هاتووچۆی خوێن لە پێیەکاندا کە هۆکارن بۆ ئاوسانی پێیەکان لە بەساڵاچوواندا، کە لەوانەیە لە ئەنجامی نەخۆشی بێت، وەکو: پەککەوتنی دڵ، نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە، مۆمبوونی جگەر یان کەمبوونەوەی توانای خوێنهێنەرەکانی قاچەکان.



هەڵمژینی ڤیتامینەکان بەتایبەتی ڤیتامین A، هەروەها خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە. لایەنە خراپەکەی زەیتی خورما بریتییە لەوەی کە ڕێژەیەکی بەرزی چەورییە تێرەکان Saturated لەخۆ دەگرێت، کە بە چەوریی خراپ ناوزەد دەکرێن، چونکە هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL و کەمکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لە خوێندا.

# سوودەکانی پرتەقاڵ بۆ کۆئەندامی هەناسە

پرتەقاڵ میوەیەکی سوودبەخشە، بەتایبەتی کە ڕێژەیەکی بەرزی ڤیتامین C لەخۆ دەگرێت، هەروەها ڤیتامین A، ڤیتامین B9، ترشی سیتریك، ڕیشاڵ، مادده دژەئۆکسانەکانی فلاڤۆنۆیدەکان، لەگەڵ کانزاکانی کالسیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم. ترشی سیتریك Citric acid، جگە لەوەی کە سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە، هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی کۆکە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ فڕێدانی دەردراو یان بەڵغەمی ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەناسە Phlegm کە لە حاڵەتەکانی هەوکردندا کۆ دەبێتەوە. سوودەکانی دیکەی پرتەقال: ڕێگرتن لە کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، بەتایبەتی ڕێکخستنی گرژ و خاوبوونەوەی ڕیخۆڵە، یارمەتیدانی هەڵمژینی کانزای ئاسن لە کۆئەندامی هەرسدا، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، کەمکردنەوەی چەوریی دەوری سك، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی فرمانە دروستەکانی مێشك، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی شەکرە، هەروەها کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە.





# زیانە تەندروستییەکانی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل بۆ ماوەیەکی زۆر

لێخوڕینی بەردەوامی ئۆتۆمۆبیل بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك و گیربوون لە قەرەباڵغیی ترافیکدا، شوفێر دەخاتە ژێر ڕیسکی زۆر بۆ تووشبوون بە چەند حاڵەت و نەخۆشییەك، وەکو: ماندووبوونی چاوەکان، سەرئێشە، ئازار و گرژبوونی ماسوولکەکان، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، گرفتەکانی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، سترێس کە هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و شێرپەنجە و گرفتی دیکەی تەندروستی، زیاد بەرکەوتن بە پیسبوونی هەوا Pollution و ژاوەژاوی هاتووچۆ لەوکاتەی کە گەلێك گاز و ئاوێتەی زیانبەخش لە ئەگزۆزی ئۆتۆمۆبیلەکانەوە دەردەچن و هەواپیس دەکەن، کە هەندێکیان شێرپەنجەیین، جگە لەوەی کە دەبنە هۆی سووتانەوەی لووت و چاو، هێڵنج، سەرئێشە، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری ڕەبوو و گرفتی دیکەی کۆئەندامی هەناسە. لە لایەکی دیکەوە زیاد دانیشتن لەسەر کورسیی ئۆتۆمۆبیل بۆ ماوەیەکی زۆر، هاندەرە بۆ ئازاری پشت، ئازاری درێژخایەنی قاچەکان، زیادبوونی ئەگەری دەوالیی قاچ، ئاوسانی قاچەکان، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری مەیینی خوێن لە خوێنهێنەرە قووڵەکانی قاچدا DVT کە شوفێر بۆ ماوەی دوو مانگ پەك دەخات و ژیان دەخاتە مەترسییەوە.

# سڕبوونی دەستەکان لەکاتی خەودا



گەلێك کەس لەکاتی لەخەوهەڵساندا هەست بە سڕبوون یان تەزینی دەست دەکەن، کە هەندێك جار لەبەر هۆکاری سادە ڕوو دەدات، هەندێك جاریش نەخۆشی لەپاڵەوەیە و پێویست بە چارەسەری پزیشکی دەکات. هۆکارەکان: شێوەی نووستن Po- sition کە بە باوترین هۆکار دادەنرێت کە قۆڵ یان دەست دەخرێتە ژێر سەرین، کە دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر بۆڕییەکانی خوێن و کاریگەری دەکاتە سەر سووڕی خوێن لە دەستدا، گرفتی تونێلی مەچەك Carpal tunnel کە فشار دەکەوێتە سەر دەمارێکی دەست لەبەر هەوکردن یان دووگیانی یان هۆکاریدیکە، هەوکردنی جومگەی بڕبڕەکانی مل، هەوکردنی دەمارەکانی دەوروبەر کە دەبێتە هۆی سڕبوون و کەمبوونەوەی هەستی بەرکەوتن لە دەست و پەنجەکاندا هاوکات لەگەڵ بێهێزیی ماسوولکەکانی دەست، کەمی ڤیتامین B12 کە جگە لە سڕبوونی دەستەکان دەبێتە ئەگەری هەستکردن بە ماندووبوون و بێهێزیی گشتیی ماسوولکەکانی لەش، کیسی گانگلیۆن Ganglion کە لە جومگە یان ژێی مەچەك یان دەستەکاندا پەیدا دەبێت، کە گرێیەکی ناشێرپەنجەییە و فشار دەخاتە سەر دەمارەکان و دەبێتە هۆی سڕبوون و ناڕەحەتی لە دەست و پەنجەکاندا، نەخۆشیی شەکرە کە هۆکارە بۆ گرفت یان هەوکردن لە نزیکەی هەموو دەمارەکانی لەشدا Neuropathy بەتایبەتی دەمارەکانی دەست و پێیەکاندا، کە هۆکارە بۆ سڕبوون بەتایبەتی لەکاتی خەودا، هەروەها زیانی لابەلای هەندێك جۆری دەرمان، وەکو چارەسەری کیمیایی یان دەرمانەکانی شێرپەنجە، دەرمانەکانی دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن لەگەڵ چەند دەرمانێکی دژەپەرکەم و دژەژی، یان دەرمانی دژی هەوکردن بە بەکتریا.



# ئامێرێکی زۆر گرنگ بۆ ڕاگەیاندنکاران

ژیریی دەستکرد ئاوێتەی ئامێرەکانی دیکەش دەبێت، وەك مۆبایل و زیرەکیی دەستکرد، یا چاویلکە و زیرەکیی دەستکرد و هەروەها ئەو گیرەیی لێرەدا دەبینن و بە جۆری Limitless ناسراوە و دەیان ئامێری دیکەش کە لەمەولا بەرهەم دێن.

ئەو ئامێرە بچووکە کە وەك گیرەیەك دەچێت و لە یەخەی کراس دەدرێت یا وەك ملوانکە لە مل دەدرێت، لە ڕێگای وای-فای یا بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت دەتوانێت دەنگ تۆمار بکات و جگە لەوەش بە ئاپێکی تایبەت بەخۆی لە مۆبایلدا دەنگەکان دەکاتە دەق و هەروەها دەتوانێت دەقەکان کورت و پوخت بکاتەوە.

ئامێرەکە بۆ ڕاگەیاندنکاران زۆر گرنگە هەروەها بۆ ئەوانەی خوێندنکارن یا گوێ لە کۆڕ و سیمینار دەگرن و نیازیان هەیە دواتر پوختەی بابەتەکە گوێ بدەنەوە یا بینووسنەوە.

کێشی ئامێرەکە تەنیا ٣ گرامە و لە ئەلەمینیۆم پێکهاتووە کاتێك لە یەخە دەکرێت بەهۆی موگناتیسەکەیەوە کەپس دەبێت و یەخە دەگرێت.

تایبەتمەندی گرنگی ئامێرەکە ئەوەیە بەکارهێنەر دەتوانێت تەنیا دەنگی یەك کەس تۆمار بکات ئەگەر چەند کەسێکیش بدوێن. دوای تەواوبوونیش ڕاستەوخۆ دەنگەکە لە مۆبایل یا کۆمپیوتەردا هەڵدەگیرێت و چەند حاڵەتی هەیە، دەتوانی دەنگی تۆمارەکەت هەبێ، یا دەق و نووسینی تۆمارەکە. دەکرێت خاڵە سەرەکییەکان دەستنیشان بکات یا پوختەی تۆمارەکە. ئامێرەکە شەحن دەکرێتەوە و تا سەد کاتژمێر دەتوانرێ سوودی لێوەربگیرێت.

# کامێرایەکی بچووک لەژێر ئاودا فیلم هەڵدەگرێتەوە




کۆمپانیای insta360 نوێترین ڤێرژنی کامێرای بچوکی خۆی بەناوی x4 خستەڕوو. کامێرایەك لە ستایل و دیزایندا هاوشێوەی ڤێرژنەکانی پێش خۆیەتی، بەڵام تواناکانی گەلێك بەرچاوترن.

کامێراکە توانای فیلم هەڵگرتنەوەی 8K و هەروەها وێنەگرتنەکەی ٧٢ میگاپیکسلە. جیاوازی کامێرای ناوبراو لەگەڵ کامێراکانی دیکە ئەوەیە کە لە قوڵایی دە مەتر لەژێر ئاودا فیلم هەڵدەگرێتەوە. کەیسێکی تایبەتی لەگەڵدایە بەهۆی ئەو کەیسەوە دەتوانرێت تا قوڵایی ٥٠ مەتر لە ژێرئاودا وێنەبگرێ. کامێراکە زیاتر بۆ ئەو مەلەوانانە گونجاوە کە نیازیان هەیە لە دەریا و زەریاکاندا بگەڕێن و فیلم هەڵبگرنەوە.

شاشەیەکی ٢,٥ ئینجی هەیە و هەروەها بە هێمای ئاماژەی دەست و بە دەنگ فەرمانی فەرمانی فیلم گرتنی پێدەکرێت. توانای فیلم هەڵگرتنەوەی ٣٦٠ پلەی بە کوالیتی 4K هەیە. کامێراکە جگە لەوانە گەلێك تایبەتمەندی بە سوودی دیکەی هەیە.



# سێ شاشە بۆ لاپتۆپێک

جیاوازییەکی بەرچاوی لاپتۆپ لەگەڵ کۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسکتۆپ ئەوەیە کە کۆمپیوتەری دیسکتۆپ شاشەیەکی مەزنی هەیە و بەکارهێنەر بۆ کارەکانی بەتایبەتی کاری گرافیکی و نەخشەسازی پانتاییەکی زۆری لە شاشە لەبەردەستدایە.

بەربەرینکردنەوەی شاشە لە جۆری UPER-FECT Z 14 وا دەکات شاشەیەکی گەورتر بۆ کار لەبەردەستدابێت. چونکە خۆی لە دوو شاشە ١٤ ئینجی پێکهاتوون و هەم دەکرێت لەلای ڕاست و چەپی شاشەی لاپتۆپ دابندرێت و هەم دەکرێت لەسەرەوەی شاشەی لاپتۆپەکە دابندرێت. شاشەکان بە ئاسانی لە ڕێگای USB-Cەوە پێکەوە پەیوەند دەدرێن. بەکارهێنەر دەتوانێت هەرکام لە شاشەکان بۆ پرۆگرامێکی تایبەت دابنێت یا بە هەر سێ شاشەکە یەك پرۆگرام بکەنەوە و پانتایی پرۆگرامەکە زیاتر بێت بۆ نموونە پرۆگرامێکی وەك فۆتۆشۆپ لە گرافیکدا و ئۆتۆکاد لە ئەندازیاری بیناسازیدا. جگە لەوەی شاشەکان بە ئاسانی بە شاشەی لاپتۆپەوەکە پەیوەند دەدرێن دەکرێش دوو شاشەکە لە ستاندێکی تایبەت بەخۆیدا دابنرێن و بەرز و نەوی بکرێن.





# چاویلکە و ژیریی دەستکرد

لەو سەردەمەدا هەر کۆمپیوتەر و مۆبایل نین کە بە ژیریی دەستکردەوە پەیوەند دەدرێن و چاویلکە و ئامرازی دیکەش سوود لە ژیری دەستکرد وەردەگرن.

چاویلکەی جۆری solos airgo 3 smart glasses چاویلکەیەکە لەگەڵ ChatGPT پەیوەند دراوە. دەتوانیت هەموو پرسیارێکی لێبکرێت. پێویست بەوە ناکات رۆژانە ماوەیەکی زۆر مۆبایل بەدەستەوە بگری و دەکرێ لەبری مۆبایل لەو چاویلکەیە سوود وەربگری. راستەوخۆ وەرگێرانی لە زمانەکانی دیکەوە پێدەکرێت، هەم بە دەق و هەم بە دەنگ وەرگێرانەکە نیشان دەدات و بڵاودەکاتەوە.

دەنگێکی باشی هەیە بۆ پەیوەندییەکان و گوێگرتن لە ئاواز و گۆرانی. کاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا دە کاتژمێر دەکرێت سوودی لێوەربگری. وەك راهێنەر و هاوکارێکی باشیشە بۆ وەرزشە تاکەکەسییەکان.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت، هەژماری فەیسبووکەکەم هاك کراوە و چۆن بتوانم جارێکی دیکە وەریبگرمەوە چۆنکە پاسۆردەکەی گۆڕیوە؟**

خوێنەری بەرێز لەسەرەتادا بەر لەوەی هاك بکرێی، کورد گوتەنی ماڵی خۆت توند بگرەو کەس بە دز مەگرە! ئەویش ئەوەیە پاسۆردێکی زۆر بەهێز بۆ فەیسبووکەکەت دابنێ، تێکەڵاوێك بێت لە ژمارە و پیتی گەورە و بچووك و هێما، لە هەشت پیتیش زیاتر بێت. بۆ وەرگرتنەوەی هەژمارەکەت سەر لە ماڵپەڕی www.facebook.com/hacked بدە. لەوێدا ئەکاونتەکەی خۆتی بدەیە و کۆمەڵێك پرسیارت لێدەکا بە دروستی وەڵامی بدەوەو دیارە ئەگەر ژمارە مۆبایلت دانابێ زۆر ئاسانترە، هەژمارەکەت وەردەگرییەوە.



# سپیکەرێکی هۆشمەند ئەرکی جیاجیا ئەنجام دەدات

ئەو ئامێرانەی لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرددا بەرهەم دێن جیاوازن. ئامێرەکان هەموویان بە ژیریی دەستکردەوە گرێدراون، بۆ نموونە سپیکەری جۆری HiDocK H1 کە تەنا سپیکەرێك نییە دەنگ بڵاو بکاتەوە. بەڵکو کاتێك دەنگ وەردەگرێ، دەنگەکە بۆ کۆمپیوتەر بەرێ دەکات و لەوێ بەهۆی chatGPTیەوە، جارێکی دیکە دەکرێتەوە بە دەق. سپیکەرەکە دەنگیش تۆمار دەکات و لەکاتی دەنگ تۆمارکردندا دەکرێت، باسەکە بە دەنگ یا بە دەق کورت بکاتەوە. هەروەها لەکاتی تۆمارکردنی دەنگدا، دەنگە دەنگی زیادی ناهێڵێت. چەند دوگمەیەکی هەیە بۆ تۆمارکردنی دەنگ و کۆتایی هێنان بە تۆمارکردن و هەروەها دوگمەیەکی گەورە بۆ کۆنترۆڵ کردن و ئیدیت کردنی دەنگ. سپیکەرەکە بەبێ وایەر لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. سپیکەری ناوبراو جگە لەوەی وەك بڵندگۆیەك ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، وەك هاپێکی کۆمپیوتەریش سوودی لێوەردەگیرێ، چونکە شوێنی دانانی کارتی SD و فلاش میمۆری و هەروەها HDMI هەیە و مۆنیتۆریشی پێ پەیوەند دەدرێت.

# ئەڵقەیەک لە لێواری مەرگ دەتگێڕێتەوە




ئەوانەی شۆفێری دەکەن، بەتایبەتی شۆفێری ئۆتۆمبیلە گەورەکان و بارهەڵگرەکان کە بۆ ڕێگای دوور دەڕۆن، زۆر جاران بەهۆی ماندوویەتی بێ یا بە هۆکاری دیکە خەویان لێکەوتۆتەوە و دواتریش هەرگیز لەو خەوە هەڵنەستاونەتەوە! چونکە ئۆتۆمبیلەکە وەرگەڕاوە یا خۆی بە شتێك داداوە.

بۆ پێشگیری لە خەوبردنەوە لەناو ئۆتۆمبیلدا، ئامێرێکی شێوە ئەڵقەیان بەرهەم هێناوە کە لە دوو پەنجە دەکرێت و لەکاتی پێویستدا زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات. ئەڵقەکە بە alarm stop sleep ناسراوە. واتە زەنگی ئاگادارکردنەوەی خەو!

ئەڵقەکە لە دوو پەنجە دەکرێت و هەشت هەستەوەری هەیە، کاتێك هەست بەوە بکات شۆفێرەکە خەونووچکە دەیباتەوە ئەوە بە لەرینەوەیەك ئاگاداری دەکاتەوە شۆفێرەکە پشوو بدا، بەڵام ئەگەر هەر گوێی پێنەدا ئەوە بە لەرینەوەیەك و جەرەسێکی زۆر بەهێز ئاگاداری دەکاتەوە. بەبێ ڕیکلام و بانگەشە ئەوانەی بەکاریان هێناوە دەڵێن زۆر جاران لە لێواری مەرگ ئێمەی گێڕاوەتەوە.



## ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکرد بۆ وێنەی مامەڵات

وێنەی مامەڵە ئەو وێنانەن بۆ کاروباری ئیداری و حکومی سوودیان لێوەردەگیری. وێنەکان دەبێت بە کامێرایەکی بەهێزو لە لای وێنەگری پیشەیی بگیردرێن. بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە، ئەو ئەرکەش ئاسان بۆتەوە و پێویست ناکات بچی بۆ لای وێنەگر.

سەرەتا هەژماری خۆت لە ماڵپەڕی cutout.pro دەکەیەوە و بەشی passport photo maker هەڵدەبژیری و دواتر وێنەی خۆت کە بە مۆبایل یا کامێراییەکی ئاسایی گرتووتە، ئاپلۆد دەکەی و دەستبەجێ وێنەکەت دەکاتە وێنەیەکی مامەڵەیی. لەوێدا بە یەك چرکە وێنەی جلوبەرگت دەگۆڕی. ئەگەر ملت لار بووبێ ئەویش ڕاست دەکاتەوە. هەر سایزێکی مەبەستتە بەو سایتە وێنەکەت دەداتێ.

# پرۆگرامێک بۆ گەڕاندنەوەی وێنە سڕاوەکان

گەلێك جاران بە ئەنقەست بێ یا بەهەر هۆیەك بێت، ئەو وێنانەی لەسەر کۆمپیوتەر یا میمۆری کامێرا و مۆبایلەکانتان دەسڕێنەوە. یان جار هەیە کێشەیەك بۆ کۆمپیوتەرەکەت دێتە پێش وێنە و ڤیدیۆکان دەسڕدرێنەوە. زۆر پرۆگرام هەن بۆ گەڕاندنەوەی وێنە سڕاوەکان. پرۆگرامی Stellar Phoenix Photo Recovery یەکێکە لەو پرۆگرامە بەهێزانەی وێنە و ڤیدیۆکان دەگەڕێنێتەوە.

پرۆگرامی ناو براو بە ئاسانی وێنە و ڤیدیۆ سڕاوەکان یا فۆرماتکراوەکان دەگەڕێنێتەوە. بەهۆی ئاسان سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکە و خێرایی پرۆگرامەکە بۆتە لە ریزی بژاردەکانی گەڕاندنەوەی وێنەکان.




ئەو پرۆگرامە تەنیا وێنە و ڤیدیۆ و و فایلی دەنگی دەگەڕێنێتەوە ئەوەش بۆ بەکارهێنەر کارئاسانییەکی زۆرە و دەزانێت چی مەبەستە بۆ گەڕاندنەوە. بەرلەوەی فایلە وێنەییەکان بگەڕێنێتەوە، لە پێشدا نیشانی فایلەکان نیشان دەدات و دواتر ئەگەر بەکارهێنەر ویستی لەسەر بوو فەرمانی پێدەکا بۆ گەڕاندنەوە.



# چۆن دەرگای پلاستیکی بە شێوەیەکی کاریگەر پاک بکەینەوە؟

دەرگای پلاستیکی ئاسانە بۆ دانانی لە ماڵەوە و دیمەنێکی سادەی هەیە، بەڵام پێویستی بە گرنگیدانێکی ورد بە پاکوخاوێنی هەیە، بۆ ئەوەی دەرگا پلاستیکەکانی ناو ماڵەکەت بە شێوەیەکی دڵخواز پاك بکەیتەوە، پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پەیڕەو بکەیت.

پاودەری سۆدەی نان: گیراوەیەك لە سێ کەوچك سۆدەی نان و کەوچکێك ئاو ئامادە بکە، ئەو پێکهاتەیە بە چەقۆ یان فڵچەی ددان تێکەڵ بکە، تاوەکو گیراوەکە لە مەعجونی ددان دەچێت لە یەکگرتوویەکەدا. بەڵام ئەگەر تێبینیی ئەوەت کرد کە هەویرەکە زۆر شلە، یان زۆر ڕوونە، بەپێی پێویستی سۆدەی نان یان ئاوی زیاتری تێبکە، دەرگا پلاستیکەکان بەو هەویرە و بە فڵچەی ددان بشۆ، هەویرەکە بۆ ماوەی ٣٠ خولەك بەجێ بهێڵە، سۆدەی نانەکە پیسییەکە شل دەکاتەوە، دواتر بە بەکارهێنانی خاولییەك کە بە ئاو تەڕ کراوە هەویرەکە لێ بکەرەوە، دوای ئەوە دەرگاکە بە گیراوەیەکی قاپشۆر بشۆ، دواتر ئاوی پێدا بکە و دواجار بە خاولی وشکی بکەرەوە.

**ئامادە کردنی: شیلان عەلی**

# ڕێگەی دروست بۆ ئەوەی بۆنەکەت بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە

هەندێك بۆن بە خێرایی دەڕۆن، هەندێکی دیکەیش ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە، لێرەدا چەند ئامۆژگارییەك دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی بۆنەکەت بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.

- بەکارهێنانی بۆن ڕاستەوخۆ دوای دووشکردن یارمەتی پێست دەدات بۆنەکە بە ئاسانی هەڵبمژرێت، ئەمەش وا دەکات بۆنەکە زیاتر بمێنێتەوە، هەروەها پێستت بە زەیت مەساج بکە لەو شوێنانەی کە دەتەوێت بۆنیان لێ بدەیت، پاشان بۆنی دڵخوازت بپرژێنە.
- بۆن بدە لە شوێنە گەرمەکان وەك مل، پشت گوێ، ناوچەی سنگ، ئەم شوێنانە یارمەتیدەر دەبن بۆ بڵاوبوونەوەی بۆن بەسەر هەموو جەستەدا، هەروەها وا دەکات بۆنەکەت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکی زۆر بمێنێتەوە .
- بەپێی جۆری پێستت بۆنەکەت هەڵبژێرە، بە پێچەوانەی پێستی چەور پێستی وشك بەرگری لە تەمەندرێژیی بۆن ناکات، بۆیە کەمێك زەیتی جەستەی بێ بۆن بدە لە پێستت، پاشان خۆت بۆندار بکە بۆ ئەوەی بۆنەکەت بە یەکسانی بمێنێتەوە.





# مۆدی ستایلی قژی کلکە ئەسپ بۆ بووک لەمساڵدا

شێوازی قژی کلکە ئەسپ یەکێکە لەو ستایلە کلاسیك و بێ کات و ڕەسەنانەی کە لەگەڵ هەموو بووکەکاندا دەگونجێت بەبێ جیاوازی.

شێوازی قژی کلکی ئەسپی نزم: ئەم شێوازە گونجاوە بۆ ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری، چونکە کاریگەرییەکی هاوچەرخ بۆ دیمەنی بووك دروست دەکات، و بووك هەست بە ئاسوودەیی دەکات، چونکە یەکێکە لەو شێوازانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر وەك خۆی دەمێنێتەوە. بووك دەتوانێت قژی بە ئیکسسواراتە نەرمەکان بڕازێنێتەوە، وەك ئیکسسواراتەکانی دانتێلی نەرم، جا چ بە مرواری، سوارۆڤسکی، ڕینستۆن یان کریستاڵ.


شێوازی قژی کلکی ئەسپ بەرز: ئەگەر بتەوێت قژت لە پشتەوە ڕێك یان شل بەجێ بهێڵیت بەبێ ئەوەی بە تەواوی لوول بێت، هەروەها دەتوانیت بە دوو نیوە یان بە لا دا یان شەپۆلدار کە بە دوو لا دا شۆڕ دەبنەوە بیبەستیت. هەروەها دەتوانیت ئیکسسواراتە نەرمەکانی قژ هەڵبژێریت کە لەگەڵیدا بگونجێت و دیمەنێکی نەرم و ڕەسەن دەبەخشێت.



## کڵاوی فڕۆکەوانی F35 گرانترین کڵاوی فڕۆکەوانییە

ناوی ئەم کڵاوە (گرین گلۆ) یە و نرخی ٤٠٠ هەزار دۆلارە، چونکە بینینێکی زۆر ڕوون بۆ فڕۆکەوان دەڕەخسێنێت لە درەوشانەوەی خۆر و لە تاریکی شەودا، بە بینینی ٣٦٠ پلە و بە ئامانجگرتنی نیشانشکێن. بەربەستی نییە بەهۆی ئامێرەکان یان لاشەی فڕۆکەکەوە کە لە پشتەوە و پێشەوە و خوارەوەیدا فڕۆکەوان دەبینێت، کۆنترۆڵی چەك و سیستمی فڕۆکە بە دەنگ و ئامانجکردن بە نیگایەك لە چاوەوە تێدا ڕەخساوە، خێرایی و بەرزی و ئاگادارکردنەوەکان پیشان دەدات، ڕێگە دەدات بە ڕۆیشتنی ئۆکسجین بەپێی پێویست. ئەم کڵاوە لەلایەن کۆمپانیای لۆکهید مارتنەوە دروست کراوە.






## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەوانە دەکات کە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ماددەی سیلیکۆن و هەندێ لەو جوانکارییانەی کە بە ڕێگەی هەڵە بەکاردەهێنرێن، بەمەش شێوە و جوانیی سرووشتیی خۆیان تێك دەدەن.



## دیمەنە سەیرەکان

**تەماتە سەیرەکە**

تەماتەی تایگرێلا ماریل ی ڕەش، هێڵێکی بریقەداری هەیە، ناوەوەی دەوڵەمەندە بە دژە ئۆکسێنەر، هەروەها قەبارەی یەك تەماتە دەگاتە نیزیکەی نیو کیلۆگرام.

## یاسا



**لاساری (نشوز)**

ڕەت و گوێڕایەڵی نەکردنی پیاوەکەی کە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی جیا بوونەوە و پیاو دەتوانێت پەنای بۆ ببات.

ئەوحاڵەتانەی ئافرەت تێیدا بە لاسار دادەنرێت کامانەن؟

١- جێهێشتنی ماڵی هاوسەری بە یەکجاری بەبێ مۆڵەتی هاوسەرەکەی و بێ پاساوی ڕەوا، سەفەر نەکردنی لەگەڵ مێردەکەی بەبێ بوونی پاساوی ڕەوا، بەندکردنی لەسەر تاوان یان قەرز.

شوێنەوارەکانی نشوز، دوای ئەوەی پیاو دوای (گوێڕایەڵی) بەرز دەکاتەوە، ئەگەر ئافرەتەکە گوێڕایەڵ نەبوو و نەگەڕایەوە بۆ ماڵی پیاوەکەی بە بێ هۆکاری پەسەند، ئەوە دادگا بڕیار دەدات بەوەی کە ئافرەتەکە لاسارە و پیاوەکەش دەتوانێت بیکات بە هۆکارێك بۆ جیا بوونەوە، لەم کاتەدا مافەکانی ئافرەتەکە بەم شێوەیە دەبێت: بێبەش دەبێت لە نەفەقە (بژێوی)، لە دوای گواستنەوە مارەی پاشەکیی ناکەوێت، ئەگەر مارەیی پاشەکی و پێشەکییشی وەرگرتبێت دەبێت نیوەی بگەڕێنێتەوە، ئەگەر پێش گواستنەوە حوکمی نشوزی بۆ دەرچوو، هیچ کام لە مارەیی پێشەکی و پاشەکییشی ناکەوێت. جیابوونەوە بەم هۆکارە ناتوانن دوبارە بۆ لای یەك بگەڕێنەوە تەنیا بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

گرنگە کاری زیاتر بکەیت و هەنگاوی نوێ بنێیت لەپێناو ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت، پێویستت بە چوونە دەرەوە هەیە لەگەڵ هاوڕێیانت بەمەبەستی ئارامکردنەوەی دەروونت، بۆ ئەوەی هەمیشە خاوەنی جەستەیەکی چالاك بیت وەرزش بکە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەمیشە هەوڵ بدە لەگەڵ هاوپیشەکانت یەکگرتوو بیت، بۆ ئەوەی پێکەوە بە هاوبەشی ئەنجامێکی باشترتان هەبێت، بەدوای خۆشەویستیدا مەگەڕێ لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە تەنیا کاتت بەفیڕۆ دەدەیت، ئاگاداری ژەمە خۆراکییەکانت بەو هێندە خواردنی دەرەوە مەخۆ.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەڵەکانتەوە متمانەی بەرپرسانت لەدەست مەدە، پێویستە کاتێکی زیاتر تەرخان بکەیت بۆ خۆشەویستەکەت دەنا کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر پەیوەندیەکەتان، لەپێناو تەندروستی گەدەت خۆت بەدوور بگرە لە خواردنی تیژ.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پێداچوونەوە بۆ لایەنی داراییت بکە، چونکە ئێستا باری ئابووری باش نییە، دەتوانیت کۆتایی بە ناکۆکییەکان بهێنیت و بەردەوام بیت و پەیوەندیی سۆزداریت جێگیر بکەیتەوە، لەپێناو پاراستنی کێشت بە شێوەیەکی تەندروست سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هێندە داواکاری هاوپیشەکانت جێبەجێ مەکە، چونکە دەیانەوێت ئەرکەکانت زیاد بکەن تا ماندوو دەبیت، خۆت بەدوور بگرە لەهەر کەسێك کە دەیەوێت پەیوەندیی سۆزداریت تێك بدات، پێویستە کاتێك بۆ خۆت تەرخان بکەیت و لەگەڵ خۆتدا بدوێیت لەپێناو ڕێککردنەوەی ژیانت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەگەڵ هاوپیشەکانت ئاسوودە دەبیت و پێکەوە کاری باش دەکەن و هەنگاوی نوێ دەنێن، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکەت زۆر گونجاویت، بەڵام بەردەوام هەست بە بۆشایی سۆزداری دەکەیت، لە ئێستادا بەهۆی وەرزشەوە تەندروستیت باشە.

بۆ زانیاریت


## ڕۆیشتن لە کاتی خەو




توێژینەوەیەکی نوێ لێکۆڵینەوە لە چالاکی مێشکی ئەو کەسانە دەکات کە تووشی نەخۆشی (parasomnia) دەبن، واتا ئەو حاڵەتەی کە خەڵك لە نێوان خەو و بەئاگابووندا دەمێننەوە، زۆرجار کاردانەوەی لە هەڵسوکەوتە ئاڵۆزەکانی وەك پیاسەکردن یان قسەکردن بەدەم خەوەوە هەیە. تیمەکە تاقیکردنەوەیان بۆ دۆزینەوە و شیکردنەوەی ئاماژەکانی مێشك لە ماوەی ئەم ڕووداوانەی (قسەکردن و هەڵسوکەوتە نائاساییەکان لەکاتی خەوتن)دا ئەنجام دا، ئەوەشیان ئاشکرا کرد کە هەردوو ئەزموونی خەون و کرداری بێئاگایی خودکارانە لە کاتی خەوتندا non-REM sleep ڕوو دەدات. بە بەکارهێنانی تەکنیکە پێشکەوتووەکانی چاودێریکردن لە شوێنی تاقیگەدا و لە ڕێگەی هۆکارەکانی بیستنەوە، جیاوازیی بەرچاویان لە چالاکیی مێشکدا تۆمار کرد لەسەر بنەمای سرووشتی زنجیرە (جا بابەتەکە خەونبینین بوو بێت یان لە دۆخێکی وەك هیپنۆتیزم و بێهۆش)ی بێت، ئەم لێکۆڵینەوە پێشەنگە تیشك دەخاتە سەر جووڵە دەمارییەکانی حاڵەتی parasomnias کە دەتوانێت ئامانجی چارەسەری کاریگەرتری هەبێت بۆ ئەم هەڵسوکەوتە تێکدەرانەی خەو.

فیلم

## ئەوە منم - This Is Me.. Now





فیلمێکی ڕۆمانسی و خۆشەویستییە، باس لە ژیانی کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژ (جینیفەر لۆپێز) دەکات، لە سەرەتای دەرکەوتنی لە بواری گۆرانیگوتن و نواندنیدا، تووشی چەندین کێشە و ناخۆشی و هەروەها ئەو پەیوەندییە خۆشەویستیانە دەبێتەوە کە لە ژیانی هونەریدا ڕوویانداون، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و پێنج خولەکە، لە دەرهێنانی دەیڤ مایەرس، لە بەرهەمهێنانی ئەمازۆن پرایم ڤیدیۆ و، لە نواندنی: جینیفەر لۆپێز، بێن ئەفلیك، کام پاتریس، سادگارۆ، پۆست مالۆن، جەین فۆندا.



### پەند و وتە

زانستخواز و فەیلەسووفی فەرەنسی (رینیە دیکارت) لە ساڵی ١٥٩٦ لە شاری دیسکارتس لە فەرەنسا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٦٥٠ لە سوید کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئەقڵ دەڵێت: «هێندە بەس نییە کە ئەقڵێکی تەواو و درووستت هەبێت، بەڵکو ئەوە گرنگە چۆن بتوانیت ئەو ئەقڵە بە ڕێکی بەکار بهێنیت».



### یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین هەڵە هەن، هەوڵ دە ژیرانە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بیاندۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕووی پیشەییەوە بەکارهێنانی توانایەکی زیاتر و ماندووبوون یارمەتیدەرە لە جێبەجێکردنی تەواوی ئامانجەکانتدا، بەهۆی بەردەوام بایەخ پێنەدانتەوە خۆشەویستەکەت لێت دوور بکەوێتەوە، هێندە خێرا نان مەخۆ، زیان بە کرداری هەرس دەگەیەنیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت ئەمڕۆ باشتر دەبێت، بێگومان باشترین بنەمای کارکردنیش هاوپیشەکانتە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ناکۆکییەکانتان بێت، دوورکەوتنەوە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ماوەیەکی کاتی، بەشداریکردن لە چالاکی و جووڵەی سوودبەخش گرنگە بۆ تەندروستیی دەروونت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پلان دابنێ بۆ کارەکانت و گرنگی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانت بدە، چونکە دواخستنی لە بەرژەوەندیت نییە، هێندە پشت بە هاوڕێکانت مەبەست، چونکە هەندێکیان دەیانەوێت زیانت پێ بگەیەنن، ڕاهێنانی وەرزشی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەنجام بدە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


بەهۆی فەرامۆشکردنی خۆتەوە کارەکانت کەڵەکە بوون، خۆشەویستەکەت هاوبەشیت دەکات لە هەموو بیرکردنەوەکاندا و ئەمەش یارمەتیدەرە و دڵخۆشت دەکات، خۆت بەدوور بگرە لەو خواردنانەی ناتەندروستن، بەتایبەت لە دەرەوەی ماڵەکەت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەراوردی کارەکانت دەکەیت بە ئەنجامەکانی پێشووت و هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە ئاسوودەیت و هەست بە جێگیربوونی ژیانت دەکەیت، هەوڵ بدە کەمێك لە دڵەڕاوکێ و خەمباری دوور بکەوەرەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ تەواوی تواناکانت بەکار دەهێنیت و دەگەیتە پلەیەکی بەرزتر لە کارەکەتدا و دەرگای نوێ بە ڕووتدا دەکرێتەوە، گرنگیدانی زیاتر بە خۆشەویستەکەت ئاسوودەت دەکات و ژیانێکی باشتر دروست دەکەیت لە ڕووی سۆزدارییەوە، پێویستە بایەخ بە ڕاهێنانی وەرزشی بدەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Infiniti GPS

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking



The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars

Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس



بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار

Contact with us :

07502749592 - 07502749591

www.infinitigps.com

info@infinitigps.com

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
May 27, 2024 Issue,No.1415

